حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئاداب

# پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

ڕێبوار ئەحمەد نەبی

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ـ کۆلیژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩٦– ١٩٩٧

پێشکەشی ئەنجوومەنی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆرانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی خوێندنی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

بەسەرپەرشتیی

**پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

٢٠١٥ زایینی ٢٧١٥ کوردی ١٤٣٦ کۆچی

# پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن

# لە زمانی کوردیدا

نامەیەکە

ڕێبوار ئەحمەد نەبی

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی ـ کۆلیژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩٦- ١٩٩٧

پێشکەشی ئەنجوومەنی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆرانی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی خوێندنی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

بەسەرپەرشتیی

**پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

٢٠١٥ زایینی    ٢٧١٥ کوردی    ١٤٣٦ کۆچی

## ڕاسپاردەی سەرپەرشت

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی"پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا"یە، قوتابی "ڕێبوار ئەحمەد نەبی" بە سەرپەرشتی من لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سۆران-سۆران ئامادەی کردووە، وەک بەشێک لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشتیار
پ.ی.د.کاروان عومەر قادر
/ / ٢٠١٥

بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشتیار، ئەم نامەیە، پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

د.سیروان جەبار ئەمین
سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا
لە بەشی زمانی کوردی
/ / ٢٠١٥

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکرد، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا تاوتوێمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تریی‌ەوە کرد و بڕیارماندا؛ کە شایانی ئەوەیە؛ بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (زمانی کوردی)دا، بە پلەی (            ) پێ بدرێت.

ناو:پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:  /  /٢٠١٥

ناو:پ.ی.د شاخەوان جەلال فەرەج
ئەندام
ڕێکەوت:  /  /٢٠١٥

ناو:د.ڕەحیم قادر سورخی
ئەندام
ڕێکەوت:  /  /٢٠١٥

ناو:پ.ی.د. کاروان عومەر قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت:  /  /٢٠١٥

ئەم نامەیە، لە لایەن ئەنجوومەنی فاکەڵتیی ئادابەوە پەسەندکرا.

پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
ڕاگری فاکەڵتی
/  /  ٢٠١٥

## پێشکەشە

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

- **گیانی پاکی باوکم، نزا پڕ لە ئەوینەکانی دایکم.**
- **خوشک و برا ئازیزەکانم.**
- **هاوسەری ژینم "خالیدەخان".**
- **ڕووناکیی چاوەکانم:**

**"هێڤی" ، "هیوا" ، "هۆشمەند" ، "ئارام" .**


ڕێبوار

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ:

- وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران و یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆریی سۆران، کە بە لاری نەبوونیان ڕێگای خوێندنیان پێدام.
- سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران و ڕاگرایەتیی فاکەڵتیی ئاداب و بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی ماستەریان بۆ ڕەخساندم.
- بەڕێز(پ.ی.د.کاروان عومەر قادر)، کە سەرپەرشتیکردنی نامەکەی لە ئەستۆگرت و بەردەوام و بە هەموو جۆرێک لە سەرخستنی لێکۆڵینەوەدا، نموونەی بەرزی هاوکاریکردنم بووە.
- هەموو هاوڕێ و مامۆستا بەڕێزەکانم.
- هەموو ئەوانەی هاوکارم بوون، ئەگەر بە وشەیەکیش بێت.

# لیستی هێماکان

| لێکدانەوە | هێما |
|---|---|
| وردکردنەوەی دەربڕاوی پێشتر | ‘ ’ |
| دەقی وەرگیراو | “ ” |
| چەمک، زاراوە، دەستەواژە | " " |
| یەکەی چەمکی یان واتایی | 〔 〕 |
| بەهای نیشانەی واتایی | 〔±〕 |
| واژەی مەبەست | [ ] |
| وشە/مۆرفیم | (/ /) |
| دەبێت بە | ← |
| دەگەڕێتەوە بۆ |  |
| وردبوونەوە | < |
| دەگرێتەوە | > |
| ئاراستەی جولە |  |
| دەربڕینی نا سیمانتیکییانە | ❊ |

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
|---|---|
| ئـ | |
| ئاوەز | Mind |
| ئاوەزی | Mental |
| ئەزموونکردنی | Experiential |
| ب | |
| بابەتگەرا | Objectivist |
| باری یەکسان | Equal Status |
| بە پرۆسەکردنی زانیاری | Information Processing |
| بەجەستەکردن | Embodiment |
| بەچەمککردن | Conceptualization |
| بەراییە واتاییەکان | Semantic Primes |
| بەرهەمهێنەر | Generator |
| بەپۆلکردن | Categorization |
| بە نموونەییکردنی ئاوەزیانە | Idealization |
| بەهێما کردن | Symbolization |
| پ | |
| پلەبەپلە | Scalar |
| پنت | Bit |
| پۆلی گشتی | Universe Set |
| پۆلی هێز | Power Set |
| پێش زەمینە | Foreground |
| پێشەنگە واتاییەکان | Semantic Primitives |
| پێکەڵبوون | Matching |
| پەیپێبردن | Perspective |
| پەیکاڵبوون | Corresponding |
| پەیوەستەیی هەمەکییانە | Generalization Commitment |
| ت | |
| توانای واتاسازی | Semantic Potential |

| | |
|---|---|
| Linguistic Competence | توانستی زمانەوانی |
| Innate Competence | توانستی زگماک |
| Lexical Items | توخمە فەرهەنگییەکان/وشە |
| Focus | تیشکۆ |
| Blending | تێکەڵکردن |
| چ | |
| Lexical Concepts | چەمکە فەرهەنگییەکان |
| Frames | چوارچێوەکان |
| خ | |
| Reference point | خاڵی ژێدەر |
| Subjective | خۆیەتی |
| د | |
| Language Faculty | دامەزراوەی زمانی |
| Cognition | درککردن |
| Utterance | دەربڕاو |
| Salient | دەرکەوتوو |
| Specificity | دیاریکردن |
| Dynamism | دینامیکییەت |
| ڕ | |
| Convention | ڕێککەوتن |
| ز | |
| Encyclopedic | زانیارستانی |
| Prominence | زەقبوونەوە |
| Ground | زەمینە |
| س | |
| Experientialist | سەربوردەی ئەزموونکار |
| ش | |
| Superordinate | شانوێن |
| Prototype | شاوەچە |
| ف | |
| Spaces | فەزا |

| | |
|---|---|
| ک | |
| Category | کاتیگۆری |
| Exactly | کتومت |
| Knowledge | کۆزانین |
| Repository | کۆگا |
| ل | |
| Fuzziness | لێڵی |
| Family Resemblance | لێکچوونی خێزانی |
| م | |
| Truth–Conditional | مەرجی دروستی |
| Domain | مەودا |
| Metonymy | میتۆنیم |
| ن | |
| An autonomous | نا خۆبەڕێوەبەری |
| Introspection | ناوبینی |
| Standard Commitment | نموونەی پێوانەیی |
| DIEXES | نیشانە پراماگتیکییەکان |
| هـ | |
| Equal Status | هاوپێگە |
| Taxonomic | هاوپۆلکردن |
| Intuition | هزربینی |
| Ontological | هەبوونناسی |
| و | |
| Specificity | وردی |
| Subsystem | وەچەپێڕەو |
| Micro Subsense | وەچەسیمای گچکە |
| Mental Image | وێنای ئاوەزی |
| ی | |
| Long–Term Memory | یادگەی درێژخایەن |
| Module | یەکەی پێوانە |
| Semantic Unit | یەکەی واتایی |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١- ٥ | **٠)پێشەکی** |
| ١ | ١/٠)ناونیشانی لێکۆڵینەوە |
| ١ | ٢/٠) پرسیار و گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٣/٠)ڕێبازی لێکۆڵینەوە |
| ٢ | ٤/٠)سنوور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣ | ٥/٠)گرنگیی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤ | ٦/٠)گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٤ | ٧/٠)ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە |
| ٦- ٦٢ | **١)درکپێکردن و زانستی زمانی درکپێکردن (بنەما و تێڕوانین)** |
| ٦ | ١/١) ڕێبازی زانستی درکپێکردن |
| ٦ | ١-١/١) چییەتی زانستی درکپێکردن |
| ٧ | ٢-١/١) تێڕوانینی زانستی درکپێکردن |
| ٩ | ٣-١/١)ڕیشە و گەشەکردنی زانستی درکپێکردن |
| ١٠ | ٢/١) زانستی زمانی درکپێکردن |
| ١٠ | ١-٢/١) چییەتی و سەرهەڵدان |
| ١١ | ٢-٢/١)هۆکار و ڕەهەندەکانی سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن |
| ١٧ | ٣-٢/١) گریمانە و بۆچوونی تیۆرییانە |
| ٢١ | ٤-٢/١)چەمکە کلیلییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن |
| ٢٤ | ٥-٢/١) سیماکانی زانستی زمانی درکپێکردن |
| ٢٨ | ٦-٢/١)  بوارەکانی توێژینەوەی زانستی زمانی درکپێکردن |
| ٢٩ | ٣/١) سیمانتیکی درکپێکردن |
| ٢٩ | ١-٣/١)سەرەتاو بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن |
| ٢٩ | ٢-٣/١)گریمانە وبنەماتیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن |
| ٣٣ | ٣-٣/١) تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن و پێکەڵبوونیان |
| ٤١ | ٤/١)بەجەستەکردنی چەمک و بەهێماکردنی بەدیکراوەکان |
| ٤١ | ١-٤/١)بەجەستەکردنی وێنا ئاوەزییەکان  لە زماندا |
| ٤٢ | ٢-٤/١) پێڕەوی نیشانەکان |
| ٤٤ | ٣-٤/١) بنەماکانی جیاوازیی بەکۆدکردن و بەچەمککردنەوەی کۆدەکان |
| ٤٧ | ٤-٤/١)هێما فەرهەنگی و زمانییەکان |
| ٤٨ | ٥-٤/١)سیماکانی بەجەستەکردن |

| | |
|---|---|
| ٥/١)پەیپێبردنی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا | ٥٠ |
| ٥/١-١)هەڵێنجان لە ڕامان و لێکدانەوە | ٥٠ |
| ٥/١-٢)ڕیزبەندیی کردەکانی لێکدانەوە لە ڕاماندا | ٥٣ |
| ٥/١-٣)بنەمای سەرەکی لە کردەکانی هەڵێنجاندا | ٥٨ |
| ٦/١) ڕێکخستنەوەی واتا لە چێوەی کەلتووردا | ٥٩ |
| ١/٦/١)تایبەتمەندیی زمانەکان لەچێوەی جیاییی کەلتوورەکاندا | ٥٩ |
| ٦/١-٢)واتای یەکەم وەکو بناغەی بەراوردکردنی کەلتوورەکان | ٦٠ |
| **٢) پەیپێبردن وەک بنەمای بەنموونەبوونی وەچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا** | **١١١-٦٣** |
| ١/٢) پۆلێنکردن و نموونەی پۆل بەر لە زانستی زمانی درکپێکردن | ٦٣ |
| ١/٢-١)تیۆری پێشین | ٦٤ |
| ١/٢-١-١)پێکهاتەی پۆلەکان | ٦٤ |
| ١/٢-١-٢)سیماکانی پۆلێنکردن لە ڕێبازی دێریندا | ٦٥ |
| ١/٢-١-٣)گرفتەکانی ڕێبازی پێشین | ٦٦ |
| ١/٢-٢)تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی | ٧٠ |
| ١/٢-٢-١)ڕەهەندەکانی تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی | ٧٠ |
| ١/٢-٢-٢)بنەماکانی پۆلێنکردن | ٧١ |
| ١/٢-٢-٣)پێڕەوی پۆلێنکردن | ٧٢ |
| ١/٢-٢-٤)سیماکانی پۆل لە تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزیدا | ٧٣ |
| ١/٢-٢-٥)گرفتەکانی پۆلێنکردن لە تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی | ٧٤ |
| ٢/٢)پۆلێنکردن و بە نموونەبوون لە سیمانتیکی درکپێکردن | ٧٥ |
| ٢/٢-١) بنەماکان پۆلێنکردن و پەیپێبردنی شاوەچە | ٧٥ |
| ٢/٢-٢) تاقیکردنەوەی کارەکییانە | ٧٧ |
| ٢/٢-٣) تایبەتمەندییەکان لە پۆلە کاتیگۆرییەکانی زماندا | ٨٢ |
| ٢/٢-٤) تایبەتمەندییە کەلتورییەکان لە دارشتەی چەمکە ڕێزمانییەکاندا | ٨٣ |
| ٢/٢-٥) شاوەچەبوون لەپۆلەکاتیگۆرییە زمانییەکاندا | ٨٥ |
| ٢/٢-٦) مۆدێلەکانی بەدیکردنی وەچەنموونە | ٨٨ |
| ٣/٢) لێکۆڵینەوەی کارەکیانەی شاوەچە لە زمانی کوردیدا | ١٠١ |
| ٣/٢-١)دەرکەوتنی دینامیکییانەی چەمکی [ەکە] | ١٠١ |
| ٣/٢-١-١)سەرنجدانی[ەکە] لەبەکارهێناندا | ١٠١ |
| ٣/٢-١-٢)پۆلەکاتیگۆریی چەمکەکانی خودی مۆرفیمەکە | ١٠٢ |
| ٣/٢-١-٣)بنەمای پەیپێبردن لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا | ١٠٤ |
| ٣/٢-٢) [خانە] یەکەی فرەواتای فرەڕەهەند و شاوەچە | ١٠٨ |
| ٣/٢-٢-١)[خانە] لە وشەنامە و سەرچاوەکاندا | ١٠٨ |

| | |
|---|---|
| ٢-٢-٣/٢)چەمكى ئاوەزى و تاقيكردنەوەى كارەكييانە | ١٠٩ |
| ٣)دركپێكردنى كارەكييانەى شاوەچە لە فێركردنى زمانيدا | ١١٢-١٤٥ |
| ٣/١) سيمانتيكى دركپێكردن و ڕێكخستنى وەچەكان لە فێركردنى زماندا | ١١٢ |
| ٣/٢) دركپێكردنى شاوەچەى لە پرۆگرامى فێركردنى زمانى كورديدا | ١١٢ |
| ١-٢/٣)سەرنجێكى گشتى هەمبەر خستنەڕووى پرۆگرامەكانى بەردەست | ١١٣ |
| ٢-٢/٣)جێگرەوەى زانستى زمانى دركپێكردن | ١١٣ |
| ١-٣/٣) بابەت و ژينگەى جێبەجێكردن | ١١٣ |
| ٢-٣/٣) چەمكى دياريكردن و ناديارىكراوى | ١١٥ |
| ١-٢-٣/٣) وانەكە لە پرۆگرامى بەردەست و دركپێكردنى قوتابييان | ١١٥ |
| ٢-٢-٣/٣) وانەى دركپێكردنانە و دركپێكردنى قوتابييان | ١١٨ |
| ٣-٢-٣/٣)بەراوردكردنى دركپێكردنى قوتابييان لە نێوان هەردووك فۆرمدا | ١٢٦ |
| ٣-٣/٣) يەكەى فەرهەنگى و فرەواتايى | ١٣٢ |
| ١-٣-٣/٣) [خانە] لە پرۆگرامى بەردەست و دركپێكردنى قوتابييان | ١٣٢ |
| ٢-٣-٣/٣) وانەى دركپێكردنانە و دركپێكردنى قوتابيان | ١٣٣ |
| ٣-٣-٣/٣)بەراوردكردنى دركپێكردنى قوتابيان لە نێوان هەردوو فۆرمدا | ١٤١ |
| ئەنجامەكان | ١٤٧ |
| پێشنياز | ١٤٨ |
| سەرچاوەكان | ١٤٩ |
| پاشكۆكان | ١٦٣ |
| ملخص | ا |
| Abstract | A |

## پێڕستی نەخشە و هێلکارییەکان


| ز | ناونیشانی نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **بەشی یەکەم** | |
| ١ | جیاکردنەوەی بوارەکان لە زانستی زمانی درکپێکردن | ٢٨ |
| ٢ | پرۆسەی دەربڕین و گوزارشتکردنی وێنە ئاوەزییەکان | ٣١ |
| ٣ | پەیوەندیی نێوان، واتا و فۆرم لە هێماکاندا | ٤٢ |
| ٤ | پرۆسەی بەکۆدکردنی بەدیکراوەکان لە زماندا | ٤٦ |
| ٥ | شێوە جۆراوجۆرەکانی بەدیکردنی درەخت | ٤٧ |
| ٦ | خستنەڕووی دەربڕینی بیری مرۆڤ | ٥٠ |
| | **بەشی دووەم** | |
| ١ | ڕێزبوونی وەچەکانی پۆلی باڵندە بەپێی ڕێژەی هەڵگرتنی سیماکانی پۆل | ٧٦ |
| ٢ | بەناویەکداچوونی پۆلەکان وتێکەڵبوونی وەچەکان | ٧٧ |
| ٣ | نواندنی چەمکی گشتی | ٩٧ |
| ٤ | نواندنی چەمکی سەر لە مێزدا | ٩٧ |
| ٥ | نواندنی چەمکی سەر لە دیواردا | ٩٧ |
| ٦ | نواندنی چەمکی سەر لە تێپەڕین بەپردا | ٩٧ |
| ٧ | چەمکی سەر لە چوونەسەرشەقامدا | ٩٨ |
| ٨ | نواندنی چەمکی چوونە سەر دار | ٩٨ |
| ٩ | نواندنی چەمکی هەڵچوون بەسەرداردا | ٩٨ |
| ١٠ | نواندنی چەمکی چوونەخوار بەسەر لە پلیکانەدا | ٩٨ |
| ١١ | نواندنی چەمکی سەر لە دیواردا | ٩٩ |
| ١٢ | نواندنی چەمکی سەر لە فڕینی فڕۆکەدا | ٩٩ |
| | **بەشی سێیەم** | |
| ١ | پۆلکردنی ناوی گشتی | ١٢٥ |
| ٢ | پۆلکردنی چەمکەکانی مۆرفیمی(/ەکە/) | ١٢٧ |
| ٣ | پۆلکردنی واژە بەپێی واتا | ١٣٨ |
| ٤ | فرەیی و یەکگرتنەوەی چەمکی (خانە) | ١٤٢ |


## پێڕستی خشتەکان


| ز | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **بەشی یەکەم** | |
| | **بەشی دووەم** | |
| ١ | جیاوازیی دەرکەوتنی سیماکانی باڵندە | ٧١ |
| ٢ | وێناکردنی کاتیگۆریی کووپ | ٨٢+٨٣ |
| ٣ | ژمارەی گشتی و ژمارەی وەڵامدراوەکانی پرسیارنامەی ژمارە(١) | ٨٢ |
| ٤ | هێمای پۆلەکاتیگۆری کووپ | ٨٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٤ | وێناکردنی کاتیگۆریی سەوزە | ٥ |
| ٩٠ | جیاکردنەوەی هیرارشییانەی ئاستەکانی دەربڕین | ٦ |
| ١٠٨ | خستنەڕووی بنەماکانی چەمکی دیاریکردن لە سەرچاوەکاندا | ٧ |
| ١١٠ | خستنەڕووی چەمکەکانی مۆرفیمی(/ەکە/) لە سەرچاوەکاندا | ٨ |
| | **بەشی سێیەم** | |
| ١٢٠ | وەڵامی قوتابییان بۆ پرسیارەکان | ١ |
| ١٢٩ | وەڵامی دووەمی قوتابییانی پۆلی نۆیەم بۆ پرسیارەکانی فۆرمی(٢/ب) | ٢ |
| ١٣٦ | وەڵامی قوتابییان بۆ پرسیارەکانی فۆرمی(٣/ا) | ٣ |
| ١٣٩ | خانەی ژمارەکان | ٤ |
| ١٤٥ | وەڵامی قوتابییان بۆ پرسیارەکانی فۆرمی (٣/ب) | ٥ |


## پێڕستی وێنەکان


| لاپەڕە | وێنە | ز |
|---|---|---|
| | **بەشی یەکەم** | |
| ٤٥ | نیشانەی وێنەیی | ١ |
| ٤٥ | نیشانەی ئاماژەیی | ٢ |
| | **بەشی دووەم** | |
| ٨٢ | پۆلەڕەگەزی کوپ | ١ |
| ٩٩ | سەری مرۆڤ | ٢ |
| | **بەشی سێیەم** | |
| ١٢٥ | [ەکە]وەکو چەمکی دیاریکراوی | ١ |
| ١٢٥ | [ەکە]وەک چەمکی خۆشەویستی | ٢ |
| ١٢٦ | [ەکە] وەک چەمکی بچووککردنەوە | ٣ |
| ١٢٦ | [ەکە] وەک چەمکی بانگکردن | ٤ |
| ١٣٧ | خانەیەکی کۆن | ٥ |
| ١٣٩ | خانەیەکی زیندەوەران | ٦ |
| ١٤٠ | کتێبخانەیەک | ٧ |
| ١٤٠ | قاوەخانەی مەچکۆ لە شاری هەولێر | ٨ |

## ١)درکپێکردن و زانستی زمانی درکپێکردن (بنەما و تێڕوانین)

زانستی زمانی درکپێکردن[١]، وەک قوتابخانەیەکی بواری لێکۆڵینەوە و هزری زمان، لقێکی جیانەکراوە و دانەبڕاوی قوتابخانە و ڕێبازی زانستی درکپێکردنە، بنەما تیۆری و تاقیکراوەکانی زانستی درکپێکردن تێیدا دەبن بە چوارچێوە و ژێدەر بۆ تێڕوانین و لێکۆڵینەوەی زمان، بەمەش قوتابخانە زمانییەکە چێوە و گریمانەی تاقیکراوەی جیاواز بەدەست دێنێت و هەر ئەمەش دەبێت بە ژێدەری پرۆسەی بەشاوەچەبوونی کاتیگۆرییەکان، کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

## ١/١) ڕێبازی زانستی درکپێکردن:

درکپێکردن وەک ڕێبازێکی خاوەن سەرچاوە و پرانسیپی جیاواز، لە بواری فراوانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پسپۆرییە جیاوازەکان خاوەن چوارچێوە و ڕەهەند و سەرچاوەی سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردنە.

### ١-١/١)چییەتیی زانستی درکپێکردن:

زانستی درکپێکردن بریتییە لە ڕێبازێکی فرەڕەهەند و بەیەکەوەکارکردن، کە پسپۆرییە جۆراوجۆرەکان وەک؛ دەروونزانی، زیرەکیی دەستکرد، فەلسەفە، دەمارناسی، مرۆڤناسی، زانستی زمان و پسپۆرییەکان کارلە یەکتری دەکەن و پرۆسەکان پەیوەست بە ئاوەز و کردەکانی ئاوەزدا بەڕێوە دەچن. لە ڕامانی ئەم ڕێبازەدا چۆنیەتیی هاتنەئارای تێگەیشتنی مرۆڤ دەبێت بە خاڵی ناوەندیی گرنگیپێدان، بەمەش لێکۆڵینەوەی سووسەکردن و ئاکارناسی دێنەناوەوە و جەخت لەسەر چۆنیەتیی نواندنی زانیارییەکان و چارەسەرکردنیان و گواستنەوەیان لە پێکهاتەی گشتی وەک:(هەستکردن، تێگەیشتن، یادەوەری، دەربڕین، لۆژیک) و گواستنەوەیان بۆ دامەزراوەی دەماری و ئامێری(کۆمپیوتەرئاسا)دەکرێتەوە.

زانستی درکپێکردن دەشێت بە زانستی ئاوەز دابنرێت، پێی وایە مێشکی مرۆڤ لەبۆتەی سیستەمێکی ئاڵۆز دەبێت بە کۆگایەک بۆ هەڵگرتن و ڕێکخستن و دانەوەی

---

[١] لەم توێژینەوەیەدا، وشەی درکپێکردن، بەرانبەر"Cognitive"ی ئینگلیزی بەکار هاتووە. ڕیشەی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٨٠ز، لە ڕەگی کاری "cognoscere" ی گریکی هاتووە، کە پێکهاتووە لە (co+–gnoscere :گەیشتن+–بە زانین) و پەیوەستبوون بە تێگەیشتن"Cognition" ی گەیاندووە(Collins E. Dictionary,2010:1).

زانیارییەکان و ئەمەش بە پرۆسەکانی بەزانیاری بوون دادەنرێت و لە جێبەجێکردنی زانستەکاندا، جەخت لەسەر بواری فێربوون و فێرکردن دەکرێتەوە(Neil A.,1998:1-12).

## ٢-١/١) تێڕوانینی زانستی درکپێکردن:

لە تێڕوانینی ڕێبازی زانستی درکپێکردنەوە، تێگەیشتن ئامانج و واتای فراوانتر وەردەگرێت، کە لەمیانەیەوە بنەما و تایبەتمەندییەکانی درکپێکردن دیاری دەکرێن، ژینگە و ئەزموون و توانا کەسییەکان و ڕابردوو دەبن بە بنەما لە درکپێکردنی نوێ و هەموو ئەزموونەکان لە ئاوەزمەندیدا دەبن بە بنەما و پسپۆرییەکان تەواوکەری یەکتری دەبن، (Anshakov&Gergely,2010:1-3). بەجەستەکردنی چەمکەکان وەک ڕەنگدەرەوە و نمایش و وێنەی ئاوەز سەیر دەکرێن(Jerry.A.Fodor,1998:1).

چەمکی بنەڕەتیی ڕێبازی زانستی درکپێکردن ئەوەیە؛ باشترین بیرکردنەوە لە ئەنجامی دروستەی چەمکی و بەهۆی چالاکییەکانی ئاوەز دێتەئارا. بەمەش توێژینەوەکان ئاستی جیاواز لەخۆدەگرن و لە شیکار وشرۆڤەکردن و فێربوون و ڕامان وەکو ئاستی خوارەوە، بەرەو لۆژیک و پلان لەئاستی سەرەوە، لە بازنەی هەستە دەمارییەکانەوە بەرەو ڕێکخستنی یەکەکان لە ئاوەزدا دەگۆڕێن(Neil,A.,1998:1-12). ئەمەش لەئەنجامی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگە و بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ و هەڵهێنجانی ڕێسا و تێڕامانی باشتر بۆ ژینگە و نموونەکانەوە، لە سەرنجەوە دەگۆڕێت بۆ زانیاری و بەرهەمهێنانەوەی توانستەکان و توانای چالاکی و ئەنجامدانی پرۆسەکانیش گەشەدەکات (Anshakov&Gergely,2010:1,2).

بۆچوونی سەرەکی لە زانستەکانی درکپێکردندا ئەوەیە؛"تێگەیشتنی تەواوی ئاوەز، ناتوانرێت تەنها لە چوارچێوە و ئاستێکی پسپۆریدا، بە دابڕاوی لە کۆ پێکهاتەی ڕامانی مرۆڤ بێتەئارا"(Miller,2003:142). وەک دەتوانرێت لە ناسینەوەی ژمارەی تەلەفۆنی پەیوەندیکەرەوە بەدی بکرێت؛ هەندێکجار پەیوەندیکار ڕاستەوخۆ دەناسرێنەوە، هەندێک جاریش پاش ماوەیەک. هەندێکجار دوای تێبینیکردن و گەڕانەوە و هێنان و بردنی بێشوماری ژمارەکانی پەیوەندیکەران و هێنانەبەرچاویان و بە پشتبەستن بە بەدیکراوەکان و ئەزموونە جۆراوجۆرەکانەوە ڕەنگە بناسرێنەوە. وردی ناسینەوەکان پلەی جیاواز و ئاستی جۆراوجۆر وەردەگرن و هەندێکیان پێش هەندێکیان و هەندێکیان درەنگ دەکەون. گەر بەئامێری تایبەت سەیری دەمارەخانەکانی مێشک بکرێت، دەبینرێت هەر تەلە دەمارێک جۆرێکی جیاوازی تیشک پەیوەست بە کایەی جیاواز لە ئەزموون و ڕامانەکانی بەچەمککار ئاراستەدەکات و دەگۆڕێت بۆ ڕەوشتێکی تێبینیکراو و ئەم چەشنە

جیاواز و جۆراوجۆرانەی تیشکی ئاراستەکراوی تەلەدەمارەکانیش لەشێوەی تۆڕێکدا بەیەکەوە بەستراون و هەردوو ئاستی (ڕامان و تیشک هاویشتن) و (بەچەمککردن و بەزانیاریکردنەکان) بەیەکترییەوە پەیوەست دەبن.

ڕامان و توێژینەوە لەهەمان کەرەستە و دیاردەدا، دەشێ ئاست و شێواز و جیاوازی لە تێگەیشتن بێنێتەئارا. بۆیەش بەجەستەکردنەکانی ئاوەز و گوزارشتەکانمان پێمان دەڵێن ؛"پێویستە ئاسۆکانی زانستی نوێ لەبواری ئاوەزدا فراوان بکرێن، تاکو هەموو تاقیکرنەوەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرن(Thompson,E.,&..,1991).

لەم کارلێککردنەدا پسپۆرییە جیاوازەکان لە شێوەی هاوکێشە ژمارەیی و لۆگاریتمییەکان'هاوکێشە پێچەوانەکانی هاوکێشە توانییەکان' کارلەیەکتری دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن، دەبن بە تێکردە و دەرکردە بۆ یەکتر و ئەزموونەکان و درکپێکردنی مرۆڤ لەمیانەی دوو کایەی پەیوەست بەیەکتری و جیانەکراوە و بەئاستی جیاواز ڕەوشتی جیاواز دێننەئارا(Anshakov&Gergely,2010:4).

لەم میانەیەدا مار(Marr,D.1982:24-26)، درکپێکردنی مرۆڤ لە شێوەی سێ قۆناغی بەدوای یەکترداهاتوو دەخاتەڕوو:

١-تیۆری ژمارەیی [١] و دیاریکردنی ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن.
٢-نواندن و هاوکێشە لۆگاریتمییەکان و پێدانی نوێنەرایەتی بە تێکردە و دەرکردەکان[٢] و هاوکێشە لۆگاریتمییەکان و ئالوگۆڕیان .
٣-جێبەجێ کردن(خستنەکار و بەیەکەوە کارکردن)ی ئامێریانە 'چۆن هاوکێشە لۆگاریتمیەکان و نوێنەرەکان فیزیکییانە دێنە ئارا'.

ژمارە بنەڕەتییەکان بریتین لە (٠،...،٩)، بەڵام بێشومار ژمارە لە ئەنجامی چەندێتی و جۆری ڕیزکردن و کردە بیرکارییەکان(+،-،..) دێنەئارا، بەمەش ئەنجامەکان بە ژمارەکان و کردەکان پەیوەست دەبن و دەبن بە تێکردە و دەرکردەی یەکتری. لەلایەکی تریش هاوکیشە لۆگاریتمییەکان و توانییەکانیش پەیوەستی یەکتر دەبن، هەروەک دەشێت هەمان ئەنجام فرە بنەمای هەبێت(Neil A.,1998:5,6).

---

[١] ئەو لقەی ماتماتیکە، کە هەڵسوکەوت لەگەڵ تایبەتمەندی و پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ژمارەکان دەکات(شێرکۆ، ٢٠١٢،١٩٠).

[٢]بۆ زانیاریی لەبارەی **تێکردە** و **دەرکردەکان**بڕوانە:(ئاڤێستا کەمال،٢٠١٢) و(شیلان عومەر،٢٠١٢).

بەمەش لە درکپێکردن و بەتایبەتی  درکپێکردنی زماندا، پۆلی چەمکەکان جێگیر نابن و ژینگە و گۆشەنیگا کەسییەکانیش، دەبنەوە بە داتا و زانیاری و تێکردە و دەرکردە و بنەمای ئەنجامەکان.

## ٣-١/١)ڕیشە و گەشەکردنی زانستی درکپێکردن:

سەرنجدان لە پرۆسەکانی درکپێکردن، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی٢٣سەدە لەمەوبەر، بۆ فەلسەفەی گریکی کۆن و بەتایبەت ئەرستۆ، کە لە تێڕوانینەکانی بۆ کردە ناوەکییەکانی ئاوەز و چۆنیەتی کاریگەری نواندنیان بەسەر ئەزموونی مرۆڤایەتیدا، تیشکی خستۆتەسەر ئەو پێکهاتانەی، کە پەیوەستن بە یادەوەری، تێڕوانین، وێنە ئاوەزییەکان و بایەخێکی گەورەی بەوە داوە بیسەلمێنێت تێڕوانینەکانی لەو بەڵگانە سەرچاوەیانگرتووە، کە لە تاقیکردنەوەی زانستی و ئەزموونەوە سەرچاوەیان گرتووە و لە دەرەنجامی سەرنج و تاقیکردنەوەی ئاوەزمەندانە هاتوونەتەئاراوە( Neil A.,1998:2 )[١].

ڕوانگەی نوێش بۆ چەمکی درکپێکردن لەسەدەی بیستەم، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:

- لە ساڵانی سی و چلەکاندا، لەبواری دەرونزانی و دیارترینی بەکارهێنەرانی وارن کلۆتش و والتربیتس بوون، کە هەوڵی دارشتنی کۆمەڵێک بنەمایاندا، بۆ ڕێکخستنی کردەکانی ئاوەزی مرۆڤ.
- ساڵانی چل و پەنجا، لەلایەن ئالآن ئورنج، لەبواری پەرەپێدانی ئامێری کۆمپیوتەردا بەکارهات، کە وەک وێنەیەکی مێشکی مرۆڤ، سەیری کۆمپیوتەری دەکرد(Hafner, K., &,1996:32).
- ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن چۆمسکی، لەمیانەی پێداچوونەوەی بۆ تیۆری ڕەوشتیی سکینەر، کاتێک لە شرۆڤەکردنی زماندا، پێشنیازی هێنانەئارای تیۆرێکی ڕێکخراوی کرد 'لە تێڕوانینێکی هۆشەکییانە، بەو تێڕوانینەی جەخت لە سەر توانستی زگماکیی مرۆڤ دەکاتەوە'(Chomsky,1959) .
- ساڵی ١٩٧٣، کریستۆفەر لۆنگتەر، لە شرۆڤەی ڕاپۆرتێکدا، لەبارەی زیرەکیی دەستکردەوە، بەکاریهێناوە(Longuet, 1973: 35, 37).

[١] بۆ زانیاری لەبارەی فەلسەفە و ئەم بنەما بیرییانە لای ئەرستۆ بڕوانە؛(مەجدی،٢٠١٤).

هەر لە دەیەی حەوتەمیشدا گۆڤار و کۆمەڵەی زانستەکانی درکپێکردن هاتنەئارا[1] و دواتریش لەساڵانی هەشتاکان بەوڵاوە وەکو ڕێباز و قوتابخانەیەکی نوێی سەردەم، بەخێرایی گەشەیکرد و بڵاوبووەوە' بەو ڕوانگەیەی ئاوەز و ئەزموون و چالاکی پەیوەست دەکات بەیەکترییەوە'(http://cognitivesciencesociety.org/journal_csj.html).

## ٢/١) زانستی زمانی درکپێکردن:

زانستی زمانی درکپێکردن لقێکە لە زانستی زمانی گشتی و لە تێڕوانینە تیۆرییەکانی ڕێبازی زانستی درکپێکردنەوە هاتۆتەئاراوە و خاوەن تێڕوانین و گریمانەی ئەزموونکراو و جیاواز لە قوتابخانە زمانییەکانی پێش خۆیەتی، لەم تەوەرەی لێکۆڵینەوەماندا دەیانخەینەڕوو:

## ٢/١-١) چییەتی و سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن :

زانستی زمانی درکپێکردن قوتابخانەیەکی هاوچەرخی داهێنەر و کاریگەری بواری هزر و چالاکیی زمانە، خێرا گەشەی کردووە، گرنگی دەدات بەلێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی پەیوەستەیی نێوان زمان و ئاوەز و پەیوەندیی نێوان کردە فیزیکییە کۆمەڵایەتییەکان' بەجەستەکردنی شارەزاییەکان، کە لە تاقیکردنەوەکان بەدەستهاتوون'. پێ لەسەر پەیوەستی بوارەکانی زمان و فێربوونی زمان و دروستەی چەمکی دادەگرێت (Evans,2012.Evans&Green,2006:3.Evans,2014:1).

لە تێڕوانینی ئەم ڕێبازەدا، زمان وەک کۆگایەک بۆ هەڵگرتن و دانەوەی کۆزانین لەبارەی جیهانەوە دەبینرێت و زمان دەبێت بە کۆگایەکی ڕێکخراوی پۆل و کاتیگۆرییەکان و جارێکی تر ئەم پۆلانە دەبنەوە بە بنەما بۆ ڕێکخستن و چۆنیەتیی هەڵگرتن و نمایشکردنەوەی زانیاریی نوێ، ئەمەش ئەوە دێنێتەئارا؛ کە شیکردنەوەی بنەماچەمکییە ئەزموونکراوەکان، دەبن بە جێگای جەخت لێکردنەوە بەرانبەر پۆلێنکردنی کاتیگۆرییە زمانییەکان. بەمەش دروستە زمانییەکان وەکو کەرەستەی خۆبەڕێوەبەر و جیاکراوە لێکۆڵینەوە ناکرێن و وەک ڕەنگدانەوەی کۆ زانین و پێڕەوی چەمکی و بنەماکانی پۆلێنکردن و میکانیزمی ئەنجامدانی پرۆسەکان و تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان و ژینگە جیاوازەکان سەیر دەکرێن(Geeraerts& Cuycknes, 2007:3-5).

---

[1] ' ژمارە (یەک) ی گۆڤارەی "زانستی درکپێکردن" لە جەنیوەری ١٩٧٧ دەرچوو و یەکەم کۆنفرانسیش لە ١٣تا١٦ی ئۆگۆستی ١٩٧٩بەسترا و کۆنگرە پێکهێنراوە'.

دیارترین سیما، که زانستی زمانی درکپێکردن لە قوتابخانەکانی پێش خۆی جیایدەکاتەوە ئەوەیە، لە تێڕوانین بۆ زماندا، جەخت لە تایبەتمەندی و وێناکردنە ئاوەزییەکان دەکرێتەوە(Evans&Green,2006:4).

## ٢/١-٢)هۆکار و ڕەهەندەکانی سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن:

ڕیشەی ئەم قوتابخانە زمانییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی(١٩٦٠-١٩٧٠ز) وەکو لقێک لە زانستەکانی درکپێکردن. بەڵام سەرهەڵدان و گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەئەنجامی ئەو ناڕەزاییانەی بەرانبەر ئەو ڕێباز و ڕوانگەیە، کە باڵی بەسەر کایەکانی زمان و فەلسەفەدا کێشابوو[١]. لەگەڵ کاریگەریی ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوە نوێکانی ئەو کات لەبواری پۆلێنکردندا هێنایانەئارا و بەرکاربوونەوەی بنەما فەلسەفییەکانی دەروونزانیی گشتاڵتی[٢](Evans.v,2007:1).

سەدەی بیستەم بەهۆی ئەو بۆچوونانەی کە قوتابخانە جیاوازەکان لەبارەی زمان و درکپێکردنی زمانەوە خستیانەڕوو، گۆڕانکاریی گەورە لە بواری زانستی زماندا هاتەئارا، دیارترینی ئەو چەمک و بۆچوونانەش کە گفتوگۆ و ڕای جیاوازیان خستەوە، "سەربەخۆیی سیستەمی زمانی" بوو(لطیفە،٢٠٠٤ :٢،١) و گرنگترینی ئەو وێستگانەش؛ لایەن سێ قوتابخانەی سەرەکی بوون لەم گۆڕانکارییەدا:

---

[١] زانستی زمانی درکپێکردن لە میانەی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانە سەری هەڵداوە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجام دراون، کە بریتی بوون لە ڕەتکردنەوەی ئەو تێڕوانینەی وەکو دەستهاتێکی سروشتی و زگماکی سەیری زمانی دەکرد و پێی وابوو زمان لەیەکەی داخراوی ئاوەزدا خۆی دەنوێنێ(Evans&Green,2006:3.2014:1)، بەتایبەتی کارەکانی ئێلیانور ڕۆش لە بواری پۆلێنکردندا 'کاتێک توێژینەوەی پەیوەندیی نێوان وشەکان و کۆمەڵێک لەو شتانەی دەکرد کەلە جیهانی دەوری وشەدان و وشەکانیش ئاماژەن بۆیان(J.Taylor,2008:39). لەبنەڕەتدا لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە بەرانبەر ئاوەز سەریهەڵداوە و بەشێوەیەکی فراوان گرنگیی بە پەیوەستەیی نێوان هەردوو لایەنی تیۆری و جێبەجێکاری ئەزموونی داوە. هەر لە سەرەتاوە هەوڵدراوە؛ ڕێبازێکی زانستییانە لە توێژینەوەی زماندا بێتە ئارا، کە ئامرازەکانی فرەپسپۆری لەخۆ بگرێت. سەدەی ٢١ز وەکو ڕێبازی پێشەنگ لە خستنەڕوو وشرۆڤەکردنی پەیوەندی وکاریگەری پسپۆریی فرەبوار لەسەر ئەو پەیوەندییەئاڵۆزەی نێوان زمان و ئاوەز خۆی چەسپاند(Evans.Bergen & Zinken,2007:xiii).

[٢] فەلسەفەی گشتالتی قوتابخانەیەکی دەرونزانی بووە، لە کۆتاییەکانی سەدەی١٩ز و سەرەتای سەدەی٢٠ز بۆ "گشتالت"(Gestalt:1943-1880)ی دەرونزان و "کۆهلەر"(Kohler:1967-1887) و "کۆفکا"(Koffka:1941-1887) دەگەڕێتەوە، جەختیان لەسەر توانا ئاوەزییەکانی مرۆڤ کردۆتەوە و تیشکیان خستۆتە سەر بنەما میکانیزمییەکانی هەستکردنی لەخۆوە و پێیان وابووە توانستە ئاوەزییەکانی مرۆڤ پێویستە وەک یەکتر تەواوکەر سەیر بکرێن و نابێت جیابکرێنەوە(Evans& Green,2006:65).

### ١.فردیناند دی سۆسێر:

سۆسێر[1] لە کتێبی زمانەوانیی گشتی[2] دا، بنەماکانی قوتابخانەی دروستەکاریی دارشت. دروستەکاری لە ئەزموونگەرایی[3]یەوە سەرچاوە دەگرێت و زمان لە بنەڕەتدا وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە سەیردەکات(افیتشا،١٩٣:٢٠٠٠،١٩٤. محەمەد ڕەزا ،٤١:٢٠١٢).

سۆسێر بانگەشەی "سەربەخۆیی سیستەمی زمانی" ی کرد و پێی وابوو گرفتەکانی زمانناسی بەوە چارەسەر دەبن، کە توێژینەوەی زمان"لە خودی خۆیداو لەپێناو خۆیدا" بێت و زمان خۆی پێناسەی خۆی بکات و زمانی وەکو جەستەیەکی سەربەخۆ ناساند(سوسیر،٢٧:١٩٨٥)، لەم ڕوانگەیەشەوە زمان لە واقیع و لایەنی ماددی و تایبەتمەندی و مەرجەکانی بەکارهێنان دادەبڕێت و دەبێت بە خاوەنی کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای تایبەت، کە پێویستییان بە شرۆڤەکردن هەیە(حنون، ٢٨:١٩٨٧).

سۆسێر سێ ئاستی لە زماندا جیاکردەوە: (زمان، زبان، ئاخاوتن). زمان لایەنی گشتی و توانستێکی گشتیی مرۆڤایەتی. ئاخاوتن، بەشێکی دیاریکراو لە زمانی مرۆڤایەتی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێک لەو نەریتانەی کۆمەڵگا بونیادیان دەنێت و بۆ ئەنجامدانی چالاکییە زمانییەکان لەسەریان ڕێکدەکەوێت. لای سۆسێر زمان شایانی گرنگی پێدان نییە، چونکە کاری زمانەوان دۆزینەوەی یاسا و کەرەستەکانی زمان و پەیوەندیی نێوانیانە و زمانەوان دەبێت گرنگی تەنیا بە ناوەوەی جەستەی زمان بدات و لێیەوە بڕیار لەسەر دیاردەکانی تر بدات، زاراوە زمانییەکان بەهۆی یەکترییەوە دەناسرێنەوە، کە ئەمە لەمیانەی ئەوگریمانەیە دەخاتەڕوو"زمان فۆرمە نەک کەرەستە"[4] و

---

[1] ( Ferdinand de Saussure,1857-1913)

[2] ئەم پەرتووکە"Course de Linguistic general" لە بنەڕەتدا بریتی بوو لە وانەی خوێندن لە نێوان (١٩٠٦-١٩١١)سۆسێر بە قوتابییەکانیی گوتبووەوە، ساڵی١٩١٦سێ ساڵ دوای مردنی خۆی لەلایەن دوو لە قوتابییەکانی'شارلی بالی' و 'ئەلبێرت سیکاهی' کۆکرانەوە و بەناونیشانی "کۆرسێک لەبارەی زمانەوانیی گشتییەوە/ "Cours de generale Linguistic"، چاپ و بڵاوکرایەوە.

[3] فەلسەفەی ئەزموونگەرایی بۆ قوتابخانەی فەلسەفیی بەریتانی، بۆ "جۆن لۆک"و"دیڤید هیوم" و "کیپلەر" دەگەڕێتەوە، بەرانبەر بۆچوونەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەوەستێ و سرووشی لە کارەکانی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس وەرگرتووە. هەموو زانیارییەکانی مرۆڤ بەتەنها بۆ ئەزموون و تاقیکردنەوە دەگێڕێتەوە، کە بەهۆی هەستەکانی بینین و بیستنەوە بەدەست دەهێنرێن، بە جۆرێک لۆک مێشکی مرۆڤ بە سندووقێکی بەتاڵ دەچوێنێت و هیوم ئەوە ڕادەگەیەنێت؛ گشت یاساکانی سرووشت، بەرهەمی ئەزموونن و لە تێڕوانین بۆ توانستی خۆڕسک پێچەوانەی هۆشەکییەکانە(روبنز:١٦٩،١٦٨).

[4] "a langue is forme not a substance" (Saussure,1915:122)"

هاوشێوەی یاریی شەترەنج[1] وێنای زمان دەکات، ئاخاوتن جێبەجێکردن و چالاکیی کەسی بۆ زمان و لەژێر دەسەلاتی تاکەکاندایە. زمان(زبان و ئاخاوتن) لەخۆدەگرێت. هەلبژاردنی وشەکان لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەشێ بگۆڕێن، بەلام گشت ئاخێوەرانی زمانێک لە بنەما و یاساکان و لایەنە گشتییەکانی زماندا بەیەکەوە پەیوەستن. بەمەش زمان بریتی دەبێت لە تەنێکی تێکچرژاو، کە کەرەستەکانی تەواو بەناو یەکتریدا چوون و هەریەکەیان واتای ئەوانی تر دیاری ئەکات، هەربۆیە ڕەگەزەکانی زمان(دەنگی، وشەیی، ڕێزمانی، واتایی) لە ڕێگەی شوێن و پەیوەستبوون بەوانەیترەوە لەنێو سیستەمی گشتیی زماندا نرخی بۆدادەنرێت و پێی وابوو لەگەل لۆژیک ناگونجێت، بوارەکانی زانستی زمان؛وشەسازی، فەرهەنگسازی، ڕێزمان جیابکرێنەوە و واتاش بریتییە لە پەیوەندییەکی لەخۆوە لە نێوان چەمک و دەنگ، کە بە هێما و هێمابۆکراو ناویاندەبات (سۆسێر،١٩٨٥:٢٧-٤١،٨٦،١٥٥،١٥٦).

سۆسێر لەژێر کاریگەریی تیۆری کۆمەلایەتیی دۆرکایم، کە بەیداخی واقیعی بەسەر بەکارهێنان لە زماندا بەرزکردەوە، لەگەل ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات، زمان بەرهەمی کۆمەلە کەسێکە، کە کۆمەلێکی ئاخاوتنی پێک دێنن و گۆڕانکارییەکان لە زماندا لەمیانەی ئەو گۆڕانانەدا دێنەئارا، کە تاکەکان هەمەکییانە لە ئاخاوتنیاندا ئەنجامی دەدەن، بەلام زمان چۆک بۆ توانا کەسییەکان دانادات(ڕۆبنز، ١٩٧٨:٢٨٨).

**٢.لیۆنارد بلۆمفیلد:**

بەدوای بۆچوونە بنەماییەکانی دی سۆسێردا، لەسەر دەستی بلۆمفیلد[2] زمانەوانی گەشەیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی، کە سالی ١٩٣٣ لە یەکەم چاپی پەرتووکی زمان "Language"بنەما تیۆرییەکانی بۆ زمان پێکەل بە تیۆری میکانیکییەکان خستەڕوو ئەم تێڕوانینەی بلۆمفیلد بۆ واتا، سالانی(١٩٣٣-١٩٥٧ز) لەئەمریکا لە توێژینەوەی زماندا، بالی بەسەر بۆچوونی زانستیدا کێشا و ئەو سەردەمە بە سەردەمی بۆچوونەکانی بلۆمفیلد ناسرا، بەوەی سالانی سییەکان و چلەکان، پەرتووکی خوێندنی قوتابییان بوو (ڕۆبنز١٩٨٧،٣٠١:٣٠٢). فیلد لە لێکدانەوەی زمان ڕەوشتی بە هۆکار زانی و واتا و

---

[1] شەترەنج لە کەرەستە و سیستەم پێکهاتووە، کەرەستەکان لەناو سیستەمەکەدا بەپێی شوێن و پەیوەندییان بە یەکەوە نرخەکەیان بۆ دیاری دەکرێت، نەک بەهۆی شێوە و ڕەنگ و ئەو ماددەیەی کەرەستەکەی لێدروست کراون(وریا،٢٠١٠:٤٩).بۆ شرۆڤە و بەر ڕەخنەخستنی فراوانتری ئەم وێناکردنە بڕوانە(محەمەدی مەحوی،٢٠٠١: ٧٦-٧٨).

[2] (Leonard Bloomfield,1887-1945)

ڕەوشتی یەکسانکرد بە کار و کاردانەوە و ڕایگەیاند زمان جگە لە بەرهەمی کردە بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانە و جۆرێک لە کاردانەوەی دەنگیی بیسەر بەرانبەر ڕووداو یان دەربڕین یا شتێک هیچی تر نییە و جیاوازیی زمانیی مرۆڤەکان پەیوەستە، بەو ژینگەیەی تێیدا دەژین و واتا لەچوارچێوەی هەڵوێستی ئاخێوەر و کاردانەوەی بیسەر دەخاتە ڕوو:

باری ئاخێوەر ← ئاخاوتن ← وەڵامدانەوەی بیسەر

لەم ڕوانگەیەوە جەخت لەسەر سەربەخۆیی زمان و ڕەتکردنەوەی هەر کاریگەرییەکی دەرەوەی جەستەی زمان کرایەوە و واتاسازی بەوەی لەم چوارچێوەیەدا، لێکدانەوەی ئەستەم بوو بە لاوازترین خاڵی توێژینەوە زمانناسییەکان دانرا(L.Blomfield:139-157).

### ٣.نوام چۆمسکی:

وێستگەیەکی تری گەورەی گۆڕانکاریی سەدەی بیستەم لە بواری زانستی زماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٧ و بڵاوکردنەوەی پەرتووکی دروستە سینتاکسییەکانی چۆمسکی[١] (روبنز، ٣٠٧:١٩٧٨)، بۆچوونەکانی چۆمسکی لەبارەی سرووشتی زمان قووڵ و پێچەوانەی پێش خۆی'لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم' بوون، بەکاریگەریی قوتابخانەی هۆشەکیی دیکارت[٢] زۆربەی بۆچوونەکانی لەپاڵ بنەما زمانییەکان خاوەن مۆرکێکی فەلسەفی و سایکۆلۆجین، هەرچەندە دیکارت خۆی زۆر گرنگیی نەداوەتە زمان(چۆمسکی،١٦:٢٠١٣. نایف خرما،٩٢:١٩٧٨) و کاریگەربووە بە بۆچوونەکانی کانت لە سایکۆلۆژیا و ژیربێژی، کە لە هەمبۆلد وەری گرتوونەتەوە و تیۆروانینەکانی فریگە[٣]، لەبارەی مەرجی دروستی[٤] کاریگەرییان بەسەریەوە بووە(کاروان،٢٠١٢:٤٠-٤٩).

---

[١] (Syntactic Structures,1957 Noam Comsky)

[٢] ا-فەلسەفەی هۆشەکی"Rationalism" دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو فەیلەسووفی سەدەی حەڤدەم "دیکارت" و "لیبنز" و دیکارت گەشەی پێدا، وا سەیری زمان دەکات کە ئاوەزی مرۆڤ لە زگماکەوە هەندێ چەمکی هەڵگرتووە و ئەم چەمکانە دەکەونە پێش ئەزموون و ئەو زانیارییانە ڕێک دەخەن کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانەوە بەدەست دێن (محەمەد ڕەزا٤٢:٢٠١٢).بۆ زانیاریی زیاتر، لە بارەی فەلسەفەی عەقلگەرایی، دەتوانرێت سوود لەم سەرچاوانە وەربگیرێت:(چۆمسکی،٢٠١٣) و بۆ فەلسەفەی کانت(کاروان ،٢٠١٢ ) و ئەو سەرچاوانەی لەوێ ئاماژەیان بۆکردوون.

[٣] (Gottlob Frege,1848-1925)

[٤] مەرجی دروستی"Truth-conditional"،ڕوانگەی لۆجیکییە، ڕاستی و چەوتی، لە میانەی نەخشەیەکی "T-value" ، کە پشت بە نەگۆڕە لۆژیکییەکان دەبەستێت. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە و ئەوسەرچاوانەی لەوێ ئاماژەیان بۆکراوە: ا.-کاروان عومەر(٢٠١٢). ب.-دیار عەلی(٢٠٠٩).

چۆمسکی له دروسته سینتاکسییەکاندا ڕەتی کردۆتەوه مێشکی مرۆڤ وەکو لاپەڕەیەکی سپی بێت و جەختی لەسەر توانستی زگماکی بۆ زمان کردۆتەوه و سەرنجی له پێڕەوی دامەزراوەی ئاوەزی داوه. جەختی لەسەر سینتاکس و سەربەخۆیی سینتاکس دوور له ئاستەکانی تر کردۆتەوه و ڕستەسازی له واتاسازی جیاکرۆتەوه و ڕوانگەی دروستەکارییەکانیش له ڕێگەی یاساکانییەوه ڕەتدەکاتەوه.

چۆمسکی تێڕوانینی ڕەوشتییی بۆ بەکارهێنانی زمان ڕەتکردەوه و بنەمای فەلسەفی"یاساکانی بلۆمفیلد"ی خسته ژێر نەشتەری ڕەخنەکانی(محەممەد محەممەد ،۱۰۰:۲۰۱۰، چۆمسکی۲۰۱۳). ئاماژەی به ڕێزمانێکی گشتی پەیوەست به چەند بنەمایەکی ڕێژەیی هاوبەش کرد و ئەوەی خستەڕوو هەر زمانێک خاوەن پێکهاتەیەکی بێگەرده له ڕێزمانی گشتی وەکو دامەزراوەیەکی تایبەت و سەربەخۆی ئاوەزی و بارێکی نمونەیی و هەموو مرۆڤەکان تێیدا چوونیەکن، بەڵام چالاکییه که جۆراوجۆریی زمانەکان دێنێته ئارا (تشومسكي،۸٦:۷٥:۱۹۹٥). بەرانبەر زاراوەی زمانی سۆسێر، توانستی بەکارهێنا ’ئەو توانایەی لای هەر تاکێکی کۆمەڵێکی ئاخاوتنی دیاریکراودا، بەدی دەکرێت و دەتوانێت گوزارشت بکات لەهەر شتێک که بیەوێت‘ی هێنایه ئارا، ئەمه به کۆزانینی زمانی دادەنێت (نایف خرما،۹۳:۱۹۷۸). بەڵام گەر زمان لای سۆسێر زانیارییەکی گشتی و هاوبەشی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان بێت، ئەوا لای چۆمسکی توانست بەهرەیەکی بۆماوەییه(ویدۆوسن،۳۷:۲۰۰۸) و وەک لقێک له زانستی دەروونزانیی هۆشەکی گوزارشت له زانستی زمان دەکات(Chomsky,1980:4,48).

چۆمسکی ئاماژەی به تایبەتمەندیی بەرهەمهێنی زمانی مرۆڤ کرد’که پێش ئەو له هەردوو بواری دەرونناسی و زمانناسیدا ڕەتکرابووەوه‘(تشومسكي۹۳:۱۹۹۳). ئەم دیاردەیەی بەناکۆتا ناوناوه؛ قسەکەری هەر زمانێک ئەو ڕستانەی لەسەریدایه، زۆر لەوانه زیاتره، که گوتراون و بیستراون. بەمەش هزربینی و ناوبینی، وەک دوو ئامراز بۆ دۆزینەوه و پەیپێبردنی ئەو پرۆسانەی لەئاوەزدا ڕوودەدەن بوونه جێگەی بایەخپێدان. لێرەدا لێکۆلینەوه زمانناسییەکان له چوارچێوەی عەقڵانییەت و چەمکەکانی بنیاتی قوڵ و گریمانەی کردەکۆمپیوتەرییه ئاڵۆزەکان’که توانستی زگماکین و له ئاوەزدا ڕوودەدەن، بوون به بابەتی لێکۆڵینەوه‘(محەممەد محەممەد،۵۰:۲۰۱۲). پێی وابوو؛ منداڵان به توانستێکی زمانییەوه لەدایک دەبن و بەهۆیەوه دەتوانن قسەبکەن وەکو ئامێری

بەدەستهێنانی زمان(LAD)[١]؛ کە توانستی ڕێزمانی گشتییە(رۆبنز،١٩٧٨:٣١٣). زمانی مرۆڤیش هەر وەکو زمانی ئاژەڵان بریتییە لە کۆمێنتێک لە سەر سەرتۆپێکی بارودۆخی، بەڵام ئەوەی جیاوازییە، بوونی پەیڕەوێکی چالاک و کارایە لە زمانی مرۆڤدا، کە ئاژەڵان نییانە(کاروان،٢٠٠٨:١٤).

بە پێچەوانەی قوتابخانەی پەسنی شیکاری کە ئەرکی زمانەوانی تایبەتکرد بە لێکدانەوەی دیاردەی زمان'ئەو وشانەی کە دەگوترێن'. چۆمسکی پێی وابوو دەبێت کاری زمانەوان لەسەر ئەو ڕێسایانە بێت، کە دەبنە بنەمای زمان و پێویست نییە خەڵک لە قسەکردندا خۆیانی پێوە ببەستنەوە، چالاکی بەرانبەر ئاخاوتن بەکارهێنرا' ئەو دەنگە زمانییانەی ئاخێوەری زمان دەریاندەبڕێت و دەشێ وێنەی دروستی توانست نەبن و لادانی زۆریان لە دەستوری زمان تێدابێت'(نایف خرما،١٩٧٨:٩٤). لێرەدا وەک قوتابخانەی دروستەکاری لە تێڕوانینی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەشدا، پێڕەوی زمان هەر سەربەخۆ بینرا، بەڵام تونستی زمانی بە بەکارهێنەرەوە پەیوەستکرا وەکو پێڕەوێکی درکپێکردن لەئاوەزدا(محمد غالیم،١٩٩٧:٦١). لەگەڵ ئەم جیاوازییەش لە تێڕوانینیاندا ڕێبازی ڕەوشتی و هۆشەکی خاڵی هاوبەشی نێوانیان کەمکردنەوەی ڕۆڵی واتاسازی وەکو بواری توێژینەوە بوو، کە وا بینرا دانانی واتا لە توێژینەوە زمانییەکاندا دەبێت بە خاڵی لاوازی(روبنز،١٩٧٨:٣٠٩،٣١٠).

بەپێی تێڕوانینی هۆشەکی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم باڵی بەسەر تێڕوانینە زمانییەکاندا کێشابوو، لەنێوان هەر دوو چەمکی؛ توانست و چالاکی دا، لایەنی کۆمەڵایەتیی زمان پشتگوێ خرا، لەم میانەیەشەوە زانستی زمانی درکپێکردن لەگەڵ زانستە درکپێکردنەکان و بەهۆی کاریگەریی دەرونزانیی گشتاڵتی (Evans&Green, 2006:3) و ناڕەزایی لەو ڕێباز و قوتابخانانەی لەو کاتەدا باڵیان کێشابوو لە بواری پەیوەندیی نێوان زمان و فەلسەفەدا زمانەوانیی درکپێکردن سەری هەڵدا[٢]( Evans,

---

[١] "Language Acquisiton Device"

[٢] سەرەتا لای ژمارەیەکی کەمی زانایان ڕەنگی دایەوە، کە لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو خۆیان بە ڕێبازی درکپێکردن ناساندبوو و سەرەتای هەشتاکان لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ فیلمۆر،لاکۆف وتالمی، وەک دەستەی یەکەم وپێشەنگەکانی ئەم قوتابخانەیەدەرکەوتن (Evans&Green,2006:3 Geeraerts&Cuycknes, 2007:xiii).

لە نیوەی دووەمی هەشتاکان دەستەیەکی تر ، وەک:سویتەر ، تۆگی ، گیسلبرگ ، سالی، مالدۆنالدو ڤان هۆک، تیرنر و کرۆفت، دەستیان بە کارکرد. هاوکات لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ناوەڕاستدا، کۆمەڵێک لە زمانەوانان دیارترینیان: دێرڤین، ئۆستن، تایلۆر، سینها، ڤێرهاگن، تۆمازسکی، هاردەر و ریدین، بیری

(Bergen & Zinken,2007:2) و لەپێناو دوو ئامانجدا هاتەئارا؛ یەکەمیان هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیی قوتابخانەکانی پێش خۆی(ڕەوشتییەکان و هۆشەکییەکان). دووەمیان هێنانەئارای قوتابخانە و ڕێبازێکی نوێ لە شرۆڤە و لێکدانەوەی زماندا(کاروان،٢٠١٢ :٨٣).

## ٣-٢/١) گریمانە و بۆچوونی تیۆرییانە:

خاڵی بنەڕەت و سەرچاوەی گریمانەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، توانست و زانینی زمانی، وەک بەشێکی جیانەکراوەی کۆزانینی مرۆڤ دەبینێت و پەیپێبردن و هەستەکان و پۆلێنکردنەکانی و کردەی جیاکردنەوە و بەڵگەمەندکردن لەخۆدەگرێت و کار لەیەکتری دەکەن و بەیەکترییەوە کاریگەر دەبن (Dirven&Verspoor,2004:2). ئەو بوارانەی لە پێکهاتەی پۆلێنکردندا وەکو سەرباس جەختیان لەسەر دەکاتەوە و جێگای گرنگی پێدانیین، بریتین لە:( شاوەچەبوون، فرەواتایی سیستەماتیکییانە، مۆدالێتیی نموونە درکپێکراوەکان، وێنەی ئاوەزی، میتافۆر) و دەبێت شیبکرێنەوە، کە بنەمان لە ڕێکخستنی پەیوەندیی زمانی لە نێوان هێما سروشتی و زمانییەکاندا و بنەماکانی پەیوەستبوونی نێوان هەردوو دروستەی چەمکی و سینتاکسی'کە لەلایەن ڕێزمانی دروستەکاری و چۆمسکی گەنگەشەکراون' و پاشخانی ئەزموونی و بەکارهێنانی ئەزموونییانەی زمان لە ژیاندا'واتا پراگماتیکییەکان و پەیوەندیی نێوان زمان و بیر' و لە نێویاندا وەڵامدانەوەی کۆمەڵێک پرسیار لە بارەی پەیوەستەگی و ڕێژەیی نێوان دروستەکان(Geeraerts&Cuycknes, 2007:4).

---

ئەم قوتابخانەیەیان هەڵگرت و دەستیان بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانیانکرد ( Geeraerts &Cuycknes,2007:8-10). هەر لەساڵانی هەشتا لە باکوری ئەورووپا، بەتایبەتی لە وڵاتانی بەلجیکا و هۆڵەندا و ئەڵمانیا سەریهەڵدا و لە باکووری کیشوەری ئەمریکا بڵاوبووەوە و بەر لەساڵی ١٩٩٠ز هەموو لایەکی ئەورووپا و ئەمریکای گرتەوە و ژمارەیەکی تری بەربڵاو لە توێژەرانی سەر بەم ڕێبازە دەرکەوتن(Evans,Bergen& Zinken,2007:2,3).

ساڵی١٩٨٩ز یەکەم کۆنگرەی(ICLC)، لەشاری دویسبورغ لە ئەڵمانیا لەسەردەستی دارڤین Rene "Dirven" کە ڕۆڵی خستنەڕووی نەخشە و هێڵەگشتییەکانی ڕێبازەکەی گرتەئەستۆ بەسترا، "کۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆ زمانەوانی درکپێکردن"لەسەردەستی"لانگکر"پێکهێنرا، ساڵی ١٩٩٠،"گۆڤاری نێونەتەوەیی زمانەوانی درکپێکردن"دەرچوو و ئەمە وەک لەدایکبوونی ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت، دواتریش هەر دوو ساڵ جارێک کۆنگرەی نێو دەوڵەتی بۆ زمانەوانی درکپێکردن بەسترا. ساڵی ٢٠٠٣ز گۆڤاری فەرمی ICLA وەکو سەرچاوەیەک بۆ توێژینەوەکانی بواری زمانەوانی درکپێکردن دەرچوو. ( Geeraerts& Cuycknes, 2007:8).

بەم پێیە بە وردبوونەوە لەم سەرباسانەدا؛ هیچ بنەمایەک دەستناکەوێت کە ئەم پرۆسانە، بەیەکەوە، لە چوارچێوەی تیۆر و بیرێکدا کۆبکاتەوە، بۆیە لە چوارچێوەیەکی نەرم و نیاندا، پرۆسەی پۆلینکردن دێتە ئارا(Geeraers.D,2006:1,2).بەلاّم پرسیاری گرنگ، کە پەیوەست بە لایەنی بنەماوە دێتە پێش ئەوەیە:

- مەبەست چییە لە وەی زانستی زمانی درکپێکردن، لە شرۆڤەکردنی زماندا، ڕێبازێکی ئاوەزییە ؟

• بە تێگەیشتن لە هەردوو زاراوەی هۆشەکی و درکپێکردن و شێواز و ڕێبازی کارکردنیان و ڕوانگەیان بۆ زمان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە؛ هەردوو ڕێباز لەوەدا یەکدەگرنەوە؛ ئاوەز پێگە و ڕۆڵی سەرچاوەیی بۆ زمان دەبینێت.

• سیما و تایبەتمەندییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە گرنگی بە پەیوەستەیی ئاوەز لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەدات، بەجۆرێک زمان وەکو ئامراز و هۆکاری ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کردەکان و گواستنەوەی زانیارییەکان سەیر دەکرێت و دەبێت بە کۆگایەک بۆ درکپێکردنی جیهانی بوون و ڕێکخراوەیەک لە پۆلە کاتیگۆرییەکان و لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زانیارییە نوێکان و هەڵگرتنیان، دەبن بەبنەما ( Geeraerts &Cuycknes,2007:4,5). بەمەش ئەم ڕێبازە جیاواز لە ڕێبازەکانی تری زانستی زمان، کۆمەڵێک پرۆگرامی بەناویەکداچوو لەخۆدەگرێت، کە لەسێ گریمانە پێکەڵ بەیەکتری دەبن (Geeraerts,2006:2,3) و لە چوارچێوەیانەوە، دەڕوانرێتە زمان، ئەوانیش بریتین لە:

- زمان دامەزراوەیەکی خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی درکپێکراو نییە.
- ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بەچەمککردن.
- کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە سەرهەڵدەدات.

١-گریمانەی یەکەم'زمان دامەزراوەیەکی خۆبەڕێوەبەری ناوخۆیی درکپێکراو نییە' ئەم گریمانەیە لەمیانەی کارەکانی ج.لاکۆف هاتۆتە ئارا(Stefan Th. Gries, 2006:1).

ڕاستیی بەڵگەنەویست، کە زانستی زمانی درکپێکردن بەچڕی پەیوەستە پێیەوە زمان وەک بەشێکی پەیوەست و ئاوێتە لەگەڵ توانستی گشتیی مرۆڤ سەیر دەکرێت، بەمەش توێژینەوەی زمان پەیوەست دەبێت بە کۆ بوارەکانی درکپێکردنەوە؛ ' جەستەیی یان ئاوەزی، سۆزداری یان لۆژیکی'(Dirven&..,2005:17). لەم گۆشەنیگایەشەوە وا سەیری دروستەی زمانی 'واتایی و فۆرمی' دەکرێت، کە لە بنەڕەتدا چەمکییە و گشت

نواندنەکان؛( فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی)لەسەر بنەمای چەمکی دێنەئارا، کە لە قوتابخانە زمانییەکانی تردا تەنها دەنگەکان وەک پێکهاتەی فیزیکی دروستەی زمانی خرابوونەڕوو، بەڵام لە گریمانەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، وا بینرا دەنگەکانی زمان و دەربڕینیان پێویستییان بە هەردوو پرۆسەی؛ 'تێگەیشتن' و 'بەرهەمهێنانەوە' هەیە و هەردوو پرۆسەکەش لە ئاوەزەوە سەرچاوەیان گرتووە، دەنگ و وشەکانیش ئەو تێکردە و دەرکردانەی پرۆسەی درکپێکردنن، کە تێگەیشتن و دەربڕین دێننەئاراوە.

لەمەدا دەردەکەوێت پرۆسەکانی درکپێکردن'کە بەکارهێنانی زمان بەڕێوەدەبەن چ لە داڕشتن و چ لە ئاڵوگۆڕکردن، لە گواستنەوەی واتاکان لە ئاخاوتندا' لەگەڵ توانستە درکپێکراوەکانی تردا چوونیەکن. کۆی توانستە درکپێکراوەکانیش لە ڕێکخستن و بەدەستهێنانی توانستی زمانی و گرنگی و واتابەخشی دروستە و بەدەستهێنانی کۆزانینی بوارەکان لە ئاوەز و توانا درکپێکراوەکان'کە لە ئاخاوتن و لێکدانەوەی زماندا بەکاریان دەهێنین' لەگرنگیدا لە چالاکی پرۆسەکانی تری درکپێکردن، وەک؛ هەستتێژی بینین و چالاکیی هەستەدەمارەکان جیاواز نین.

لەم چوارچێوەیەشدا، زمان دەبێت بەو توانستە درکپێکراوەی مرۆڤ، کە لە تێڕوانینی درکپێکردنانەوە بۆ ڕامان و هەستپێکردن و وێناکردن و زنجیرە هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرەکانی ئەو پێکهاتە هێماییانەی درکپێکردن پشتی پێ دەبەسترێت، کە زمان هەڵبژاردەییانە بەکاریان دەهێنێت. لێرەدا توانستی زگماکیی مرۆڤ جیاکراوە نییە و توانست و دامەزراوەی زگماکیی سەربەخۆ ڕەتدەکرێتەوە ، بەم پێیە گرنگیی پێکهاتەی زگماکی لە توانستی گشتیی درکپێکردنی مرۆڤدا، لەگەڵ توخمە پێکهێنەکانی تر، کە گەشەی بە توانستە زمانییەکانی مرۆڤ و توانستی گشتیی درکپێکردن دەدەن جیاکراوە نابن(Stefan Th. Gries,2006:1,2).

واتاکانیش زانیارستانین[1] و لە ئەنجامی کارلێکی ئەزموونی جۆراوجۆرەوە هاتوونەتەئارا و لێکۆڵینەوەیان پێویستیی بە ڕەچاوکردنی کایەجۆراوجۆرەکان دەبێت، وەک درکپێکردن و پۆلێنکردنی واتا لە پۆلەکانی باڵندەدا، پێویستیی بە شارەزایی و زانیاری بنەما کۆمەڵناسییەکان و باڵندەناسی هەیە(Geeraerts ,2006:1,11).

[1] زاراوەی "زانیارستانی" لە(لیژنەی زاراوە زانستییەکان،کۆڕی زانیاری کورد ،١٩٧٦) وەرگیراوە.

ئەم گریمانەیە هەروەک ڕەتکردنەوەی گریمانەی قوتابخانەی هۆشەکییە، لەبارەی سەربەخۆیی توانستی زمانی، ڕەتکردنەوەی ڕوانگەی نموونە ئاوەزییە بنەڕەتییەکانیشە لە پەیوەندیی نێوان پۆل و کاتیگۆرییەکان'کە لە بەشی دووەمدا کاری لەسەردەکرێت' کەوا دەروونزانیی درکپێکردن لە سەرەتای حەفتاکان، جەختی لەسەر دەکردەوە ( Croft& Cruse,2004:1-3).

٢- لانگەکەر(Langacker,1987) لە ڕێباز و لێکۆڵینەوەکانیدا وەکو دروشمێک بانگەشەی بۆ درووشمی "ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بەچەمککردن" کردووە، واتە؛ لەبڕی ئەوەی کۆزانین لە خستنەسەر و ڕێکخستندا تەنیا و تاکە بنەمای وێناکردنی زمان بێت، بەڵکو دینامیکیانە و لەکۆتادا ئەو شێوەیە وەردەگرێت، کە زمان دەیکات بە ئامراز و ئەمەش پۆلێنکردن دێنێتەئارا(Stefan Th.Gries,2006:2).

دروستەی چەمکی ناتوانرێت بەڕێککەوتنی مەرجی- دروستی لەگەڵ جیهاندا لێکبدرێتەوە و لایەنی سەرەکیش لە توانستە درکپێکراوەکانی مرۆڤ بریتییە لە بەچەمککردنی شارەزایی ئەزموونکراو لە پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی چەمکەکاندا و بەچەمککردنەوەی کۆزانینی مرۆڤ. هەر شێوەیەک لە دروستەی چەمکیش بەرهەمی ڕامانێکە 'بوونی جیاواز یان هەستی جیاواز' و لەکۆزانینی مرۆڤدا بەڕێکخراوی هەڵدەگیرێت، واتە دروستە و گەردانکردنە ڕێزمانییەکان بەیەکەوە لە لێکدانەوە و پێکهێنانی شارەزایی ڕۆڵ دەبینن و لە کایە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێن و بەچەمککردنیش بەهۆی ڕێکخستنی دروستەی واتاوە مەودای بابەتەکان لەخۆدەگرێت، وەک (فرەواتا و میتافۆر) و بابەتەکانی واتاسازیی فەرهەنگی، کە بەگشتی لە زانستی زمانی درکپێکردندا سەرنج دراون(واتە؛ پەیوەندییە فەرهەنگییەکان وەکو دژواتا، میرۆنیم و هایپۆنیم،...)[١]. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەردوو دروستەی چەمکی و ڕێزمانی، پەیوەست بە یەکترین و دەنگ و وشەکان وەک دەبن بە دەرکردەی چەمکەکان، جارێکی تر دەبنەوە بە تێکردە(Croft and Cruse: 2004;1-4).

٣- "کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانەوە سەرهەڵدەدات"، مەبەست لەم گریمانەیە ئەوەیە پۆل و دروستەکان(مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک)، لەئەنجامی تێگەیشتنی ئێمە

---

[١] ا.بۆ ئاشنابوون بەم چەمکانە جگە لە میرۆنیم دەتوانرێت سوود لە (تالیب حوسێن،٢٠١١) وەربگیرێت.
ب.میرۆنیم بریتییە گوزارشتکردنی گشت لە میانەی بەشێکیدا، بەجۆرێک پەیوەندیی نێوانیان بەخورتی بێت، وەک دەست بەشێکی جیانەکراوەیە لە باڵ؛دەستی بۆ درێژ کرد، کۆشکی سپی بڕیاریدا=حکومەتی ئەمریکا بڕیاریدا (Montesinos,2010).

بۆ گوزارشتی جیاواز لە بەکارهێنانی زماندا دێنە ئاراوە(Croft and Cruse, 2004:3). پارامێتەرەکان لە زۆربەی چالاکییە زمانییەکانی درکپێکردن و دەوروبەری ئاخاوتندا ئاماژەیان بۆدەکرێت و سینتاکس و فەرهەنگ لێک دابڕاونین و دروستە سینتاکسییەکان لەئاستە جۆراوجۆرەکانی بەسکیماکردندا واتا دەگەیەنن و بە جیاوازیی دەوروبەری ئاخاوتنەوە دروستەی وشە ومۆرفیمەکانیش دەگۆڕێت(Stefan Th.Grie,2006:2,3).

ئەم گریمانە بناغەییانەی زانستی زمانی درکپێکردن، ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونەیە، کە سیمانتیک و سینتاکس لە نەخشەی واتایی و پۆلینکردندا، کە سازکردن و ڕێکخستنی کەرەستەی نوێ لە کۆزانینی ئاخێوەردا لەخۆدەگرن زگماکین و بوون بە چوارچێوە و شتی نوێ دەکەنەدەرەوە. زانستی زمانی درکپێکردن ئەوە دەسەلمێنێت، کە شرۆڤەکان بەشێوەیەکی فراوان لە گۆڕانە سادەکاندا لە ئاکاری ئەبستمۆلۆژییانە[١] و لێکدانەوەی واتا، مۆدێلی جیاواز لە نواندنی ڕێزمانی وەکو شێوازێکی بەکارهاتوو لە ئاست شێوازە گشتییەکان لە ئاکاری زمانەوانی دێنێتە ئارا، لە سینتاکسیشدا ئەم تێڕوانینە ڕاستەوخۆ بۆ بوون بە دروستە دەبێت بە بنەما(Fillmor,1990,Croft and Cruse:2004).

## ٤-٢/١)چەمکە کلیلییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن:

زانستی زمانی درکپێکردن بریتی نییە لە تاکە تیۆرێک، بەڵکو ڕێباز و قوتابخانەیەکی فرە ڕەهەندە و چەند پەیوەستەگی و بنەمایەک کۆیاندەکاتەوە و لە دروستەیەکی فرەپێکهاتەی یەکتر تەواوکەر پێکدێت و دوو تایبەتمەندی لە ڕێبازەکانی تری زمانەوانی'فۆرمی و ئەرکی' جیایدەکاتەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- پەیوەستەیی هەمەکییانە:**

مەبەست گونجان و پێکەڵبوونی گشتی پێکهێنەرەکانی زمان'دەنگ، داڕشتن، واتا'یە (Lacof,1990:41). ئەمەش کۆمەڵێک بنەما دێنێتەئارا و بەسەر هەموو بوارەکانی زماندا جێ بەجێ دەبن، وەک پەیوەستەگیی نموونەی پێوانەیی لە زانستدا و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە فراوانترین ئاستی گونجانی کایەکان، کە لە ڕێبازەکانی پێشتر جیاکراونەتەوە(Evans,2014:3).

---

[١] ئەبستمۆلۆژیا"Epistmology"، ڕێبازێکی فەلسەفییە بۆ ج.ف.فیبر دەگەڕێتەوە، لە کتێبی ( Institutes of Metathysics,1854)، فەلسەفە پەیوەست دەکات بە زانست و گۆڕانکارییە زانستییەکان(ڕێبین ڕەسوڵ،٢٠٠٤:٩).

له ڕێبازەکانی پێشتردا، جۆرێک پلەبەندی بۆ ئاستەکانی زمان دادەنراوە و واتاسازی بەئاستی لاوەکی دادەنرێت(محەمەد مەعروف،١٩٩٠:٥٠). دامەزراوەی زمانی بۆ بوارەکان بەش دەکرێت؛ دەنگسازی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک، پراگماتیک و بنەمایەک نییە پەیوەستبوونی گشتی لەنێو ئاستەکاندا بێنێتەئارا(Evans,2014:3). بەڵام ڕێبازی درکپێکردن ڕێسا و بنەماکانی زمان بەیەکەوە بەسەر ئاستە جیاوازەکانی زماندا جێ بەجێ دەکات و تێبینی پەیوەندی و پەیوەستەگیی هەمە لایەنەی کایەکانی زمان دەکات(Evans,Bergen& Zinken,2007:3).

له ڕێبازی زانستی زمانی درکپێکردن دەشێت بوارەکانی زمان لە ڕووی تیۆرییەوە جیابکرێنەوە، بەڵام لقە سیستەم و دابڕینی لێکۆڵینەوەی ئاستەکانی زمان ڕەتدەکاتەوە. ئەوە دەخاتە ڕوو، کە بەدیکردنی جۆربەجۆر لە سەرهەڵدانی کۆزانینی زمانی لە چەپکێکی هاوبەش لە توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤ نەخشەییانە و لە وێنەی فرە چەشن و ئاوێتەی کۆزانین پێکدێت'نەک لەیەکەی داخراوی گریمانەکراوی سەربەخۆ لە ئاوەزدا بەرهەم بهێنرێن' و دامەزراوەی زمان وەکو ڕوانگەی ئاوەز بۆ دەوروبەر و پێکهاتەیەکی ڕوون و دیار سەیر دەکرێت، کە کۆ توانست و ئاستی درکپێکردنی مرۆڤ لە نواندنی کۆزانین ڕۆڵ دەبینێت(Evans,2007:3).

له ئەنجامی ئەم پەیوەستەییەدا، توێژینەوەکان، جەخت لەسەر هاوبەشیی نێوان کایەکانی زمان دەکەنەوە و تیشک دەخەنە سەر هاوبەشیی لەنێو ئاستەکاندا و ئەمەش بۆتە هۆی سەرلەنوێ و دووبارە پێداچوونەوەی شێواز و ڕێبازی توێژینەوەکان و بەکارهێنانەوەی ڕێگا سەرکەوتووەکان و شرۆڤەکان بەرانبەر ئەم ڕووکارانەی زمان، بۆ نموونە گرنگی بەوە دراوە، چۆن وەچەپۆلەکان پەیوەست دەبن بە ژێدەر و واتا کاریگەریی لەسەر بە شاوەچەبوونی کاتیگۆری لەنێو پۆلەکەیدا دەبێت(Evans,2014:3). تەنانەت ڕەهەندی زانستی بوونیش'چ لە ڕامان و چ لە توێژینەوەکاندا' بەهۆی مەرجی دروستی نییە، بەڵکو ئەزموونەکان و پێکهاتەی بایەلۆژی بەیەکەوە بە بنەماکراون، ئەمەش بۆتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی نوێ، وەک لە دەستنیشانکردنی شاوەچە وەکو وەچەنموونەی کاتیگۆرییەکان دەردەکەوێت.

لەم قوتابخانەیەدا، بەشێوەی ستوونی و وەک کێکێکی چەند قاتی(واتاسازی، سینتاکس، وشەسازی، دەنگسازی) یەکتر تەواوکەر و  ئاوێتە و گونجاو لە تام و چێژەکان سەیری

زمان کرا، واتا لە ئاستی سەرەوە و ئاڵۆزتریشە بەوەی فرەیی لەخۆدەگرێت و گشتگیرتر و پتر شایانی گرنگی پێدانە(Evans,Bergen& Zinken,2007:3).

**٢- پەیوەستەیی درکپێکردنانە:**

درکپێکردن لە بنەما گشتییەکانی زماندا دووەم مۆرک و سیمای جیاکەرەوەیە ، کە ئەم قوتابخانە زمانییە پێیەوە پەیوەستە(Lakof,1990:41). درکپێکردنیش لە ئاوەز و کۆزانینی مرۆڤ لە پسپۆرییە جیاوازەکاندا سەرچاوە دەگرێت، هەر پەیوەستبوونیش بەم سیمایە وەک قوتابخانەیەکی فرە پسپۆری، قوتابخانەکەی کردۆتە ئاوەزی.

کاتێک هەمەکی بوون جەخت لەسەر پەیوەستبوونی دروستەی ئاڵۆزی زمان لە ئاستە جیاوازەکاندا دەکاتەوە، درکپێکردن پێ لەسەر ڕەنگدانەوەی هەمەلایەنی کۆزانینی درکپێکراوی ئاخێوەر دادەگرێت، کە لە ئاوەزدا هەڵگرتوون'فەلسەفی، سایکۆلۆژی، دەمارناسی، زیرەکیی دەستکرد' بەوپێیەی ئاخاوتن نموونە و ڕەنگدانەوەی کۆزانینی ئاوەزە(Evans,Bergen&Zinken,2007:3-5.Evans,2014.Evanse&Grean,2006:40,41)، هەروەک لە نموونەی ژمارە(١) بەدیدەکرێت:

نموونە(١):

ا.[بارانێکی زۆرخۆش] دەبارێت.

ب.[بارانێکی بەخوڕ] دێتەخوار!

هەر یەکە لە ڕستەکانی(ا) و (ب) دەربڕی کۆمەڵێک ڕەهەندی فرەپسپۆریی تاکی کوردە، کە لەبۆتەیاندا هەم جۆری هاتنەخوارەوەی باران و هەم باری دەروونی ئاخێوەر، سەرنج دەدرێت. ڕستەی یەکەمیان وێناکردنی بارانێکی ئاساییە، بەڵام دووەمیان بارانێکی زۆر و خێرا و یەکەمیان ئاسوودەیی ئاخێوەر و دووەمیان بوونی مەترسی دەگەیەنن.

بنەمای درکپێکردن ژمارەیەک ئەنجامی بەرچاوی لێکەوتۆتەوە، یەکەمیان؛ زانستی زمان ناشێ ئەو دروستە یان پرۆسانە لەخۆ بگرێت، کە زانیاریی ئەزموونکراو لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤ پێشێل دەکەن، وەکو لە جیاکردنەوەی هەردوو هاوەڵناوی بکەری ناوی [نان] لای ئاخێوەری زمانی کوردی لە نموونەی ژمارە(٢) دا بەدیدەکرێت:

نموونە(٢):

ا-براکەی هێمن [نانەوا]یەکی زۆرباشە.

براکەی هێمن[نانکەر]ێکی زۆرباشە.*

ب-گوڵشەنگ[نانکەر]ێکی باشە.

گوڵشەنگ[نانەوا]یەکی باشە.٭

بەوپێیەی ئەزموونی تاکی کورد، نانەوای تەنها لەڕەگەزی نێر بینیوە و تەنها ئافرەتیش بەرلەوەکارێکی سەرەکیی نانکردن بووە، هەرگیز ئالوگۆڕ لە بەکارهێنانیاندا ناکات:

ا.نانەوا... (+مرۆڤ / +نێر)　　　ب-نانکەر... (+مرۆڤ / -نێر)

دووەم: ئەو نموونانە بۆ بەکارهێنانەوە جێگیرکران، کە تایبەتمەندییە ئاوەزییەکانیان لە لێکدانەوەی دیاردە زمانییەکاندا کەمتر جیاوازی لەخۆدەگرن، بەرانبەر ئەو شێوانەی لە پێوانە سادەکاندا دادەڕێژرێن، بۆ نموونە بە چاوخشاندن بەوەی، کەوا زانستی زمانی درکپێکردن لە توێژینەوەکان لە بواری پۆلێنکردندا، بەدەستی هێناوە دەبینرێت، بۆ داڕشتنی تیۆرییانە، هەمان ئەو میکانیزمانە گیراونەتەبەر، کە لە بوارەکانی تری بیرکردنەوە و چالاکیی ئاوەزیانە لە پۆلێنکردندا لێکئاڵێنراون و دەرکەوتووە لە بەمۆدێلکردنی گریمانەی سەربەخۆیی سیستەمی بوارەکانی زمانی گونجاوترە، بەمەش لێکۆڵینەوە پێویستە گەواهی پێکەڵ لەگەڵ ڕاستیی توانستی ئاوەزی درکپێکراو لە توخمە پێکهێنەرەکان لە نێو شێوە پێشنیازکراوەکاندا بهێنێتەوە(Evans,2014:3).

## ٢/١-٥) سیماکانی زانستی زمانی درکپێکردن:

لە سەرنجی زانستی زمانی درکپێکردندا ئەرک و چالاکی و کردەکانی درکپێکردن وپەیپێبردنەکان، ئاماژەن بۆ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دروستە زانیارییە ناوەندییەکان لە ڕێکخستنی بەیەکگەیشتنی مرۆڤ و جیهان و ئەوە بەگریمانە دادەنرێت؛ کە کارلێککردنمان لەگەڵ جیهاندا بەپێدا تێپەڕین و ناوەندگیریی دروستە زانیارییەکانی ئاوەز دەبێت، ئەم تێڕوانینە بەهۆی تیشکۆ خستنەسەر زمانی سرووشتی وەکو ئامراز و هۆکاری ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کردەکان و گواستنەوەی ئەم زانیارییانە، جەختی لەسەر دەکرێتەوە و زمان وەک کۆگایەک بۆ هەڵگرتنی زانیاری لەبارەی جیهان سەرنج دەدرێت، کە بەجۆرێک پێکهاتووە کۆکەرەوەی پۆلە واتابەخشەکان بێت، بەوجۆرەی یارمەتیدەرمان دەبن بۆ پێکەڵبوون لەگەڵ ئەو زانیارییە نوێیانەی بەدەستیان دێنین و جارێکی تر لەگەڵ زانیارییەکانی پێشتر هەڵدەگیرێن. بەمەش دەتوانرێت زانستی زمانی درکپێکردن بەهۆی سێ سیمای بنەڕەتی بناسرێتەوە:

**١- پێشکەوتنی واتا لە شرۆڤەکردنی زماندا :**

ئەم سیمایە دەرهاویشتەی ئەو تێڕوانینە بنەڕەتییەیە، کە ئەرکی سەرەتایی و سەرەکی زمان هێنانە ئارا و گەیاندنی واتایە 'ئەم سیمایە لە میانەی دوو سیماکەی تر ڕوون

دەبێتەوە؛ چۆن پێشەنگیی واتا دەرهاوێشتەی شێوازی ڕاستەوخۆ و دروستی پەیپێبردنی درکپێکردن خۆیەتی' کاتێک ئەرکی سەرەتای زمان بریتی دەبێت لە پۆلێنکردن واتاش دەبێت بە دیاردەی بنەڕەتی لە سەرنجدانی زانستی زماندا ( Geeraerts&Cuycknes, 2007:5)، وەک لە نموونە(٣)دا، سەرنج دەدرێت:

نمونە(٣): لە ڕستەیەکی وەکو : (کوڕێک هات).

لەوشەی (/کوڕێک/) دا ، پرۆسەی پۆلێنکردن بەدی دەکرێت، پۆلێنکردنێش بەهۆی نیشانە واتاییەکانەوە، ئەنجام دەدرێت :

کوڕێک
- ئاژەڵ - ڕوەک + مرۆڤ
- مێ + نێر
- ناسراو + نەناسراو
- کۆ + تاک
-ساوا + هەراش -پیر

هەر نیشانە واتاییەکانیش ناسینی ئەم سیمایانە جیادەکەنەوە:

- مرۆڤ چی دەگەیەنێت ؟ ئاژەڵ چی دەگەیەنێت ؟ ڕوەک چی دەگەیەنێت ؟
- نێر چییە؟ مێ چییە ؟
- تاک چی دەگەیەنێت؟ کۆ چی دەگەیەنێت ؟
- ساوا چی دەگەیەنێت ؟ هەراش چی دەگەیەنێت ؟ پیر چی دەگەیەنێت ؟

**٢- سروشتی زانیارستانی لە واتای زماندا :**

ئەم سیمایە لە ئەنجامی ئەو پرۆسە بابەتییەوە دێت'کە زمان و واتای زمانی سیستەمێکن بۆ پۆلێنکردنی بوون' و ئەو کۆزانینەی ئاخێوەر لە ئەنجامی شارەزایی وئەزموونکردنەوە بەدەستیان دەهێنێت، لە ئاراستە کردن و تێڕوانین و هەڵێنجانی واتاکاندا دەبن بە بنەما"(Geeraerts& Cuycknes, 2007:5).

واتاسازیی زانیارستانی، دەبێت بە بەشێکی جیانەبووەوەی کۆزانینی زانیارستانی ئاخێوەر و زمانیش سیستەمێکە بۆ گوزارشتکردن لە کۆزانینی چەمکییانە و هەر دەربڕینێکیش چەمکێکی فرەڕەهەند لەخۆدەگرێت(Evans&Green,2006:206,207)، بەمەش مرۆڤ ناتوانێت؛ درکپێکردنی تەواوی بۆ چەمکی بیستراوەکان هەبێت، بێ

بەدەستهێنانی شارەزایی لە کۆسیماواتاییەکانی دروستە (Geeraerts,2006:15)، وەک لە نموونە(٤)، بەدی دەکرێت:

نموونە(٤): [پەرتووکێک]م کڕی.

وشەی[پەرتووک]جگە لە پێناس و بنەما زانستی و لۆژیکییەکانی، پێکهاتە ماددی و فیزیکییەکانیشی دەگرێتەوە. هەروەک پێکهاتەی ماددی و فیزیکیش بەبێ بنەما زانستی و لۆژیکییەکانی، کە لەمیانەی ئەزموون و نەخشەڕێژکراون بە پەرتووک دانانرێت. چەمکی پەرتووکی کڕاو جارێکی تر، پێکهاتە ماددییەکەی، کە لە کاغەز پێک دێت، فیزیکییەکەی ،کە هەڵدەدرێنەوە، قەبارەکەی کە لە نامیلکە و ...جیای دەکاتەوە، لەخۆ دەگرێت، واتە واتای پەرتووک لە نموونەی(٤)دا، تەنها کاتێک خوێنەر/گوێگر لە واتاکەی دەگات، کە سەرجەم واتاکانی وشەکەی لە ئاوەزدا بەکۆد کرابن.

### ٣- واتای زمانی واتایەکی پەیپێردنانەیە:

کاتێک بیسەر بۆ دەربڕینێک هەڵوێست و وەڵامدانەوەی جیاوازی دەبێت، ئەمە کاریگەریی وێناکردنی ئاوەزە بۆ بویەر، کە بەو جۆرەی ئاوەزی ئاخێوەر پەی پێ دەبات، وێنای دەکات و لەمیانەی ئەو پێڕەوەی درکپێکردنی هەستی و ئاوەزییەش کە هەیەتی، بەجەستەی دەکات(Evans&Green,2006:1-7).

بەمەش تێگەیشتن و وێناکردنی واقیعی جیهان، بەپێی فەرمانی ڕەها و وەکو خۆی' وەک ئەو وێنەیەی ئاوێنەی دروستی تەلیسکۆب دەیداتەوە' لە زماندا ڕەنگ ناداتەوە و بەجەستەناکرێت، بەڵکو ئامانج و بواری پۆلێنکردن چوارچێوە بەسەر جیهاندا دەسەپێنێت، نەک ڕاستیی بابەتییانە. واتە؛ زمان هۆکارێکە بۆ ڕێکخستنی پێداویستی و تاقیکردنەوە کەسی و کۆمەڵییەکان و ئەمەش سیمای پەیپێبردن بە زمان دەبەخشێت. لێرەدا توانای ئاوەزی ئاخێوەر و شارەزایی و ئەو بوارەی پێیەوە پەیوەستە، جۆری وێناکردنی دیاری دەکەن(Geeraerts&Cuycknes,2007:5)، لە پەیوەندیکردندا تەنها بەچەمککراوەکان بەدی ناکرێن، بەڵکو لە پلەی یەکەمدا بینینەر وەک هەگبەیەکی دەوڵەمەند بە ئەزموونە ماددی و کۆمەڵایەتییەکان'کە کردوونی بە هاوێنە و پێیان سەیری شتەکان دەکات' وێنا دەکات(Lacoff&Johnson,1980).وەک لەم نموونانەی خوارەوە سەرنج دەدرێت:

نموونە(٥):

یەکەی واتاییی[نەشتەرگەری] لای کەسێک، کە ئەزموونی خراپی نەشتەرگەریکردنی هەیە، لەگەڵ کەسێک نەشتەرگەرییەکی ئاسان و بچووکی بێ ئازاری بۆ ئەنجام درابێت، بە دوو شێوەی جیاواز وێنا وەردەگرێت.

نموونه(٦):

تێڕوانین و گوزارشتی کەسەکان بۆ[شار]، جیاواز و جۆراوجۆره:

ا- ئێستا و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، سیماجیاکەرەوەکانیی [گوند] و [شار]، لای ئاخێوەری زمانی کوردی گۆڕاوه، چ لە لایەنی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتووان، چ لە لایەنی پێویستییە شارستانییەکان.

ب-جوگرافیناسێک لە ڕوانگەی زانستی جوگرافیاوە سەیری دەکات و وێنای دەکات :

- دەکەوێتە کامە کیشوەر؟ ئایا شوێنەکەی ستراتیژییە ؟
- لەسەر کام هێڵی پانییە ؟ لەسەر کام هێڵی درێژییە ؟

بەڵام مێژووناسیک لە ڕوانگە مێژووییەکەی :

- کەی شارستانێتی تیا دامەزراوه؟ ئەو ڕووداوە گرنگانەی، کە لە مێژوودا تیایدا ڕوویانداوه.

لەبەرانبەر ئەمانەشدا، توێژەری زمان تیشک دەخاتە سەر :

- ناوەکەی ،لە چ وشەیەک هاتووە ؟ چی دەگەیەنێت؟

بە وردبوونەوە لەم بنەمایانە، بۆ جیاوازیی نێوان هەردوو ڕێبازی درکپێکردن و ڕێزمانی بەرهەمهێنان لە ئاوەزیبووندا، دەردەکەوێت کاتێک قوتابخانەی بەرهەمهێنان پەیوەست بە پێکهاتەی بایەلۆژیی مێشکی مرۆڤ'بێ گرنگی دان بە کاریگەریی ئەزموون لە پێشخستنی توانست' و بێ ڕەچاوکردنی پەیوەندیی نێوان تاک و بابەت و لینکی نێوانیان توانستی ئاوەزی سەرنج دەدرێت. بەڵام ڕێبازی درکپێکردن لەگەڵ سەرنجدانی توانستی سروشتیی ئاوەز، تیشک دەخاتە سەر گەشەپێدان و بەجەستەکردنی وێناکان و وەرگرتنی زمان لە دوو ئاستدا دەبینێت :

١-بەدەستهێنانی زمان، زۆربەی کات پەیوەستە بە کۆمەڵێک بنەمای بایەلۆژی و ژینگەییەوه.


٢-گەشەکردن و پێگەیشتنی زمان، لەمیانەی ئەزموونی جەستە و کارلێککردنی تاکەکان لە نێو کۆمەڵگا دێتەئارا(Geeraerts&Cuycknes, 2007:5).

## ٦-٢/١)بوارەکانی توێژینەوەی زانستی زمانی درکپێکردن:

زانستی زمانی درکپێکردن لە بینین و توێژینەوەی زماندا، نەخشەی بوار و لقەکانی زمانەوانی، لە دوو بواری سەرەکی دەخاتەڕوو، کە کایەکانی تر لە نێو ئەم دوو بوارەوە بەدی دەکرێن و سەرنج دەدرێن :


١- ڕێزمانی درکپێکردن          ٢- سیمانتیکی درکپێکردن

جیاواز لە قوتابخانەکانی دیکە'کە جەخت لە بنەمای ڕێزمانی دەکەنەوە' زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەسەر ڕۆڵی واتا دەکاتەوە "بەو تێڕوانینەی واتاکان لە ئاوەزدا وێنا دەکرێن، ئنجا لە سیستەمی ڕێزماندا وەک نموونەی وێناکردنەکە دەردەبڕرێن". بەمەش واتاکان خۆیان بەسەر سیستەمی ڕێزمانی دا دەسەپێنن و ڕێساکانی ڕێزمان پێیانەوە پەیوەست دەبن، وەک لە نەخشە(١)دا، خراوەتە ڕوو:




نەخشەی ژمارە(١)، بوارەکانی زانستی زمانی درکپێکردن(Evans& Green,2006: 48-50).

لە تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیەدا پرۆسەی پەیوەندیکردن سێ کایە لەخۆدەگرێت، ئەویش بەجەستەکردن و بەکۆدکردنی وێنەکانی ئاوەزە بە هێما زمانییەکان، بەرلەوەی لە ڕستە و دەقدا سیستەمی ڕێزمانی ڕێکیان بخات و دەربڕرێن. بەمەش بەکۆدکردن دەبێت بە لینکی بەیەکگەیشتنی واتا و ڕێزمان، وەک لە نەخشەی ژمارە(٢)دا، خراوەتەڕوو :




نەخشەی ژمارە(٢)، پرۆسەی دەربڕین و گوزارشتکردنی وێنەئاوەزییەکان
(Evans&Green,2006:48-50).

بەمەش کایەکانی تری زمان[1]فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، پراگماتیک[1] لە چوارچێوەی هەردوو بواری ڕێزمان و سیمانتیکدا، ڕۆڵیان دەبێت و ڕێزمان دەبێت بە توێژینەوەی پەیوەندی و ڕێکخستنی دانەکان، کە بواری ئەم توێژینەوەیەمان نییە. بەڵام سیمانتیکی درکپێکردن، کە بابەتی ئەم توێژینەوەیەمانە، لە تەوەری سێیەم دەخرێتەڕوو.

بۆیەش جیاکردنەوەی نێوان ئەم دوو بوارە لە زانستی زمانیی درکپێکردندا، تەنها لە ژێدەری توێژینەوەدایە و سیستەمی زمان لە چێوەی دامەزراوەیەکی یەکتر تەواوکەر و هاوبەشدا جێبەجێ دەکرێت(Benjamin &Zinkon &Evans,2007:5-7).

## ٣/١) سیمانتیکی درکپێکردن:

سیمانتیک وەک دامەزراوەی فراوانی زانستی زمانی درکپێکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری تێدا دەکرێت:

### ٣/١-١)سەرەتا و بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن:

سیمانتیک پانتایی فراوان لە زانستی زمانی درکپێکردن دەگرێتەوە. سیمانتیکی درکپێکردن تاکە تیۆرێک نییە، بەڵکو بوار و دامەزراوەیەکی فراوانە بۆ توێژینەوەی ئاوەز و پەیوەندیی لەگەڵ کۆزانین و شارەزایی بەجەستەکراو لە زماندا، ئامانجی هێنانەئارای پێناسەی زمانە وەکو کلیل و ئامراز، لە پەیوەندیی نێوان چەمک و دروستە لە زماندا(Evans&Green,2006:48-50). ساڵی ١٩٧٠ وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بۆچوونی هەستپێکراو[1]ی ئەنگلۆ ئەمریکی و مەرجی دروستی[1] کە واتای زمانییان قەتیسکردبوو لە پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان وشە و جیهانی دەرەوە، پەیوەست بە مەرجی لۆژیکی[1] سەری هەڵدا(Sweetser,1990:4).

ڕێبازی درکپێکردن واتای زمانی وەکو خستنەڕووی دروستەی چەمکی[1]سرووشتی ڕێکخستن و نواندنی کۆزانینی ئاوەز[1] ڕاڤەدەکات، کە"بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی دروستە و چەمک و واتا بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە زماندا" (Talmy,2000a:4).

### ٣/١-٢)گریمانە وبنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن:

لە چوارچێوەی دروشمی"زمان هەمووی لەبارەی واتاوەیە"[2] کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری زانستی زمانی درکپێکردن ساڵی ١٩٩٠ ڕاگەیەنراوە، ئەم ڕێبازە وەکو؛ "ئامراز و هۆکاری

---

[1] (objectivist world-view) بیروباوەڕێکی فەلسەفییە، ڕاستی پەیوەست دەکات بە هەست پێکردن و لەبەرچاو بوون، بەشێوەی ماددییانە، نەک لە ئاوەزدابێت(حەمەڕەشید،٢٠٠٩:٦٣٦).

[2] "language is all about meaning"

ڕێکخستن و نمایشکردن 'جێبەجێکردنی کردەکان' و هەڵگرتن و گواستنەوەی زانیارییەکان – وەک سەرچاوەی واتا، لە زمان دەڕوانێت و لە چێوەی چوار بنەمای گشتی شرۆڤەی دەکات:

- دروستەی چەمکی لە بەجەستەکردندا بەدی دەکرێت.
- دروستەی واتایی پێکهاتەیەکی نموونەییە.
- واتای نموونەیی واتایەکی زانیارستانییە.
- داڕشتەی واتایی لە ئاوەزدایە. (Greertaers,2006:3)

**١-دروستەی چەمکی لە بەجەستەکردندا بەدی دەکرێت:**

ئەمە سروشتی ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان پەیکەری واتایی و جیهانی دەرەوەدا هەیە. دروستەی چەمکی وەک ئەزموون تاقیدەکرێتەوە. ئنجا لەئاوەزدا وەک ڕاستی هەڵدەگیرێت و وەک پەیپێبردنی سرووشتی کارلێککردنی نێوان مرۆڤ و جیهانی دەوروبەر لێکدەدرێتەوە. بەمەش داڕشتنی پەیکەری واتایی، بریتی دەبێت، لە پێکەڵبوون لەگەڵ ئەو شێوازانەی، کە لە تاقیکردنەوەکاندا پەیڕەوی دەکرێن و ئەو پەیوەندییە واتاییە لەنێوان جیهان و زماندا بەجەستەکردنی چەمکەکان بەپێی ئەزموونی جەستە نەخشە دەکێشێت. بەمەش پەیکەری واتایی خاوەنی مەغزایەک دەبێت، کە خۆی لەتاقیکردنەوەی جەستەییدا دەبینێتەوە(Evans&Green,2006:157).

مرۆڤ لە چوارچێوەی تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە دەتوانێت وێنا و گوزارشت بکات. جەستەش خاوەنی پێکهاتەیەکی دەماری شیکردنەوەی توێکاریی خاوەن نەخشەیە و ڕوانگەی تایبەتی پێدەدات بۆ بینینی جیهان و دەبێت بە بنەما بۆ پەیپێبردن و درکپێکردنی جیهان. بینینیش گرنگترین هەستەوەری پەیپێبردن و درکپێکردنی مرۆڤە لە وێناکردن و بەجەستەکردنی واتا لەزماندا و تایبەتمەندیش بە جۆری ئاخاوتن دەدات ,Benjamin (Evans.Zinken,2007:7)[١]، وەک لەنموونە(٧)بەدی دەکرێت:

---

[١] بۆ نموونە توانای زیندەوەران لە هەستکردن و پۆلێنکردنی کەناڵەکانی ڕەنگ جیاوازە. مرۆڤ سێ کەناڵی هەیە لەکاتێکدا کەروێشک و پشیلە و سمۆرە دوو کەناڵ و کۆتر و ڕەنگالە چوار کەناڵ. هەندێ زیندەوەری وەکو مار لەشەویشدا دەتوانن هەست بە نێچیرەکانیان بکەن و دوایانکەون (Evans,Benjamin,Zinken,2007:7)، و توانای بیستنی مرۆڤ لەنێوان ٢٠-٢٠٠٠٠هێرتزە، بەڵام گیانەوارانی تر توانای جیاوازیان هەیە، وڵاغەبەرزە توانای بیستنی لە مرۆڤ زیاترە، مار و مریشک و سەگ و مشک و..بەهۆی بیستنی هەندێ دەنگ(جەمال موحەممەد،٢٠١٢:١٣٠-١٣٢).

نموونەی(٧):

منداڵ، کە دەچێتە قۆناغی گاگۆڵەکردن یان کەوتنە سەرپێ، هەرچەندە ڕێگری لێبکرێت خۆی لە گەرمکەرەوەکان ناپارێزێت، کەچی دوای جارێک بەرکەوتنی جەستەی تا هەتایە خۆیی لێ دەپارێزێت، واتە؛ منداڵ بە ئەزموونکردنی جەستە، چەمکی گەرم و سوتێنەری لە ئاوەزدا، بەچەمک بوو و وەک دروستەیەکی بە نموونەکراو، لە میانەیەوە سەیری هاوشێوەکانی دەکات.

**٢- دروستەی چەمکی پێکهاتەیەکی نموونەییە:**

دەربڕینەکان ڕەنگدانەوە و ئاماژەن بۆ ئەو چەمکانەی لە هزری ئاخێوەردان، نەک ڕاستەوخۆ ئەو بوونە ڕاستەقینەیەی لە بویەردا هەیە. مرۆڤ لە ڕامان لە دیاردەکان بۆ ئەو دروستە چەمکییانە دەگەڕێتەوە، کەلە ئاوەزدا بەنموونە بوون، ئینجا لە ڕێگەی فەرهەنگی وشەیەی ئاوەزیدا گوزارشتیان دەکات(Evans,2007:8-9)،ئەمەش دەمانگەیەنێت بە تایبەتمەندییە کەسییەکان، لەگەڵ بەنیشانەبوون و ئاماژەکردن بۆ مەبەستەکان، کە دەمانگەیەننە پەیپێبردنی واتای مەبەست بەپێی ئەوەی، کە بەنموونەکراوە لەڕێگەی دەربڕینی واتا لە فۆرمدا(Evans,Benjamin,Zinken, 2007:8,9).

وشەکان دوو جۆر واتایان هەیە:

١-واتای فەرهەنگی.

٢-واتای زانیارستانی.

تایبەتمەندیی تاک و شێوازی بیرکردنەوەی لە گوزارشتکردن لە بیر و بەکۆدکردنی چەمکەکانیش ئەو بۆچوونە کلاسیکییە ڕەتدەکاتەوە، کە واتا تەنها بە وشە پەیوەست دەکات و پێی وایە؛ لە میانەی واتای زانیارستانی دەتوانرێت وێنەیەکی نزیکتر بۆ کەرەستە و چەمکەکان وێنابکرێت(Evans&Green,2006:158). وەکو لە نموونە(٨) و (٩)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٨):

وشەی[پیاو] لە فەرهەنگە جیهانییەکاندا، هەڵگری کۆمەڵێک سیما و پێناسەی هاوبەشە، بەڵام شارەزایی و بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردی وەکو بەشێک لە زانیارستانی کەلتووری مەبەستی پرسیارکەرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

-........پیاوە.

-نەبەخوا پیاونییە.

ئەم ڕاجیاییە لە پیاوبوون و پیاونەبوونە، ناگەڕێتەوە بۆ [±نێر، ±خێزانداری]، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیشانە چەمکییانەی پێناسەی زانیارستانیی کورد بۆ پیاو نەخشەی کێشاوە: [+ بوێری، + بەخشندەیی]

نموونە(٩):

هەمان بەرداغ نیوەی پڕ و نیوەی بەتاڵ، دووکەسی جیاواز، بە دوو ڕوانگەی پێچەوانە گوزارشتی دەکەن:

١-نیوەی پەرداخەکە بەتاڵە.

٢-نیوەی بەرداخەکە پڕە.

لەگەڵ ئەوەی دوو دەربڕینی پێچەوانەن، بەڵام هیچ یەکێکیان هەڵەنین، تەنها بە سەرچاوەبوونی، دوو تێڕوانینی جیاوازن.

**٣-واتای نموونەیی واتایەکی زانیارستانییە:**

مەبەست ئەوەیە چەمکە فەرهەنگییەکان دەرخەری واتای دروست و ڕاستەقینەنین، بەڵکو پەیوەست بە چەمکێکی دیاریکراو، کەناڵی گەیشتنن بە زانیارستانی فراوان لە درکپێکردنی مرۆڤدا. هەر کەسە بەپێی پسپۆڕی و ئاستی زانیارییەکانی گوزارشت لە شت یان دیاردەیەکی دیاریکراو دەکات و دەشێ یەکەی فەرهەنگی بەشێوازی جیا بۆ گوزارشت بەکاربهێنرێت(Evans&Green,2006:158). وەک لە نموونەی (١٠)دا بەدی دەکرێت:

نمونە(١٠):

خێزانێک لەکاتی گەشتکردنیاندا لە کەناری ڕووبارێکدان، منداڵەکەیان دەچێتە کەناری ڕووبارەکە:

دایکی:ئازا لە ڕووبارەکەوە نزیک بۆتەوە!

باوک: [ئازا] [بێگرفت]ە.

لەبەرانبەر هەمان ئاماژە کاتێک باوکەکە بڵێت :

-[ڕووبارەکە] [بێگرفت] ە.

وشەی (بێ گرفت) ، دوو واتای جیاواز دەگەیەنێت، ڕستەی یەکەم واتای وریایی ئازا دەگەیەنێت، بەڵام لە دووەمدا دەشێ مەبەست ئەوە بێت ئازا پێویست نییە، چاودێری بکرێت، لەم ناوچەیە ڕووبارەکە جێگای مەترسی نییە. بەمەش هەمان کەرەستە و هەمان

دەوروبەردا لەمیانەی هەستی جیاوازەوە وەک بەشێک لە پێکهێنەری زانیارستانی مرۆڤەوە واتای جیاواز مەبەست بێت.

واتای زانیارستانی، درکپێکردنی هەمەکییانەی هەستەکانی مرۆڤ(بیستن، بینین، بۆنکردن، تامکردن، هەستکردن، بەرکەوتن) ە بۆ چەمکی شتەکان، بۆیەش ئەو دانانەی 'بۆ نموونە میوەیەک' کە ئاخێوەرانی زمانێک پێی ئاشنانین، هەڵگری واتای زانیارستانی نابێت لەو زمانەدا(Evans&Green,2006:215-216). کە لە نموونە(١١)دا دەنوێنرێت:

نموونە(١١):

بڕۆکلی لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکی کورددا ڕەنگە تا ئەم دواییانە هیچ ئاماژەیەکی نەگەیاندبێت، بەڵام دوای بەدیکردن و ناسینی خەریکە دەچێتە ناو فەرهەنگە ئاوەزییەکەیەوە.

**٤-دارِشتەی واتایی لە ئاوەزدایە:**

"زمان ئامرازێکە بۆ گوزارشتکرن لە وێنای ئاوەز"(Evans&Green,2006:7). مەبەست ئەوەیە، کە زمان تەنها بریتی نییە لە بەکۆدکردنی واتا، بەڵکو لەگەڵ کردەکانی گەیاندنی چەمک، تێخستننی پاشخانی زانیارییەکانیشە و بەمەش واتا دەبێت بەپرۆسە نەک تەنها شتێکی جێگیر(Evans,Benjamin,Zinken,2007:9).با بڕوانینە نموونە(١٢):

نمونە(١٢):

دوو ئافرەت لە سۆران هاتنە نووسینگەیەک، دوای ڕۆیشتنیان، یەکێ لە ئامادەبوان گوتی: ئەمانە هاوسەرن، ئامادەبووێک واقی وڕما و بەحەپەسانەوە گوتی: وازبێنە کاکە... کەسەکە گوتی: بەڕاستمە، بەریتانین.
ئیتر کابرا، ئاسایی بوویەوە و گوتی:ئێ، ئێ ، ئیتر.

جاری یەکەم، هۆکاری ئەو چەمکە واتاییەیە، کە لە کۆمەڵگای کوردەواری هاوسەرگیری نێوان هاوڕەگەز هەرگیز ڕێگای پێ نەدراوە، بەڵام پاشخانی وشەی بەریتانین، وروژاندنی ئەو کۆزانیارییە چەمکییەیە، کە دەزانرێت لای خەڵکی ئەو وڵاتە پرۆسەی خێزانداری نێوان هاوڕەگەز ئاساییە.

## ٣-٣/١) تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن و پێکەڵبوونیان:

وەک ئاماژەی پێکرا، زانستی زمانی درکپێکردن، بە چڕی جەخت لەسەر واتا دەکاتەوە و بەمەش واتاسازی دەبێت بە دامەزراوەی فراوان 'چ لە تێڕوانین چ لە لێکۆڵینەوەی

زماندا[4]. بەڵام سیمانتیکی درکپێکردن بریتی نییە لە تاکە تیۆرێک، بەڵکو لە کۆمەڵێک تیۆری یەکتر تەواوکەر، گەڵاڵە بووە، کە بریتین لە:

**١-تیۆری سکیمای وێنە:** ئەم تیۆرە لەلایەن جۆنسۆن، لە پەرتوکی"ئەو جەستەیەی لە ئاوەزدایە"[1]خراوەتە ڕوو. شرۆڤەی ئەوە دەکات، کە ئەزموونەکانی جەستە، سەرچاوەن بۆ دارِشتنی نەخشەی شێواز و ئاستی هەستکردن و وێناکردنی ئاوەز بۆ دەوروبەر.

ئەم تیۆرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر لەبنەڕەتەوە غەریزەی تاقیکردنەوە لە تەمەنی زوودا لای منداڵ هەڵگری کاریگەریی گەورەیە لە بەدەستهێنانی ئەزموون. هەروەک ژینگە و دەوروبەریش هۆکاری کاریگەرن لە ڕەخساندنی دەرفەتی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردندا، ئەم تاقیکردنەوانە ئەگەر سادەشبن، کاتێک دووبارە دەبنەوە دەبن بە بناغەی دروستەی واتایی بۆ بەرهەمهێنانی زمان و لە پرۆسەکانی بەجەستەکردندا دەبنە بنەما، وەک لە نموونەی (١٣)دا بەدی بکەین:

نموونە(١٣):

گەر سەرنج لە هەردوو پاشگری (/خانە/)،(/گە/) بدەین، کە ئاخیوەری زمانی کوردی ئەنالۆژییانە[2] و لەخۆوە و لەسەر بنەمای ئەزموونەکان، وشەی نوێیان لێ دروست دەکات: چایەخانە، تۆپخانە،...، فرۆشگە، بازگە،... . لەگەڵ ئەوەی هەردوو یەکەکە هەمان واتایان هەیە، هیچ ئاخێوەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردی ناڵێت: (چاپگە) یان (فرۆشخانە).

**٢-تیۆری واتاسازیی زانیارستانی:**

بۆچوونی پێشین، واتا بۆ هەردوو ئاستی فەرهەنگی و زانیارستانی جیادەکاتەوە. توێژینەوەی واتای فەرهەنگی وەک بەشێک لە واتاسازی دادەنرێت و لەبەرانبەریشدا کۆزانینی زانیارستانی، وەک کۆزانینی دەرەوەی زمان دەبینرێت، کەدەچێتە چوارچێوەی کۆزانین بۆ جیهان(Evans,Benjamin,Zinken,2007:10)، واتاسازیی درکپێکردن واتای زانیارستانی پەسەند دەکات و پێ لەسەر پێنج خاڵ دادەگرێت:

أ-جیاوازی لە نێوان هێلە گشتییەکانی واتاسازی و پراگماتیکدا نییە.
ب-کۆزانینی زانیارستانی ڕێکخراو و دروستەییە.

---

[1] (Mark Johnson,The Body in the Mind,1987).

[2] زاراوەیەکی ئینگلیزییە، بۆ زاراوەی "enologiq" ی گریکی دەگەڕێتەوە، بەواتای پێوانەکردن بەپێی نموونەی پێشتر دێت(محەمەد محەمەد،٢٠١٠:٧١).

ت-واتای زانیارستانی له دەوروبەردا دەردەکەوێت.
پ-یەکە فەرهەنگییەکان کەناڵی گەیشتن بە کۆزانیاریی زانیارستانین.
ج-کۆزانینی زانیارستانی له گۆڕاندایه.

ڕاڤه و تایبەتمەندی وبنەماکانی واتاسازیی زانیارستانی، کە سیمانتیکی درکپێکردن جەختی لێدەکاتەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا خۆی دەسەپێنێت، بۆیە هەوڵدەدەین لەسەر ئەم خاڵانەی سەرەوە بوەستین:

أ- سیمانتیکی درکپێکردن جیاوازی نێوان واتای فەرهەنگی'بنجی' و پراگماتیکی 'کۆمەڵایەتی و کولتووری' ڕەتدەکاتەوە. کۆزانین هەردوو لایەنی واتای وشە و زانیاری له بەرانبەر شێوەکانی بەکارهێنان دەگرێتەوە.

ب- کۆزانینی زانیارستانی، وەکو تۆڕێکی بەناویەکداچووی ڕێکخراو، شارەزایی لەبارەی هەموو زانیارییەکانی وشەکە دەگرێتەوە و ڕێکیان دەخات. هەروەک زانین لەبارەی وشەیەک 'وەک قەیسی' زانیاری لەبارەی هەموو لایەنەکانی (ڕەنگ ، شێوە، بۆن، تام، ...) ... دەگرێتەوە.

ت-واتای زانیارستانی، له دەوروبەردا دەردەکەوێت و لەئەنجامی بەشداران(پێکهێنەران)ی دەوروبەر دەگەینە واتاجیاوازەکان[1] 'بەنموونە لە نموونەی ژمارە(١٠) لە دەوروبەر گەیشتینە واتاکانی وشەی[بێ گرفت]'. بەمەش دەگەینە ئەوەی، کە واتای ڕاستەقینە ئەو واتایەیە، کە لە دەوروبەر دەردەکەوێت و کۆکردنەوەی واتا جیاوازەکانی وشە بەبێ زانیاری له بارەی دەوروبەر، نابێتە پەیپێبردنی واتا، ئەمەش توانای واتاسازیە.

پ- یەکە فەرهەنگییەکان کەناڵی گەیشتنن بە کۆزانینی زانیارستانی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، وشەکان سەبەتەیەکبن، کە زانیارییە هەڵگیراوەکان وەک خۆیان بخەنەوە ڕوو، بەڵکو ئەو ئامرازەن کە گەیشتنمان بە تۆڕی فراوانی زانیارییە زانیارستانییەکان ئاسان دەکەن، هەروەک'گوزارشتکردنی کەسێک، لە زانستی زمانی دادوەریدا، دەبێت بە بنەما، بۆ دەرخستنی کۆزانیاری و لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی تۆمەتبار بە ڕووداو و بابەت'.[2]

[1] "وشه له دەرەوەی چوارچێوە بێ واتایە"(کلۆد جێرمان و ریمۆ لۆبلان،٢٠٠٦:٢٩).
[2] بۆ زانیاری له بارەی ئەم ڕەهەندە، بڕوانە:(کاروان عومەر،زمانەوانی کارەکی، کۆرسی خوێندنی ماستەر، ز.سۆران؛ (٢٠١٤).

ج- کۆزانینی زانیارستانی لە گۆڕاندایە؛ ناوەندی واتا بەشێوەیەکی ڕێژەیی پەیوەستە بە وشە و جۆرێک لە جێگیری هەڵدەگرێت، واتای زانیارستانیش هەڵگری ناجێگیری و گۆڕانی بەردەوامە(Evans, Benjamin, Zinken,2007:11)، هەروەک تێگەیشتنمان بۆ چەمکەکان'بۆ نموونە کۆشک ' بەردەوام لەگۆڕاندایە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە تێڕوانینی زانیارستانییانە بۆ واتا بوو بە بنەمای سیمانتیکی درکپێکردن، لەبەرانبەر واتای زانیارستانی دوو تیۆری تریش کاریان کرد، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

ا- **تیۆری سیمانتیکی چوارچێوەیی**:

ئەم تیۆرە، لەلایەن چ.فیلمۆر[1] خراوەتەڕوو، فیلمۆر پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ئەو چەمکەی لە یادگای درێژخایەن[2] هەڵگیراوە و واتا دەنوێنێ، ناتوانرێت لە مەشهەدی ڕۆشنبیری'کە لە تاقیکردنەوەی مرۆڤایەتی بەدەستهاتووە' جیابکرێتەوە و لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە لە واتا بگەین و وشەکانیش چوارچێوەیەک بۆ وەچە جیاوازەکانی هەر کاتیگۆرییەک دیاریدەکەن، وەک(پێنووسی دار، جاف، پاندان، ماجیک،...) جۆری جیاوازی پێنووسن، بەڵام نیشانەکانی [+نووسین + نووک] کۆیان دەکاتەوە.

ب-**تیۆری مەوداکان**:

ئەم تیۆرە، لەلایەن لانگەکەر خراوەتە ڕوو، لەسەر ئەو بۆچوونە بنیاتنراوە، کە واتای زانیارستانی لە چوارچێوەی بواری کۆزانین جیاواز دەبێت و ناوی نا؛ مەوداکانی دروستەکانی کۆزانین، کە دەتوانرێت لەچوارچێوەیانەوە لە وشەکان بگەین ( Evans, Benjamin,Zinken, 2007:12)، وەک لە نموونەی ژمارە(١٤) بەدی دەکرێت:

نموونە(١٤):

وشەی ئۆتۆمۆبیل بەپێی بوار و مەبەست دەگۆڕێت:

ا.[ئۆتۆمبێل] ەکانی کۆمپانیای... بۆ پێشبڕکێ باشن!

ب.[ئۆتۆمبێل] ەکانی ئەم کۆمپانیایە، ڕێگاکەیان باش پاککردۆتەوە.

[1] (frame semantics, Charles Fillmore, 1982b).

[2] بۆ شارەزایی لەبارەی یادگەی درێژخایەن، بڕوانە (ئاڤێستا کەمال، ٢٠١٢:١٠٤-١٠٧).

ڕستەی (ا) کە لە بواری خێرایی ئاماژە بۆ ئۆتۆمبێل دەکات، ئاخێوەر ڕاستەوخۆ بیری بۆ ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە دەچێت، کە لە پێشبڕکێدا بەکاردەهێنرێن:(ڤۆلکسواگن، بی ئێم،...). کەچی بە بیستنی ڕستەی(ب) ئاخێوەر بیری بۆ(شۆفەل، گەللاب،...)دەچێت.

**٣- تیۆری پۆلێنکردن و مۆدێلە درکپێکراوە هزرییەکان:**

لاکۆف لە پەرتووکی "ژن ئاگر و شتە ترسناکەکان"[١] ئەم تیۆرە[٢]ی خستۆتەڕوو و بۆچوونی فیلمۆر، لەبابەت چوارچێوەی واتایی و بوارەکانی لانگەکەر و پاشخانی زانیاریی بەشێوەیەکی ڕێژەیی پەیوەست دەکات بە واتای فەرهەنگی و گرنگیی واتای زانیارستانی کەمدەکاتەوە.[٣]

**٤- تیۆری واتاسازیی فەرهەنگیی درکپێکردن:**

یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی تری تیۆرەکەی لاکۆف، کە لەبارەی واتای وشە پێشکەشی کرد، بریتی بوو لە چارەسەرکردنی واتای فەرهەنگی وشەکان. بنەمای ئەو بۆچوونە ئەوە بوو؛ کە یەکە فەرهەنگییەکان وەکو هەڵگری کاتیگۆریی واتای هزری، چەند واتایەک لەخۆدەگرن،بەمەش تەنها بەشێک لە کاتیگۆرییە هێماییەکان دەشێ لە شاوەچەبووندا سەرپشک بن، نەک هەموو دانەکانی نێو چوارچێوە(Lakof,1987)، وەک لە نموونەی (١٥) دا، بەدی دەکرێت:

نموونە(١٥): وشەی [نان] لە ڕستەی (ا) نموونەیەکی ڕوونترە بۆ سیما واتاییەکانی، نەک لە ڕستەی(ب):

ا-[نان]ێکم، بە ماستاوەوە خوارد.        ب- [نان] ئەو نانەیە، ئەمڕۆ لەخوانە.

لە ڕستەی (ب) وشەی(نان)، میتافۆرانە بە واتایەکی فراوانتر بەکارهێنراوە، بۆیە لە واتا بنجییەکەی، کە ڕێککەوتنی پتری لەسەرە، دوورکەوتۆتەوە.

**٥- تیۆری میتافۆری چەمکییانە:**

دیارترین و گرنگترینی ئەو تیۆرانەیە، کە بەدرێژایی گەشە کردنی سیمانتیکی درکپێکردن نەخشەدەکێشن و پێکیدەهێنن. لاکۆف و جۆنسۆن لە پەرتووکی "ئەو میتافۆرانەی بەهۆیانەوە دەژین"[٤] ئەم تیۆرەیان گەڵاڵە کردووە. ئەم تیۆرە ئەوە

---

[١] (Women Fire and dangerouse Things,1987 ).

[٢]"(Categorization and Idealized Cognitive Models (ICMs"

[٣] لە ٢/٢-٦ و ٢/٢-٧) لێی دەدوێین).

[٤] (Metaphors we live by,1980)

دەخاتەڕوو؛ میتافۆر تەنها شێوازێک نیە لەدەربڕین، بەڵکو لە بنەڕەتدا بەکارهێنانی زمان میتافۆڕانەیە. بەمەش دروستەچەمکییەکان، شارەزایی و نەخشەپێشینەکان، یان ئەو وێنە ئاوەزییانەی لە یادگەی درێژخایەندا هەڵگیراون'کە لە ئەزموونەوە وەرگیراون' ڕێکدەخرێن. ئەم پرۆسە میتافۆرییە لە قۆناغێکی پێشکەوتووتردا، کەلتوور و واتا کۆدەکاتەوە، کە بەئاوێنەبوونی چەمکەکانە.[١] بۆ تێگەیشتنی باشتر، باسەیری چەمکی [هێلکەوڕۆن] بکەین لە گوزارشتی زمانی کوردی، لە نموونەی(١٦)دا:

نموونەی(١٦):

حەقیەتی! [هێلکەوڕۆن]یان پێیداوە.

لە ئاخاوتنی ئاسایی زماندا، هێلکەوڕۆن جۆرێکە لە خواردنی چێشت، بەمجۆرەی خوارەوە:

هێلکەوڕۆن= (هێلکە+ڕۆن) = جۆرێکی خواردنی ئامادەکراو(هێلکە+خوێ +ڕۆن)

هێلکە= جۆرێک لە خواردن و = + / لەگەڵ ڕۆن= جۆرێک خواردن

بەڵام لەم ڕستەیەدا، کە پەیوەستە بە چیرۆکێکی نوکتەئامێزی نێوان پیاوێک و هاوسەرەکەی، لە ژیانی کشتوکاڵیی خێزانێکی کورد، واتایەکی تری وەرگرتووە، کە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و کاردانەوەی باشی ژنەکەیە:

هێلکەوڕۆن‡ {هێلکە+ڕۆن) = جۆرێکی خواردنی ئامادەکراو(هێلکە +ڕۆن)}

هێلکەوڕۆن (+هێلکە / +خوێ / +ڕۆن) ← (+خواردن +بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ژن / +ئەنجامدانی چالاکی +- خواردن / + بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ژن)

**٦- تیۆری میتۆنیمی چەمکییانە :**

لاکۆف وجۆنسۆن لە پەرتووکی"ئەو میتافۆرانەی بەهۆیانەوە دەژین"دا، ئەوەیان خستەڕوو، کە جگە لە میتافۆر ڕێگایەکی تریش هەیە وەک تەوەری بیر و زمان، ئەویش میتۆنیمە، کە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای میتافۆر هاتۆتە ئارا و لە ڕێکخستنی زماندا پتر شایانی گرنگی پێدانە و دەشێ؛ میتافۆریش لەسەر بنەمای میتۆنیم بێتەئارا، جیاوازییەکەش ئەوەیە؛ لە میتۆنیمدا، پەیوەستی ڕاستەوخۆ لەنێوان واتای بنەڕەتی و ئاماژەبۆکراودا'کە خاڵی وێناکردنییەتی' هەیە. وەک لە نموونەی (١٧) بەدی دەکرێت:

---

[١] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی میتافۆر لە زمانی کوردیدا،بڕوانە:(بەکر عومەر،٢٠٠٠).

نموونه(١٧): که دەگوترێت "چامەکەی ناڵی و سالم" ، تاکی ڕۆشنبیری کورد، تەنها لایەنە ئەدەبییەکانی چامەکەی لا وێنا نابێت، بەڵکو هەڵوێستی کەسی، گوزارشتی هەردوو شاعیریش و دۆخی ئەوکاتەی شاری سلێمانێشی لا وێنا دەبێت.

ئەم گوزارشتانەی خوارەوەش بریتین لە میتۆنیم:

(١٨) هەولێر بە گۆلێک لە دهۆکی بردەوە.

(١٩)لە جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەمریکا بۆمبی ئەتۆمیی لە یابان دا.

لە نموونەی(١٨) لە وشەی(هەولێر)، مەبەست، یانەی وەرزشی هەولێر و لە نموونەی(١٩) لە وشەی (ئەمریکا)، مەبەست، لەشکری ئەمریکا و لە(یابان)، هەردوو شاری(هیرۆشیما) و (ناکازاکین).

**٧- تیۆری فەزا ئاوەزییەکان:**

ئەم تیۆرە لە لەلایەن فۆکۆنەر، لەتوێی دوو بەرهەمدا خراوەتەڕوو، یەکەمیان بەناونیشانی"فەزا ئاوەزییەکان"[١]. دووەمیان "وێنەکێشان لە هزر و زماندا"[٢]. دواتریش لەگەڵ تیریر لە کۆمەڵە وتارێکدا و دواتریش بە پەرتووکێک بەناوی "ئەو ڕێگایەی بە هۆیەوە بیر دەکەینەوە"[٣] گەشەیان پێداوە و لەژێر ناونیشانی "تیۆری تێکەڵبوونی چەمکیانە"[٤] چوارچێوەیەکی فراوانتری وەرگرتووە.

لەم دوو تیۆرەدا چەند ڕوویێکی پرۆسەی داڕشتنی واتا و چەمک لە دوو کردەدا خراونەتەڕوو:

١- بەستنەوەی فەزا ئاوەزییەکان.

٢- دروستکردنی وێنەی ئاوێتە لە نێوان ئەم فەزا ئاوەزییانەدا.

لە نەخشەی هەر دروستەیەکدا دەوروبەر بەدیدەکرێت، لە کاتێکیشدا فەزاکان هەمەجۆر دەبن، نەخشە بەشییەکانیش لە کاتی بیرکردنەوە و ئاخاوتندا زۆرتر دەبن (Fauconnier,1997:11). فەزاچەمکییەکان ’کە لە جۆراوجۆری زانیارییە کەسییەکان پێکدێن‘ پێکهێنەرەکانی فەزائاوەزییەکانن، لە ڕێگەی بنەمای هەمەکی لە زماندا. واقیع و

[١] (Mental spaces,1985,1994).

[٢] (Mappings in Thought and Language,1997)

[٣] (The way we think by, 2002)

[٤] (Conceptual Blending Theory)

ڕۆشنبیریی ستراتیژی لەخۆگرتنی زانیارییەکان'کە خاوەن پانتایین' دەخەنەکار. ئەمەش بەردەوامی بە ئاخاوتن دەدات، واتە ئەم پانتاییە ئاوەزییانە وەک خشت لە بناغەی فەزای ئاوەزی، بۆ بیناکردنی فەزای هۆشەکی نوێ، یان گواستنەوەی سەرنج لە نێوان چەند پانتاییەکدا بەکاردەهێنرێن. وەک لە نموونەی ژمارە(٢٠) دا، دەردەکەوێت:

نموونە(٢٠):

فرێزی[کۆتری سپی] کە لە هەردوو وشەی(/کۆتر/)+(/سپی/) پێکهاتووە، فەزای جیاوازی تێکەڵکردووە و وێنەیەکی نوێی جیاوازی هێناوەتە ئارا:

(کۆتر) لە بواری زیندەزانیدا ناوی باڵندەیەکە، بۆتە هێما بۆ[ئاشتی کۆمەڵایەتی].

(سپی) ناوی ڕەنگێکە، بۆتە هێما بۆ [ئارامی].

(/کۆتر/)+(/سپی/)←[کۆتری سپی= کۆتری ڕەنگ سپی] ←[هێمای ئاشتی].

هەر ئەم ڕەهەندەشە وایکردووە، لێکدانەوەی کەسەکان، بۆ هەمان دیاردە و گوزارشت جیاوازبێت، بۆیە زۆرجار لەکاتی گفتوگۆکردندا، یەکێک بەوەیتر دەڵێت؛ دەزانم چی دەڵێیت؟ کەچی ئەوەیتر دەڵێت؛ بەخوا نازانیت! هۆکارەکەی ئەوەیە؛ لە مەبەستی دەربڕینەکەیدا بنەمایەکی کەسی هەیە.

### ٨- تیۆری تێکەڵبوونی چەمکییانە:

ئەم تیۆرەش لەلایەن فۆکۆنییە و تێرێرەوە(Fauconnier,Turner: 2002) گەڵاڵە کراوە. ناوەرۆکی بۆچوونەکە بریتییە لە؛ بەستنەوەی پەیوەندیی نێوان فەزا ئاوەزییەکان. لەم پرۆسەیەدا، وەکو بەشێک لە پێکهاتەی پەیکەریی فەزا، بەپێی پانتاییە دەروونی و ئاوەزییەکان، گرنگی بە ناجێگیریی بیناکردنی واتا دەدرێت. ئەم تیۆرە قسە لە سەر کامڵبوونی چەمکەکان دەکات وەک بنەمای سەرەکی لە ڕێبازی بیرکردنەوەدا، پەیکەری فەزاش لە تێکەڵبوونی پانتاییە هەمەجۆرەکان 'وەکو تۆڕێکی بەناویەکداچوو' دێتەئارا.

ئەم دوو زمانەوانە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە تێکەڵکردنی چەمکەکان لە بواری بیر و ئەندێشەی مرۆڤدا لە تێکڕای چالاکییەکان؛ زانستی، هونەری ، بیری، ویژەیی، ...،گرنگە، نەک تەنیا لە زماندا، بەڵکو توانستی مرۆڤ لە تێکەڵکردنی چەمکەکان دەبێتە هۆی کامڵبوونی چەمکەکان و ئەمەش هۆکاری ئاسانکردنی گەشەی ڕەفتارەکان و هێنانەئارای توانای بەکارهێنانی زمان، وەکو لە نموونەی (٢١) بەدی دەکرێت:

نموونە(٢١): فرێزێکی وەک [زێڕی ڕەش] لە دوو وشەی سادەی(/زێڕ/)+(/ڕەش/) پێکهاتووە، بەڵام لێکدانیان چەمکێکی نوێ هاتۆتە ئارا، کە کۆکراوەی چەمکی ئاسایی ئەم

دوو وشەیە نییە، زێڕ کانزایەکی لە بنەڕەتدا ڕەنگ زەردی کاڵ یان برۆنزیی ڕووناک و بۆ خشل ڕەنگی زەرد و بۆ پوول ڕەنگی سووری تێکەڵ کراوە'مەبەست زێڕی ڕەنگ ڕەش ناگەیەنێت' ، بەڵکو مێتافۆرانە، یەکسانە بە [نەوتی خاو].

[نەوتی خاویش] = [زێڕی ڕەش]     نەوتی خاو     + بەهاداری زێڕ
−پاکی و جوانیی زێڕ

## ٤/١)بەجەستەکردنی چەمک و بەهێماکردنی بەدیکراوەکان

پەیوەندیکردن، بریتییە لە ئاڵوگۆڕکردنی چەمک و واتاکان، بەرلەوەش ئاخێوەر بوونێکی چەمکیی لایە و لە بۆتەی زماندا، جەستەی بەبەردا دەکات و بیستەریش دەربڕینی ئاخێوەر وەردەگرێتەوە و پەیپێبردنانە وێنای دەکات و درک بە چەمکەکان دەکات، کە ئەمەش پرۆسەیەکە بە کۆمەڵێک وێستگەوە پەیوەستە:

### ١-٤/١)بەجەستەکردنی وێنا ئاوەزییەکان لە زماندا:

زمان گونجاوترین ئامرازە، مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت هزر و بۆچوون و بیرۆکە و ئەو وێنایانەی لە ئاوەزیدان، بەئامرازی دەنگەکانی زمانەوە'کە بە یەکگرتنیان دەبن بە وێنە بۆ بیرەکان' بیانگەیەنێت بە کەسانی تر، بەشێوەیەک لە زۆربەی کار و چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەیدا بەبێ زمان هەڵناکات، خۆشی دەربڕین، دەربڕینی ئازار و ناخۆشی'گریان و قیژە و ناڵە' ، ستایشکردن و پێداهەڵدان، سەرزەنشت و نارەزایی دەربڕین،...هتد، هەموو ئەمانە بەهۆی زمانەوە لە میانەی پرۆسەکانی بەکۆدکردن جێ بەجێ دەکرێن و هێماکان وێنەن بۆ چەمکەکان 'چ هەستپێکراو چ ئاوەزی'.

بەجەستەکردن بیرۆکە و ئامانجی سەرەتایی گرنگی پێدانی ڕێبازی درکپێکردنی زمانییە. دیکارت لەژێر ناونیشانی"دوانەی ئاوەز/جەستە"[١]، بانگەشەی ئەوەیکردووە؛ ئاوەز و جەستە دوو شتی لەیەکتر جیاوازن. ئەمەش ئەو گریمانەیەی لە زانستە هۆشەکییەکان هێنایە ئارا، کە دەتوانرێت بێ گەڕانەوە بۆ جەستە، توێژینەوە لە بواری ئاوەزدا ئەنجام بدرێت و ئەمە وەک بنەمای تیۆری لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە"هۆشەکی" جێگیرکراوە و ڕیچارد مونتاگۆ[٢] لە لێکۆڵینەوەی واتای وشەدا وەک بنەمایەکی نەگۆڕ

---

[١] ( mind/body Dualism)

[٢] "Richard Montague"

ئاماژەی پێکردووە و بێ دانانی هیچ بەهایەک بۆ سرووشتی مرۆڤ و تاقیکردنەوەکانیان، جەختی لەسەر کردۆتەوە(Evans& Green,2006:6-44).

قوتابخانەی درکپێکردن ئاوەزیبوونی بەو شێوەیە بینی، کە سرووش لە نەریت وەردەگرێت و نەریتیش دەروونزانی و فەلسەفە دەگرێتەوە و تاقیکرنەوە مرۆڤایەتییەکان و بەسەنتەربوونی جەستەی مرۆڤ و پێکهاتەی درکپێکردنی مرۆڤەکان بەجۆرێک سەیرکراوە و بەشێوەیەک ڕێکخراوە، کە جۆر و سروشتی ئەزموونەکان گۆڕانکاری لە بەجەستەکردندا دێننە ئارا. بەمەش (زمان-ئەزموون-ئاوەز) لە بۆتەیەکدا کۆدەبنەوە و بێ بەجەستەکردن تێگەیشتن لە ئاوەز نایەتەئارا(Roherer,2007:29,30).

## ١/٤-٢) پێرەوی نیشانەکان:

نیشانەکانی پەیوەندیکردن لە میانەی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان فۆرم و ناوەرۆکدا دەبن بە سێ چەشن: (هێمایی، ئاماژەیی، وێنە/ئایکۆن):

وێنەیی، کە بریتین لە وێنە و نەخشەی بوونە بەچەمککراوەکان، وەکو: بەردەقارەمان، زێ:



وێنە ژمارە(١) نیشانەی وێنەیی

ا. بەردەقارەمان ب.زێی قەندیل


ئاماژە:ئەو نیشانانەن، کە لێکچوون لە نێوان هێما و هێما بۆکراوەکە هەیە و پەیوەندییەکی هۆیی لەنێوانیاندایە، وەک وێنەی لاساییکراوەی دیمەن یان دیاردە یان شتەکان لە تابلۆکانی هاتوچۆ:



وێنە ژمارە(٢) نیشانەی ئاماژەیی؛ پەیوەندیی نێوان پێچی ڕێگا و هێماکەی

هێما: ئەو نیشانانەن، کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نییە لەگەڵ هێمابۆکراوەکانیان و مرۆڤ بە ڕێککەوتن هێناونیەتەئارا، کە دەبن بە دوو جۆر:

- نیشانە نازمانییەکان، وەکو: √
- نیشانە زمانییەکان، وەکو: وشەکانی زمان: هەنار، گەڵ،...




جیاواز لێکچوو بەناویەکداچوو

نەخشەی ژمارە(٣)، جیاوازیی پەیوەندیی نێوان، واتا و فۆرم، لە هێماکاندا
.(Dirven,&Verspoor, 2004:4)

مرۆڤ هەرسێ جۆر هێماکە بەکاردەهێنێت، بەڵام زمانەوانی جەخت لەسەر هێما زمانییەکان دەکاتەوە[1](برکلي،٢٠١٣:٤٤-٤٧.Dirven,&Verspoor,2004:1) و دەتوانرێت زمان بە پەیڕەوێکی تایبەتی هێمایی دابنرێت(محەمەد مەعروف،١٩٩٠:٤٧). .

هێمازمانییەکان(دەنگ، وشە، ڕستە) ئەو فۆرمانەن، کە واتاکانیان بە ڕێککەوتنی کۆمەڵ هاتۆتەئارا و زمانیش دەبێت بە پێڕەو و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەی زانستییانەی ئەم هێمایانە، کە بەسرووشتی خۆی و بە ڕێکەوتن وەکو هێما بۆ شتەکانی داناون، بەهۆیەوە پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان ئەنجام دەدات (محەمەد مەعروف،٢٠١٠:١١٥-١٢٠).


هێما زمانییەکان لەئەنجامی بەدوای یەکترداهاتنی یەکەکان و یەکگرتنیان لە دروستەی گەورەتردا 'دەنگەکان لە وشەکان و وشەکان لە ڕستەکان' دێنەکایە. هێما بنەڕەتییەکانی زمان تاریکن و هیچ بنەمایەکی زانستی هاتنە ئارایان دەستناکەوێت. بەشی تریان پێویستیی ژیان و هاتنە ئارای بوونێک 'لە جیهانی دەرەوە یان هزری مرۆڤدا' لەلایەن مرۆڤەکان بەکۆد دەکرێن و لە دروستەدا بەجەستەدەکرێن(Evans& Green,2006 :6,7)، لە نەخشەی (٤) پرۆسەی بەکۆدکردنی بەدیکراوەکان لە زماندا خراوەتەڕوو:




نەخشەی (٤)پرۆسەی بەکۆدکردنی بەدیکراوەکان لە زماندا
(Evans& Green,2006:7)

[1] بۆ زانیاری لە بارەی هێماکان وپەیوەندیی نێوان فۆرم و واتا و،پەیوەست بە زمانی کوردی بڕوانە:
ا-محەمەد مەعروف(٢٠١٠:١١١-١٢٢). ب-عەبدولواحید موشیر(٢٠١١:٣٦-٧٠).

فۆرمەکان هەڵگری چەمک و چوارچێوەی گشتیی هەڵێنجراوەکانن و لە گۆشەنیگای جیاواز لە راماندا شێوەی جیاواز بەدی دەکرێت، وەکو لە نەخشەی (٥) دا، وێناکردنی چەمکی [درەخت] خراوەتەڕوو:




نەخشەی ژمارە(٥)، شێوە جۆراوجۆرەکانی بەدیکردنی درەخت.

لە(http://en.wikipedia.org/wiki/..) وەرگیراوە ودەستکاریکراوە

کۆدەکان لەنێوان کۆمەڵگاکان جیاوازن و دەشێ کۆدی نوێ شوێنی هی تر بگرێتەوە (Evans& Green,2006:9,10)، نموونە لە ئاخاوتنی زمانی کوردی ئێستاماندا، ژمارە بۆتە هێما بۆ دامەزراوەکان ئەمە لە نموونەی(٢٢) بەدی دەکرێت:

نموونە (٢٢): لە کاتی ڕووداوێک دەگوترێت؛ تەلەفۆن بۆ ١٠٦ بکە، هەروەک (٩١١) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

(١٠٦) شوێنی پۆلیسی فریاکەوتنی گرتۆتەوە. بەڵام لە وڵاتێکی تر، ڕەنگە جگە لە ژمارەیەکی ئاسایی، شتێکی تر، نەگەیەنێت.

## ٣-٤/١) بنەماکانی جیاوازیی بەکۆدکردن و بەچەمککردنەوەی کۆد:

لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی هەردوو کایەی کەسی و بابەتی دا، کۆدەکان جیاواز بەدی دەکرێن، کە لەمانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:

### ١-٣-٤/١) بنەمای بەسەرچاوە بوون:

یەکێ لە بنەماکانی بەکارهێنانی هێما زمانییەکان ئەوەیە؛ کە بنەمای سەرچاوەبوون پەیڕەودەکرێت'خۆمان لەناوەندی بووندا دەبینین و لە ڕوانگەی خۆمانەوە سەیری شتەکان دەکەین ' ، ئەمەش منیزمە، ئاخێوەر کە دەڵێت؛ (ئێستا) مەبەست کاتی ئاخاوتنی خۆیەتی، (ئێرە) مەبەست شوێنی ئاخێوەرە، ئەم بەناوەند بوونەش واتای بێژەکانی وەک؛ من – ئێمە، ئێرە – ئەوێ، ئێستا – ئەوسا،....هتد دیاری دەکات( Dirven, &Verspoor,

2004:5). ئەم نیشانە پراگماتیکییانە زمان و دەوروبەر بەیەکتر دەبەستنەوە(محەمەد مەعروف،١٩٩٠:١٩٤). ئەگەر پەی بە چەمکی یەکەم نەبرێت ناتوانرێت درک بە واتای گوتنەکە بکرێت و ئاراستەی پەیوەندییەکە لە نێوان بەشداربوونەکان دەگۆڕێت(بەکر عومەر،٢٠١٤:٥-٥٠). بۆ نموونە، بابڕوانینە نموونەی (٢٣):

(٢٣)- ئەوکات لەوێ وەرەلام.

گەر گوێگر، زانیاریی لە بارەی کات و شوێنی ئاماژەپێکراو نەبێت، درک بە واتای ڕستەکە ناکات. ئەمە بەسەنتەربوونی خودی ئاخێوەرە لە سەیرکردن و وێناکردنی دەوروبەر، هەر کەسێکیش هەڵسەنگاندن و ئاراستەکان بەپێی ئەم خاڵە وپێوانەی دووری لەچاو ئەم شوێنە و پێوانی کات بەپێی ئێستای ئەو کاتەی تیایدایە دەکات. بەمەش پیشە و بیروباوەڕ و بۆچوون و ئەزموون و سەرمایە و چالاکییەکانی مرۆڤ لە پێناس و ئاماژەکردن بۆ شتەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن(Dirven, & Verspoor, 2004:5-6)[1].

هەرئەم بەسەرچاوەبوونە لە هەڵبژاردنی وشەکانیش بۆ گوزارشتکردنی هەمان دیمەن لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ڕێبازی درکپێکردن وای دەبینێت جیهانی بوون بەپێی تاقیکردنەوە کەسی و تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان دیزایینی زمانێک دیاری دەکات و زمانیش دەبێت بەئامراز (Geereaerts:1993.Lakoff,1987. Johnson,1987).

قوتابخانەی درکپێکردن بەو تێڕوانینە جیادەبێتەوە، کە وا هەڵوێستەکان بەپێی تێگەیشتنی تاک و ئەزموونی کۆمەڵگا کاریگەری جێدەهێڵن و پەیوەندیی تەواوکەرییانە لە نێوان بەکارهێن و بابەتدا و لە بەکاتیگۆریکردنی جیهانی درکپێکراودا ڕەنگ دەداتەوە، (Geeraerts&Cuycknes,2007:5). ڕوونکردنەوەی ئەمە لە نموونە(٢٤) دەبینین:

نموونە(٢٤):

تێگەیشتن بۆ هەمان وشە بەپێی ژینگە جیاواز دەبێت،

[سەگ]لای ئەوروپییەکان هۆگری و وەفاداری دەگەیەنێت: (+هۆگری<br>+ وەفاداری)

لە کاتێکدا، لای کورد، وەفاداری و بەرگریکردن دەگەیەنێت:

(+وەفاداری<br>+بەرگریکردن)

[1] بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەست بە زمانی کوردیدا، دەتوانرێت سوود لەم سەرچاوانە وەربگیرێت:
ا-قیس کاکل،٢٠٠٩. ب-محەمەد مەحوی، ٢٠٠٩،ب١،ب٢. پ-بەکر عومەر،٢٠١٤.

**٤/١-٣-٢)بنەمای نواندنی وێنەیی:**

مەبەست لەمە پەیپێبردنە بەو مەبەستەی ئاخێوەر دەیەوێ بیگەیەنێت، کە تالمی نواندنی درکپێبردنی زمان بۆ دوو لق وسیستەم دابەش دەکات فەرهەنگی و ئاوەزی (Evans& Green,2006:8-19)، کە لە نموونە(٢٥)دا سەرنج دەدرێت:

نموونە(٢٥):

وشەکانی(/شوان/)،(/پەز/)،(/لەوەڕاندن/)دەتوانرێت چەندەها ڕستەیان لێپێکبهێنرێت، وەک:

ا-شوان پەز دەلەوەڕێنێت. ب-پەز لەلایەن شوان دەلەوەڕێنرێت.

هەر ڕستەیەک وەڵامدەری پرسیارێکە:

ا-[شوان] چی دەکات؟ ب- پەزەکان کوان؟

هەروەک لەهەمان فۆرم و یەکەی فەرهەنگی دا، گۆڕانی مەبەست دروستە و پێکهاتەی نوێ دێنێتەئارا، کە لە نموونە(٢٦)دا بەدیدەکرێت:

نموونە(٢٦):

هیوا ئۆتۆمبیلەکەی، بە ١٠٠گەڵا فرۆشتووە،

(دلێر ئاگادارە بەشێکی پارەکەی خەرجکردووە):

هیوا دەڵێت:دەمەوێت، ئۆتۆمبێلێکی هەرزان بکڕم.

دلێر: ئەی پارەکەت خەرج نەکردووە؟

هیوا: نیوەی ماوە.

(دلێر ئاگادارنییە بەشێکی پارەکەی خەرجکردووە):

دلێر: بۆچ ئۆتۆمبێلەکەت ناکڕیتەوە؟

هیوا: نیوەی پارەکەم خەرج کردووە.


ئەم جیایی پرسیارکردنە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێناکردنە ئاوەزییەی لای دلێر ڕۆڵ دەگێڕێت.

**٤/١-٣-٣)بنەمای چالاکی :**

مرۆڤ لەسەر بنەمای دەرکەوتن و چالاکی شتەکان لەمیانەی یەکتر پۆلێن دەکات و وێنا و شارەزایی و توانای درکپێکردن خاوەن کاریگەرین و بوونە ناچالاکەکان لەپەرێزی چالاکەکاندا پۆلێن دەکرێن(Dirven, &Verspoor, 2004:8-12). وەک لە نموونە(٢٧)دا، بەدی دەکرێت:

نموونە(٢٧):

گەر (ئازاد، دلێر، کاوە، هیوا، هۆشمەند) پێنج برابن، ناوی چالاکترینیان دەبێت بە سەرناوی پۆلەڕەگەزەکەیان و دەگوترێت؛ براکانی... . کە ڕەنگە بیستنی ناوی یەکێکی تریان نائاسایی بێت. بەم پێیە دەشێ نەخشەی خستنەڕووی بیری مرۆڤ لە نەخشەی ژمارە(٦)دا، بەدی بخرێتەڕوو:




نەخشەی(٦) خستنەڕووی دەربڕینی بیری مرۆڤ

.(Dirven, & Verspoor, 2004:15 )

**٤/١-٤)هێما فەرهەنگی و زمانییەکان:**

لە ڕێبازی دروستەکاریدا، واتای زمانی وەک کۆکراوەی واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی لە چوارچێوەی ڕستەدا و پەیوەست بە پەیوەندییە تەکنشینی و جێنشینییەکان دەبینرا (محەمەدی مەحوی،٢٠٠١:٢١٤) بەڵام لە بینینی قوتابخانەی درکپێکردندا، سیمالۆژی گرنگی بە بەستنەوە و پەیوەندیی فراوانی نێوان فۆرم و واتا دەدات، چونکە مەبەست لە بەکارهێناندا بەجەستە دەبێت نەک پێناسەی فەرهەنگ، ڕوانگەی ئاخێوەریش واتاکان دەگۆڕێت(Dirven&Verspoor,2004:15)، وەک لە نموونەی ژمارە(٢٨) دا، سەرنج دەدرێت:

نمونە(٢٨): وشەی [کچ] لە ئاوەزی تاکی کورددا، هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردییە و پێی لە[ژن]جیادەبێتەوە. کە جگە لە سیماجیهانییەکان، کە [کچ]ئەم نیشانانە لەخۆدەگرێت:

کچ
+مرۆڤ
+مێ
-هاوسەرگیری

کەچی لە ئاوەزی تاکی کورد 'وەک کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی'نیشانەی تریش لەخۆدەگرێت، کە مانەوەی بارێکی جەستەییە:

کچ
+مرۆڤ
+مێ
-هاوسەرگیری
+ مانەوەی تایبەتمەندی جەستە

وەک لەم دوو ئاخاوتنەی نموونەی ژمارە(٢٩)دا بەدی دەکرێن:

نموونە(٢٩):

ئاخاوتنی(ا):

-ماڵی[...]منداڵێکیان بووە. +[کچ]ە یان کوڕ؟

ئاخاوتنی(ب):

-براکەی ئازاد، هەر لە بەریتانیا ژنی هێناوە.

-ئەرێ، خۆ [کچ]ە؟

-ئەدی خۆ پیرەمێرد نییە؟!

-مەبەستم ئەوەنییە، لێشم تێدەگەی.

لەم ئاخاوتنی(ا)دا، (کچ) مەبەست تەنها لە سیمای ڕەگەزییە، بەڵام لە ئاخاوتنی(ب):

مەبەست مانەوەی پێکهاتە جەستەییەکەی، ڕەگەزی مێیینە دەگەیەنێت، کە ئەگەر کچێک نەشچووبێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری، بە نەمانی ئەم پێکهاتەیە، لە خانەی (کچ) دەچێتە دەرەوە.

واتای فەرهەنگی شتێکە و بەکارهێنانیش شتێکی تر، تەنانەت زۆرجار فەرهەنگەکان لە دیاریکردنی پەرێزی وشەکان دەستەوسانن.

## ١/٤-٥)سیماکانی بەجەستەکردن:

بەجەستەکردنی واتا و وێنە ئاوەزییەکان لە ڕێگەی هەرسێ پێکهاتەی (جەستەیی-ئاوەزی-کۆمەڵایەتیی) کەسەکان دێتەئارا. ئەم ڕاستییە پرسیارێک دێنێتە ئارا؛ چۆن

زانستی زمانی درکپێکردن پەی بە واتا میتافیزیکییەکان دەبات؟ لە کاتێکدا جەخت لەسەر تاقیکردنەوە دەکاتەوە! بەڵام وەڵامی ڕێبازی درکپێکردن ئەوەیە؛ تاقیکردنەوە مرۆڤایەتییەکان تەنها پەیوەست بە ڕووکەشی هەستەکان نین، بەڵکو هەستەکان هەمەکییانە خاوەن ڕۆڵ و کاریگەرین و چەندێتی و ئاستی درکپێکردن دێننەئارا (Rohrer,2007:27,28)، کە دەتوانرێت لە چەند خاڵێکدا، بخرێتەڕوو:

١-زۆرکات بەناویەکترداچوون و هەمبەربوون لەنێوان چەند هەستێک دروست دەبێت؛ یەکێک لە ڕوانگەی سەرچاوەی بابەت و ئەوەیتر بەئاراستەی ئامانج، بەڵام بەجەستەبوون بەئاراستەی ئامانج دەبێت(Lacof&Jonson,1980:112).

٢-بەجەستەبوونی واتا، لەپێناو هەمەلایەنی بوارە بنەڕەتییەکانی درکپێکردن دەبێت (Lakof&Turner,1989:113-20).

٣-شێواز و جۆری بەجەستەکردن، ئەو دیاردەیەیە، کە ڕوانینی خاوەنەکەی بۆ دەوروبەر پیشان دەدات، بەئەمەش دەبێتە پێناسی کەسایەتی و ڕۆشنبیریی(Brandt,1999).

٤-جیاواز لە بۆچوونی دیکارتی، لە سەربەخۆبوونی درکپێکردنی زمانی لە هەمبەر هەستەکانی جەستە و شارەزایی و ڕوانگە ڕەت دەکرێتەوە و ئاخاوتن ئاماژەیە بۆ دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئاخێوەر لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە فاکتەری زمانی فەرمی وەکو فاکتەرێکی کاریگەر لە پەیوەندییە فەرمی و ڕۆشنبیرییەکاندا، یان پاشخانی مێژوویی و ئاستی زانستی و ڕێباز لای خوێندکار گرنگن بۆ تێگەیشتنی بابەت.

٥-بەجەستەبوون ڕەچاوی هەموو ئەو دیاردانە دەکات، کە ئاماژەن بۆ شتەکانی دەوروبەر و ناسنامەی کەسی و ڕۆشنبیری پەیوەست دەبن پێیانەوە و ئەنجامدانی ئەزموونەکان لەچوارچێوەیاندا دەبێت، بەمەش زۆرکات وێناکردن بۆ شتەکان داهێنەرانە دەبێت نەک لاسایی کەرەوانە.

٦-دەشێت؛ بەجەستەکردن ڕوانگەی مرۆڤ تەنیا بۆ دیاردەیەک یان لایەنێکی ژیان پیشان بدات.

٧-لەپاڵ تێڕوانینی کەسی'کە ئاماژەیە بۆ خودێتی و لاساییکردنەوە' بەجەستەکردن بەشێکیشە لە فەلسەفەی گشتی مرۆڤ بۆ ژیان.

٨-بەجەستەکردن ڕاستەوخۆ و بێ پلاندانان و نەخشەکێشان، پێکەڵ بە نموونە هەڵگیراوەکانی ئاوەز دێتەئارا .

٩-فاکتەری کات لە وێناکردن وبەجەستەکردنی واتا دا، ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت و واتاکان بەگۆڕانی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت(Rohrer,2007:27-30).

## ٥/١)پەیپێبردنی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا:

خاڵی بنەڕەتیی جیاوازیی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردن لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانە زمانییەکانی تردا، بنەمای پەیپێبردنانەیە لە بەدیکردن و هەڵێنجانی چەمکەکان لە ڕاماندا، کە بەچەمککەر لەمیانەی زنجیرەیەک کردەدا دەگاتە هەڵێنجانی واتایەک لە نێو چەمکەکانی بەچەمککراوەکەدا.

### ١-٥/١) هەڵێنجان لە ڕامان و لێکدانەوەدا:

بنەمای بنەڕەتی لە زانستی زمانی درکپێکردندا، لەوەوە سەرچاوەدەگرێت؛ پەیپێبردن سیمای درکپێکردنی واتایە و مەرج نییە پەیوەندیی نێوان واتا وجیهان پەیکاڵ بە مەرجی دروستی بێت. بۆیەش گوزارشتەکانی؛ "پەیپێبردن"، "ڕوانگە"، "خاڵی بینین" بەکاردەهێنرێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ دەربڕینەکان هەڵگری گۆشەنیگای جۆراوجۆرن و زۆرگرفتی زمانیش لە میانەی ئەم تێڕوانینەدا چارەسەر دەبن، بەوەی ئەم گوزارشتانە دەربڕی هەڵوێست و هەستەکەسییەکانن و گۆشەنیگا دەروازەی پەیپێبردنی گشت دەربڕینە زمانییەکانە'تەنها ئەوانە نەبێت کە لە ئەنجامی ڕاستییەکی سەلمێنراو و بنەمایەکی زانستی ڕەها هاتبنەئارا و تایبەتمەندی و پەیوەندییەکانی بەشداران دیاریکراوبن'( Verhagen, 2007:48). دەربڕین بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەند هەڵبژاردەیەکی لەبەردەمدایە، ئەم گوزارشتە جیاوازانەش هۆکاری ئەوەن، کە لەگەڵ تایبەتمەندیی دیمەنەکەدا، ڕەنگدانەوەی ئاخێوەر بەدی دەکرێت(Langacker,1990a:61)، وەک لە نموونە(٣٠) دا بەدی دەکرێت:

نموونە(٣٠): ئاخێوەر دەتوانێت لەشەودا، لەچوارچێوەی نەخشەی کۆزانین وپەیوەستبوون بەو وێنای ئاوەز بە شێوەی جیاواز گوزارشت لە دیمەنی ئاسمان بکات؛ تەنها سەرنجی هەسارەیەکی درەوشاوە بدات، گوزارشت لە کۆمەڵە ئەستێرەیەک بکات، سەرنجی مەودا ڕووناکییەک بدات.

له نەریتی باوی پێشینە لەپۆلێنکردنی ئەستێرەکان تەنها بیر لە بورج کراوەتەوە، کە یەکە فەرهەنگییەکانی؛ ئەستێرە و ڕۆشنایی، سەرچاوەن بۆ ناوی کەڵوو'بورج'، کەچی ئەمە خەلەتێنەرە لە لێکدانەوەی کۆبوونەوە و شێوازی گونجانی ئەم یەکانە لە پێکهاتەی فرەجۆری کەڵوودا. ئەم چوارچێوەیە لە زانستی زمانیی درکپێکردن لە بواری بەچەمککردن لە پۆلدا، شایانی گرنگی پێدانە(Talmy,2000a:59).

یەکێک لە پایەکانی هەڵێنجان، تێڕوانین یان خاڵی بینینە، کەپێشتر لە توێژینەوەکانی دەرونزانی گشتاڵتی بەدی کراوە، لە زانستی زمانی درکپێکردندا لە توێی کارەکانی تالمی'چ فەرهەنگی و چ ڕێزمانی'لەبابەتی هەستی بینیندا، وەکو ڕەگەزی بنەڕەتی لە هەڵێنجانە جیاوازەکاندا ڕەنگدەداتەوە و ڕۆڵ دەبینێت. کە دەگوترێت: X لە...ی Y ە،Y یش لە...ی X ە، ئەم ڕستەیە هەم ڕەنگدانەوەی خاڵی تێڕوانین و هەم سەرنجدانی پەیوەندیی نێوان وەچەپۆلەکان و توخمی چالاکە(Talmy-1978)، هەروەک لە نموونە(٣١)دا دیارە:

نموونە(٣١):پاسکیلەکە، لەم دیو ئۆتۆمبیلەکەیە.

*ئۆتۆمبیلەکە لەم دیو پاسکیلەکەیە.

دانە فەرهەنگییەکان جگە لەمە گوزارشتن لە پەیوەندیی نێوان بەش و گشت، کە لە نموونەکانی(٣٢) و (٣٣) دا، بەدی دەکرێت :

نموونە(٣٢) :

ناوی پەنجەکان؛ توتە، براتووتە[١]...، لە زمانی کوردیدا و لەچوارچێوەی دەستدا و زۆرکات تۆڕێک پەیوەندی دەسەپێنێت.

نموونە(٣٣)؛

وشەکانی[مام]، [پوور]، [خاڵ] ...تۆڕێک پەیوەندیی دوو ڕەهەندی دێننەئارا ؛یەکێکیان پەیوەندیی خزمایەتی، ئەوەیتر؛ گەڕانەوە بۆ ڕەچەلەک.

هەروەک، جیاوازییەکانی تێڕوانین لە زماندا، چوارچێوەی واتایی ئاراستە بەکار دەدەن، وەک لە نموونە(٣٤) دیارە:

نموونە(٣٤):

هەردوو چاوگیی (هاتن-ڕۆیشتن)، ئاراستەی پێچەوانە دەگەیەنن:

---

[١] لە زمانی کوردیدا،هەر پەنجەیەک ناوی تایبەتی خۆی هەیە و بەپێی ناوچەش دەگۆڕێت. بڕوانە:(عەبدولوەهاب،٢٠٠٩:٤٦،٤٧).

ا-ئاخێوەر :(منداڵەکە ڕۆیشت). ←—— ب-ئاخێوەر:(منداڵەکە هات). ——→

خاڵێکی تری شایانی سەرنجدان ئەوەیە لە بابەتە پەیوەندیدارەکانی زماندا و لەم بوارەی درکپێکردن، کاتیگۆریی فەرهەنگی دەشێ هاوپۆلکارییانە، بەپێی ئاستەجیاوازەکانی گوزارشتکردن، وردی بخەنەڕوو. وەکو نموونە(٣٥):

نموونە(٣٥):

هەریەکە لەم وشانە(ماڵات—←پەز—←بزن)لە ئاست و شوێنێک واتایەکی تایبەت دەگەیەنن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕەخساندنی بوارە بۆ بەکارهێنەرانی زمان، کە بەپێی مەبەست گوزارشتی ورد لە کەرەستە و ڕووداوەکان بکەن.

شێوازێکی تری لێکدانەوە ئەوەیە، لەمیانەی پەیوەستەگی چەمکێک لەگەڵ چەمکی تر تێگەیشتن دێتەئارا. وەکو نیشانەکانی کات، کە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە چەمکی بەراورد ناوبراون، کە ئەمە لە چوارچێوەی زمانەکاندا جیاواز بەدی دەکرێت، لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا خودی کردار لەڕێگەی بەکۆدبوونی سیماکان گوزارشت لە ئاراستەی ڕووداوەکان دەکات، لە زمانی ئیسپانی زۆربەی کات ئەمە بە ئەسپێکت دەردەبڕرێت (Verhagen, 2007:49-51).بەلام لە زمانی لەکوردیدا، هەردوو شێوە ڕۆڵ دەبینن[1]، با بڕوانینە نموونەکانی خوارەوە:

(٣٦)- ئەو [هات].——→ - ئەو [ڕۆیشت]. ←——

(٣٧)- شیرەکە [هەڵچوو]. ↑ -خاکەکە [ڕووچوو].↓

(٣٨)- تێ...دا > تێدا - تێ...را > تێرا



(٣٩)- وە ←———— :هاتنەوە[2]

[1] خاڵێکی بنەڕەتیی لێکچوون وجیاوازی ڕێسازمانییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ تایپۆلۆژیای زمانەکان، بۆ زانیاری لەم بارەیەوە و تایبەتمەندییە تایپۆلۆژییەکانی زمانی کوردی بڕوانە:
ا-حەیدەر حاجی خدر،٢٠١٠. ب-وریا عومەر ئەمین،٢٠١٠. پ-قیس کاکل،٢٠٠٢. ت-محەمەد مەعروف (٢٠٠٢:١٩٩٠،٢٠٠٣)

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئاماژەی واتایی گیرەکەکان لە زمانی کوردیدا، بڕوانە:
ا- زمان و ئەدەبی کوردی، پۆلی١١. ب-لێژنەی زمان و زانستەکان (٢٠١١-٨٠-٢٢١). ج- فاضل عومەر (٩:٢٠٠٥).

کاتێک کردارەکان بریتین لە ڕەگەزی بڕیاردان لە ئاراستە و هەڵکەوتی ڕووداوەکان، زمانەکانیش گەیاندنی جیاواز لە بەچەمککردن دەسەپێنن، ئەمەش بۆتە جێگای سەرنجی زانایان و سەرنجی ئەوەدراوە ئاخۆ لە هەر زمانێکدا کامە هۆکار بەشداری دەکەن؟ (Verhagen,2007:52). لەپاڵ ڕەچاوکردنی جیاوازیی زمانەکان لە نەخشەکێشانی خودی کار یان ئەسپێکت، (سلۆبین) بۆچوونی چەمکی"بیرکردنەوە بۆ ئاخاوتن" دەخاتەڕوو، کە مەبەست لە شێوازە دووبارەبووەوەکانی ڕێزمانی زمانی دایکە، کە وا لە فێرخواز دەکات سەرنجەکانی بەرەو سیماکانی ڕووداوەکان ئاراستە بکات لە گوزارشتکردن لە پەیوەندییە زمانییەکاندا(Slobin,1996). کە لێرەدا پێویستە ڕەچاوی مەترسییەکانی کاریگەری نواندنی شێوازە نەریتییەکانی لێکدانەوە بکرێت لە پرۆسەکانی بیرکردنەوەی زمان لای ئاخێوەردا(Bowerman1996.Levinson2001).

## ٢-٥/١)ڕیزبەندیی کردەکانی هەڵێنجان لە لێکدانەوە و ڕاماندا:

(لانگەکەر) لە هەڵێنجانی چەمکەکان لە ڕاماندا ئاماژە بۆ چوار کردە دەکات :

- وردکردنەوە
- تیشکۆخستنەسەر
- دەرکەوتن/دەرخستن
- پەیپێبردن[١]

١-وردی:"توانای بەکارهێنی زمانە لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی هەندێ چەمک و پشتگوێخستن و سەرنج نەدانی ئەوانەیتر"(Langacker,2008:55-85)، ئەمەش وردیی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی تایبەت لە نێو باری سەرنجدراو دەگرێتەوە. وەک لە نموونەکانی ژمارە(٤٠)، (٤١)، (٤٢)دا سەرنج دەدرێت:

نموونە(٤٠):

گوزارشتکردنی گەرمی شتێک، دەشێ پلەی وردی جیاواز، بخرێتەڕوو، وەک:

- گەرمە، ئاماژەیەکی نادیاریکراو و سنوورێکی فراوانی هەیە.

---

[١] تالمی بەشێوەیەکی جیا لەگەڵ لێکچوونی زۆر، کردەکان بەمجۆرە ڕیز دەکات :

ا-ڕووی پێکهاتە.

ب-گۆشەی سەرنج لەپەیپێبردندا.

پ-پەخشکردنی سەرنج.

ت- هێزی چالاکی.(Talmy,2000a:40-48).

- ئەمە گەیشتۆتە ٩٠پلە.
- دەوری ٩٥ پلەیە.
- ٩٥،٢ی کتومت.   یەکە یەکە بەرەو وردیمان دەبەن.

نموونە(٤١):

له جیاوازیی نێوان وشەکانی[ ئامۆزا] ، [دۆتمام] ، [پسمام] دا، [دۆتمام]و [پسمام] یەکلاکەرەوە و ڕوونترن.

نموونە(٤٢): ئەمە چییە؟

گیانەوەر←بڕبڕەدار←مەمکدار←گۆشتخۆر← ورچ ە.

خستنەڕووی سکیما لەمیانەی پەیبردن بە هەڵبژاردنی یەکەی زمانی لەنێو پۆلەکەیدا، بێ ڕوونکردنەوەی دانەی فراوانتر دێتەئارا، کە دەتوانرێت ڕیزبەندیی بەدوای یەکداهاتنی شتەکان (A←B)بخرێتەڕوو(Langacker, 2008 :55-56).

٢- تیشکۆخستنەسەر: دەربڕینەکان بەشی تایبەتن بە جیهانی بەچەمککردن'ئەو ڕەهەندەی لێکدانەوە، کە ئاماژەیە بۆ هەڵبژاردن لە هێنانەئارای چەمکی لە دەربڕینی زماندا' وەکو هاوکێشەی ڕیزکردن، ئاخۆ چی دەتوانێت پێناسی ڕوونتر لەخۆبگرێت و سەرەتا تیشک دەخرێتەسەر ڕووکار و دواتر پاشخان.

تێڕوانینی زانیارستانییانە بۆ واتای فەرهەنگی ئەوە دەردەخات، کە هەریەک لە ڕووەکانی تیشکۆتێکردن'ڕووکار و پاشخان' بەشێکن لە نرخ پێدانی ئاسایی و یەکە فەرهەنگییەکانیش ئامرازی گەیشتن بە چەشنی کتومت لە بواری بیرکردنەوە و چالاکین لەناوەڕاستی چوارچێوە و نواندنی مەبەست لە هێنانەئارای چەمکییانە و چەقی بابەت، کە هەنگاوبەهەنگاو لەمیانەی سیماکاندا ئەنجام دەدرێت.

تیشکۆخستنەسەر گەرمیی ماددە، بە نزیکبوونەوە لە مەبەستی تایبەتی دروستە و ئاستی ڕێکخستن بوو، کە ڕووکاری پێشەوە بەهۆی نەگونجانی لە بەناوەندبووندا'باش کارلێنەکران بۆ چالاکبوون'، ڕەنگە بچێتە ڕووی دواوە'بەهۆی لاوازی لە نواندنی چالاکی دا'، ئەمەش وەکو جیاوازیی ئاستی کولتووری لە بەکارهێنانی یەکە فەرهەنگییەکاندا (Langacker,2008:57-58)، وەکو لە نموونە(٤٣) بەدی دەکرێت:

نموونە(٤٣):

چەمکی[ سوور] وەکو ڕەنگێکی ئاسایی جیایە، لە بەکارهێنانی لە وشەی (/بۆیەی لێو/) دا، ئەم وشەیە بۆ ڕەنگەکانی تریش، کە بۆ ڕەنگکردنی لێوی ئافرەت بەکاردێن بەکاربهێنرێت، بەهۆی پەیوەستبوون بە ڕەنگی لێودەبینین لە ئاخاوتنی کوردیدا شتی زۆر سوور بە سووراو دەچوێنرا: [دەڵێی سووراوە!] بەڵام دوای دروستبوونی ڕەنگەکانی تری بۆیەکردنی لێو ئەم لێکچواندنە کاڵبۆتەوە.

خستنەڕووی تایبەتمەندیی نێوان چوارچێوەی فراوانتر لەگەڵ کتومتی بوارێک لە پێکهاتەیەکی بەدوای یەکداهاتووی هیرارشییانە دێتەدی، بۆ نموونە، لە کاتی ئازاری ئەندامێکی جەستەدا، دەتوانرێت؛ بە پلەی جیاواز، شوێنی ئازارەکە گوزارشت بکرێت (Langacker, 2008 :64) ، کە لە نموونە(٤٤)،خراوەتەڕوو :

نموونە(٤٤):

-چیتە بۆ بێزاری؟

- لەش/جەستەم دێشێ. > سەرم دێشێ> پشتە سەرم دێشێ.

٣- دەرکەوتن: دروستە زمانییەکان شێوەی جۆراوجۆر لە تێکەڵەی ئەو بوارە گونجاوانە دەنوێنن کە شایانی خستنەڕوون. ئەو ڕووەش کە لە زۆر بارەوە دەردەکەوێت، ناشێت بەنموونە وەسف بکرێت، بەڵکو ئەمە خاڵی دەستپێکە بۆ لێکدانەوە.

ڕەهەندی دەرکەوتن بریتییە لە هاتنەپێشی لایەنی نزیک لە بەرانبەر لای دیارینەکراو و دەرکەوتووتربوونی دانەی پێشەوە بەرانبەر دواتر. لەنێو هەرپۆلێکدا دەرکەوتووتر لە دانەکانی تری پێکهاتە و شوێنی بینراو و بۆ توانای بینینیی لای بینەر دەبێت بە شاوەچە، کە شایستەی درکپێکردنی باشترە، لە ئاست بوارەکانی تری شارەزایی و دنیادیتەیی و لە نێوان دانە بەرانبەر یەکتر وەستاوەکان بەگشتی جیاوازی لە سیمادیارەکان بە ڕوونی دەردەکەوێت:(بەرجەستە بەرانبەر هەستپێکراو، ڕاستەقینە بەرانبەر خەیاڵی، ڕوون بەرانبەر لێڵ،...)، لێرە دوو کایە وەکو ڕەهەندی سەرەکیی دەرکەوتن جێگای گرنگی پێدانن: دەرکەوتن و زەقبوونەوەن و هەردووکیان لە زەمینەی واتایی ڕۆڵدەگێڕن (Langacker, 2008 :66)، وەک لە نموونە ژمارە(٤٥)دا بەدیدەکرێت:

نموونە(٤٥):

ا-قەڵای هەولێر دەکەوێتە سەنتەری شار.

-قەڵای هەولێر دەکەوێتە پشت قاوەخانەی مەچکۆ*.

ب- قاوەخانەی مەچکۆ دەکەوێتە سەنتەری شار.

- قاوەخانەی مەچکۆ دەکەوێتە تەک قەڵا.

قەڵا دەبێت بە بنەما بۆ دیاریکردنی شوێنی قاوەخانە، بەڵام قاوەخانە نابێت بە بنەما بۆ دیاریکردنی شوێنی قەڵا.

٤-پەیپێبردن: ئەو ڕەهەندەیە، کە لە پرۆسەکانی لێکدانەوەدا، لەگشت ڕەهەندەکانی تر پتر جێگای سەرنجدانە. کاتێک لێکدانەوەی چەمکەکان ناتوانرێت هەموو ڕووەکان بە ڕوونی لەخۆبگرێت درکپێکردن لەکەلێن و خاڵی سەیرکردنەوە دەبێت، بەمەش پەیپێبردن دەتوانرێت وەک خاڵی ناوەندی'کە لە لێکدانەوەی گشت چەمکەکان بەدی دەکرێت'، جێگیر بکرێت (Verhagen,2007:58).

مرۆڤ خاوەنی پێنج هەستە و هەریەکەی گرنگیی خۆی هەیە[١] کاریگەرتینیشیان بیستن و بۆنکردنن(جەمال،٢٠١٢:١٣٠)هەر مرۆڤێک بەشێوەیەک سەیری هەمان دیمەن دەکات، کە بەشێکە لە جیاوازی سروشت و ناخ و ئەستەمە دوو بۆچوون پەیکاڵ بەیەکبن(حەمید عەزیز،٢٠١٢:٨٧). کاتێک بەچەمککردن بریتی بێت لە بینینی دیمەن و ڕووداوەکان لە سۆنگەی کەسییەوە، پەیپێبردنیش بریتی دەبێت لە ڕێکخستن وخستنەڕووی دیارترین خاڵ کە ئەو سۆنگەیە دەیسەپێنێت. ئەمە وەک ناجێگیری لە پرۆسەکانی لێکدانەوە لە هەڵێنجاندا سەیری دەکات. خستنەڕووی ڕێکخستن بریتییە لە پەیوەستەگیی هەمەلایەنەی نێوان بینەر و بینراو. خاڵی بینین ئەوەیە کامە تێگەیشتن بۆ واتا لە دەربڕینەکاندا لای ئاخێوەر و بیستەر'کە جیهان بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت' سەرنجدراوە و چۆنیش هەوڵی نواندنی خود دەدرێت. بەڵام لە سەرووی سۆنگەی کەسی کۆمەڵ بەردەوام کارلێک دەکات و بەمەش دەشێ بارێک بسەپێنرێت'کاتێک هۆکارێک لە ئارادا نەبێت بۆ سەپاندنی بارێکی تری پێچەوانە لە ڕێکخستن و ڕیزکردندا' و ئاخێوەران لێکچوون لە سۆنگە و تێبینی کردن وسەرنجدان و ڕامانیان لە جیهانی دەوروبەریاندا بەدی بکرێت. ئەمەش وەکو پێکهاتەیەکی گریمانەکراو لای زمانەوانان، لە جۆری داڕشتنی

[١] تاقیکردنەوەکان، ئەوەیان سەلماندووە، کە لە پرۆسەی فێربوونیشدا هەستەکان هەریەکەیان بەڕێژەی جیاواز، ڕۆڵ دەگێڕن لە فێربووندا:
بینین ٨٣٪ بیستن ١١٪ بۆنکردن٣,٥ ٪ بەرکەوتن ١,٥٪ تامکردن ١٪ (کەریم ئەحمەد، ٢٠١٤:٠٩).

ڕستە نموونەییەکان لە کاتی ڕوونکردنەوەی ڕێساکاندا لە ناوەرۆکدا ڕەچاو دەکرێت، وەکو لە نموونە(٤٦) بەدی دەکرێت:

نموونە(٤٦):(چراکە لەسەر مێزەکە یە).

ڕەنگە ئێمە ئەم دیمەنە نەبینین، بەڵام لەچوارچێوەی گریمانەکراو دێتەبەرچاومان. سەرنجدان لە هەندێ باری سەرنج ڕوونی دەکاتەوە چەند بارێکی تایبەت دەتوانێت لە ڕیزبەندی تێبینی کردندا بێتە پێشەوە. پێکهێنی سەرەکی لە خستنەڕووی ڕێکخستن، بریتییە لەوەی بینین لە میانەی ڕێکخستنێکی گونجاودا 'کە شوێنی سەیرکردنی ئاخێوەر یان بیسەرە و دەشێ هەمان باری تایبەت لە سۆنگەی جۆراوجۆر سەرنج بدرێت' دەیسەپێنێ، ئەمەش لێکدانەوەی جیاواز دێنێتە ئارا. لەمەشدا ئەزموون و بینینی مرۆڤ دەبن بەچاویلکە و بەهۆیانەوە شێوازی جیاواز دێتە بەرچاو و ئەمەش پەیوەستەبوونە بە خودێتی مرۆڤ(Langacker,2008:73-85).

هەرچۆنێکیش بێت دەربڕینی وێنەی ئاوەزیی تایبەتیی بینینی کەسەکان ناتوانرێت پەیپێبردرێت، هەروەک دەستەواژەکانی وەک:(من بیردەکەمەوە...،من/تۆ وا دەبینی...) ئاراستەکردنی سەرنجن بۆ تایبەتمەندییە ئەبستمۆلۆژییەکان جگە لە چەمکی دانەکانی فەرهەنگ، ناوەرۆکی دروستەی سینتاکسیش، لە هەڵێنجانی واتادا دەشێ بەرهەمهێنی جیاوازی بێت، لەگەڵ ڕۆڵی گەورەی تایبەتی تاک لەنێو زەمینەدا. بەچەمککەریش لە ڕێگای تایبەتەوە لێکدانەوە بۆ دروستەی ڕێزمانی دەکات، هەروەک ڕستە نەرێکان و شێوەکانی کردار و هاوەڵکردارەکان پانتاییەکانی ئاوەز دەوروژێنن ودەچنە نێو زەمینە، لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا ئەم لێکدانەوانە ڕاستەوخۆ وەرناگیرێن، بەڵکو وەکو بەرهەمهێنی باری جیا لە وێناکردندن و دەربڕین سەرنج دەدرێن(Verhagen,2007:70-73)، وەک لە نموونەی(٤٧) و (٤٨) دا، بەدیدەکرێت:

نموونە(٤٧):

- وا تێدەگەم، ئەمجارە کاوە نایەت .

ئاخێوەری ئەم ڕستەیە رەنگە زانیارییەکی تایبەتی هەبێت لەبارەی(کاوە)، کە وا بکات (کاوە) نەیەت، ئەم [وا تێدەگەم]ە، بەکارهێنا نی ئەم [ڕەنگە]یە پەیوەستە بە ئیبستمۆلۆژیا لەبارەی دەوروبەری(کاوە).

نموونە(٤٨):

ا-[وا تێگەیشتبووم]، کە دارا پیاوێکی باشە.

ب-[وا تێدەگەم]، کە دارا پیاوێکی باشە.

ئەم دوو ڕستەیە، گەیەنەری دوو چەمکی جیاوازن:

ڕستەی(ا):[دارا پیاوێکی خراپە]. } هەردوو تێگەیشتن
ڕستەی(ب):[دارا پیاوێکی باشە]. } لە هزری ئاخێوەردا.

بەشداران و ڕووە گرنگەکانی ڕێکخستنی بینین، لە میانەی کارلێکردنیان دا، لە پەیوەندیی کەسی یان کۆمەڵایەتی لەگەڵ شتەکاندا زانیاری بەخش و دەسەبەری ڕاستەوخۆی بناغەکانی لێکدانەوەن لە سەرنجداندا، لەنێوان گوزارشتکاری یەکەم و هەڵگرتنەوە و دووبارەکردنەوەی منداڵ بەهۆی دایک و باوک یان چاودێریکارانیان (Diessel & Tomasello,2001:130).

## ٣-٥/١) بنەمای سەرەکی لە کردەکانی هەڵێنجاندا:

پەیوەندی هەڵێنجان، بریتییە لە پەیوەستبوونی نێوان ئاخێوەر(ئاماژەکار/بیسەر 'بەچەمککەر') و ئەو دەوروبەرەی ناوەندی بەچەمککردن و وێناکردنە( Langacker 1987:87-88,).بەم پێیە پەیوەندی دەکەوێتە چوارچێوەی تاکەکەسی 'ئاخێوەر یا بیسەر' لەلایەکەوە و دەوروبەری بار لە لایەکی تر و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە بەدواییەکدا هاتنی سۆنگەکان و بەجەستەکردنیش یەکێ لە بنەما بنەڕەتییەکانە.

هەندێ دەربڕین جۆرێک دروستە بەسەربوونێکی چەمکی دا دەسەپێنن و وێنای یەکێکیان بەهۆی بوونی پەیوەندی نێوانیان، دەبێتە هۆی بەچەمککردنی ئەوەی تر. هێزی دینامیکیی بەشدارانیش بەپێی بارودۆخی بەسەرچاوەبوون و خاڵی بینین، لە جۆری پەیوەندییەکان جیاواز دەبێت، ئەمانە لای لانگکر بە پێکهاتەی ئاسۆیی لێکدانەوە دانراون. ئاستی ئاسۆییش ناونراوە ڕیزکردن، کە بریتییە لە زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی ڕووداوەکان و بارودۆخیش ڕۆڵی بەشدار دەبینێت(Verhagen,2007:59).

تایبەتمەندیی مرۆڤ لەوەدایە، لەمیانەی سەیرکردنێکی خێراو قوڵ هەڵێنجان بەدەست دێنێت، لەگەڵ ئەمە درک بەوەش دەکات کە خەڵکی تریش هەن و حەز بەخۆیان دەکەن و تەنانەت هەندێ کات هەوڵدەدات لە ڕوانگەی بینینی ئەوان لە شتەکان بگات و لە بری حەزی خۆی تێگەیشتنی ئەوان بەگرنگ وەربگرێ و لە چاوی ئەوان سەیربکات، ئیتر خاڵی بینین بەشێوەیەکی گشتی لە ئاخاوتندا بریتی دەبێت لەوەی؛ بەچەمککەری یەکەم و دووەم

له میانەی هەندێ ڕێگای دیاریکراو بۆ بەچەمککردن و نوێکردنەوەی زەمینەی ئاخاوتن بەیەک بگەن، لە ئەنجامیشدا بەیەکەوە لە ڕێکخراوەیەکدا بەشدار بن( :Verhagen,2007 .(59,60

## ٦/١) ڕێکخستنەوەی واتا لە چێوەی کەلتووردا:

بەگشتی دوو ئاراستە لە تێڕوانین بۆ پەیوەندی و جیایی زمانەکان لەئارادان، بۆچوونی جیهانی، کە تێڕوانینی هۆشەکییەکانە و لە دیکارتەوە سەرچاوەیگرتووە، دووەمیان جەخت لەسەر جیایی زمانەکان دەکاتەوە و لە جان لاکەوە سەرچاوە دەگرێت و لەنێوان هەردوو ئاراستەشدا، بۆچوونی ڕێژەیی دێتەناوەوە.

کاتێک زانستی زمانی درکپێکردن، جەخت لەسەر ناجێگیریی چەمکەکان و پەیپێبردنی جیاواز دەکاتەوە، سەرنجی ئەوەش دەدات، کە ئێمەی مرۆڤ تەنها بوونێکی بایەلۆژی نین، بەڵکو خاوەن کەلتوور و ناسنامەی کۆمەڵایەتین و زمانیشمان ئەوە پیشان دەدات و تاقیکردنەوە مێژوویی و کولتورییەکانی تاک و کۆمەڵگا ئاخاوتنییەکان بەجەستەدەکات (Geeraerts,2006:5)، بەمەش هەروەک هەڵگری خاڵی هاوبەشن، خاوەن تایبەتمەندی و جیاوازیش دەبن، کە لە کەلتوورەکانەوە چوارچێوە وەردەگرێت.

### ١/٦/١)تایبەتمەندیی زمانەکان لەچێوەی جیایی کەلتوورەکاندا:

کاتێک کەلتوور بریتی بێت لە "کۆزانینێکی وەرگیراو لە کۆمەڵەوە" (یول،١٩٩٥:٢٤٩)، ئەوا دەبێت بە بەشێک لە یادگە و کەسێک کە بیەوێت ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکات لەنێو ئەو کۆمەڵگا ئاخاوتنییە دەبێت بیانزانێت(شاخەوان،٢٠١٣:٩٥). ئەگەرچی زمانەکانیش لەمیانەی بەریەککەوتنیانەوە کاریگەری بەسەریەکتری جێ بهێڵن(حەیدەر،٢٠١٠:١٦).

لە واقیعدا، هەریەکە لە چەمکەکانی زمان، بە زمانێکی دیاریکراون، تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبن، کە زمانەکانی جیهان تێیاندا هاوبەشن. بەچەمککردنی زمانی دەشێ لە بنەڕەتدا لەنێوان زمانەکاندا 'تەنانەت ئەو زمانانەش کە پەیوەندیی بەهێزیان لە نێواندایە' جیاوازبێت، ئەم جیاییەش لە دەربڕیندا و لە گشت بوارەکانی دروستەی زمانی؛ فەرهەنگی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی، تەنانەت لەئاستی فۆنۆلۆژیشدا، لە بوارەکانی هێز و ئاوازەدا بەدی دەکرێت(Dirven& Verspoor,2004:127).

ئەو جیاوازییانە ڕەنگدانەوەی ئەزموون و پەیوەستەگی شێوازی ژیانی ئەو خەلکەن، کە جۆرێک لە ڕۆشنبیری تایبەت دەهێنەئارا (یول،١٩٩٥:٢٥٠). لۆک ساڵی١٦٩٠ز ئەوەی

خستۆتەڕوو؛"هەر زمانێک خاوەنی هەگبەیەکی گەورەی وشەیە. ئەم وشانە لە هیچ زمانێکی دیکە وێنەی دەقاودەق بەدەستناهێنن"(Locke,1976:226).

پەیوەستبوون بەو شێواز و ڕێککەوتنەی کۆمەڵگا لە ئاخاوتندا بۆ تاکەکان نەخشە دەکێشێت بەخورتییە. کۆمەڵگای ئاخاوتن دەتوانێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە لەبارەی دڵنیابوون لەبارەی 'توخمەکان لە ڕێککەوتن'دا، ئەمە گوزارشتی درێژتر وفرە پێکهاتەتر لەو توخمانە دێنێتە ئارا. کۆمەڵگا ڕێگری دەکات لە شێوازانەی هەستیاریی بەرانبەریان هەیە و پەیوەستەگیی خەڵکیش بە زمانی ڕەسەنیان لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەی نەریتییان هەردەم بەهێزترە بەرانبەر ئەو ئاگادارییەی لە ڕێککەوتنە نوێیانەی دێنەئارا (Dirven,&Verspoor,2004:130). ڕێبازی درکپێکردن لەگەڵ تێبینی کردنی چەمکە جیهانییەکان، جەخت لە دینامیکییەت و پەیپێبردنی کەسی دەکاتەوە، بەڵام پەیپێبردنە کەسییەکان لە میانەی کارلێکی تاکەکان لە کۆمەڵگادا چوارچێوەیەک وەردەگرن و جیایی ڕێڕەوی ژیان و ئەزموونەکانیش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی لە چەمکەکان دێنێتەئارا(Lakoff & Johnson,1980).

## ٢-٦/١)واتای یەکەم وەکو بناغەی بەراوردکردنی کەلتوورەکان:

زۆر لە بۆچوونەکانی ڕابردوو پێیان وابووە، کە چەپکێک چەمکی جیهانی هەن و فەیلەسووفەکانی وەکو باسکاڵ، دیکارت و ئارنۆڵد و لابینز بەسادەیی خستوویاننەتە ڕوو، کە زانستی سەردەم زمان بە واتای یەکەم یان پێشەنگی واتایی ناوی ناون. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە واتای سەرەتایی و بەتایبەتی بەراوردکردنی وشە هاوواتاکان لە ژمارەیەکی زۆری زمانەکاندا، نزیکەی٦٠ڕەگ یا واتای یەکەمی لە میانەی چەمکە جیهانییەکان دەستنیشانکرا، کە دەشێ وەکو (ئەتۆم) ی واتا دابنرێن و لە چەندەها دروستەی واتایی ئاڵۆز بەدەستبێن وبەکاربهێنرێنەوە.

دەبێت ئەوەش تێبینی بکرێت کە یەکەم؛ ڕەگی واتایی تەنیا هەندێ جار دەگونجێت لە دەوروبەری جیاوازدا وبەهۆی وشەی جیاواز دەرببڕێت، کە پێیدەگوترێت هاو فەرهەنگ. دووەم؛ لە هەندێ زماندا یەکسانبوون لە ڕەگی واتاییدا دەشێ وەکو گیرەک، یان ڕێکخەری فرێز لە برِی وشەی ڕەسەن دەربکەون.سێیەم؛ وشەکان زۆربەی کات پتر لە واتایەکیان هەیە و ڕەنگە هەڵە بکرێت لە تێگەیشتن.

فەرهەنگەکان زۆر کات لەئەنجامی ڕەچاونەکردنی ئەم بنەمایانە جۆرێک لە ناڕوونی دێننە ئارا. وەکو لە نموونە(٤٩)دا، بەدی دەکرێت:

نموونە(٤٩):

وشەی (/خیال/) ی زمانی عەرەبی لەگەڵ(/ئەندێشە/) ی زمانی کوردی هەم بەرانبەر دەوەستێتەوە و هەم لێک لادەدەن، لە(ڕێزمانی کوردی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی ،١٢٣:٢٠١٤) دا: وشەی(ئەندێشە) بە (خیال؛ خەیاڵێکی تیژتێپەڕی...) و لە فەرهەنگێکدا 'ئەستێرە گەشە (فاضل نظام الدین، ٢٠١٥:١٩٩٠) دا': (خەیاڵ) بە (تخیل، خیال، ظن، وهم، فکر، خاطر، ذهن) لێکدراوەتەوە، کە کەسێک گەر سنووری شارەزاییەکەی لە زمانی کوردیدا وشەی ئەندێشە نەگرێتەخۆ، ڕەنگە بیری بۆ (گومان) یا(وڕێنە) بچێت.

پێناسەی لێل واتای ڕوون ناهێنێتە ئارا، بەڵکو تەنها گۆڕینی تێگەیشتنە لە زاراوەیەکی نەناسراو بۆ تێگەیشتنێکی تری ناڕوون، بەمەش ناڕوونی بازنەیی دەسووڕێتەوە. ئەم پێناسینەش جۆرێک لە بەراوردکردن دێنێتە ئارا، کاتێک وشەی A لە زاراوەدا لە B پێناسەدەکرێت، وشەی B ش بەپێی زاراوەکانی A دەناسرێت.هەندێجار ئەمە چەند هەنگاوێک دەڕوات تا بازنەکە دادەخرێت، A بەهۆی B و B بەهۆی C، ئنجا C بەهۆی A پێناسەدەکرێن، لەم پێناسە بازنەییەشدا ئەنجامی ڕوون دەستناکەوێت.

بۆ ڕێگریکردن لە ناڕوونی و خۆلادان لە بازنەیی دەتوانرێت پێناسەی واتای هەر وشەیەک لە زاراوەی سادەتر لە خۆی لە فریز بەدەستبهێنرێت، کە پێی دەگوترێت "لەخۆدا ڕوونکردنەوە" و واتای وشە ئاڵۆزەکان جیا دەکاتەوە بۆ پێکهاتەی واتایی سادە و لێکیاندەداتەوە، ئەم لێکدانەوەیەش، کە هەموو چەمکەکە لە زاراوەی ڕەگی واتایی جیهانی کورتدەکرێتەوە بەدەست دێت، کە ڕێگایەکە بۆ ڕێگریکردن لە ناڕوونی و خۆدوورگرتن لە سووڕانەوەی بازنەیی. گرفتی سێیەم 'کە لە خۆویستی دایە'، پێویستە درک بەوە بکرێت، هۆکارێک بەدی ناکرێت ئەو بۆچوونە ساغ بکاتەوە، کە لەبەر مەترسی ئەم خۆویستییەی پشت بەستن بەم ڕەگە واتاییانە کاڵ بکرێتەوە، چونکە بەڵگەکان ئەوە دەخەنەڕوو، بۆ نموونە ژمارە سەرەتاییەکان سامانی تایبەتیی زمانێک نین، کە لە هەموو زمانەکاندا بەکاردەهێنرێن(Dirven & Verspoor, 2004:131-134).

بەمجۆرە، کە پێشتر واتا بەخاڵی لاوازی لێکۆڵینەوەی زمان دانرابوو، کاتێک زانستی زمانی درکپێکردن جەختی لەسەر پەیوەستەگیی نێوان (زمان- ئاوەز- ئەزموونە ماددی و کۆمەڵایەتییەکان) کردەوە و بە هزری ئەزموونکردن داچوویەوە و جیاکردنەوەی دووانەکان ڕەتکرایەوە و جەخت لەسەر پەیوەستەگیی نێوان دروستە و ئەرک کرایەوە واتاسازی و ڕێزمان وەک دوو کایەی سەرەکی زانستی زمان بوون بە تەواوکەری

یەکتری و بوارەکانی تریش لە چێوەیاندا، خرانەڕوو واتاسازی بوو بە دامەزراوەی فراوانی زانستی زمانی'بەو ڕوانگەیەی ئامانج و مەبەست لە زماندا واتایە، چەمکەکان دەبن بە وێنەی ئاوەز و لە زماندا بەجەستە دەکرێن و پەیپێبردنی چەمکەکانیش دینامیکییانە لە ڕامان و گوزارشت و بەچەمککردنەوەدا دێتە ئارا، بەڵام ئەوە تەنها تاکەکان نین بەدیکراوەکان بەچەمک دەکەن، بەڵکو کۆمەڵگا ئاخاوتنیەکانیشن، کە چوارچێوە بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنن و ژینگە و بوارە فرەپسپۆرییەکانیش دەبن بە بنەمای بەچەمککردن.

بەمشێوەیە و لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە تیۆری و زانستییەی زانستی زمانی درکپێکردن، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم بەشەدا، ویستوویەتی لە چێوەی گریمانە و بۆچوونە واتاییە درکپێکراوەکانی سیمانتیکی درکپێکردندا، ئەزموونبەندانە درک بە پەیپێبردنە ئەزموونکراوەکانی زمانی کوردی بکات. ئەمەش بنەما و ژێدەری خستنەڕووی" شاوەچە" یە، لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

## ٢) پەیپێبردن وەک بنەمای بەنموونەبوون لە سیمانتیکی درکپێکردندا:

لە پرۆسەکانی ئاخاوتن و لێکۆڵینەوەی زماندا، گرنگیی پۆلێنکردن و بە نموونەبوون بە چەشنێک دەست لیَ هەڵنەگیراوە، کە لابۆڤ پێی وایە ؛" گەر بشیَ زانستی زمان بەتاکە شتێک دابنرێن ئەوا ئەو شتە، لێکۆڵینەوەی بەکاتیگۆریکردنە ، واتە؛ لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی وەرگێڕان و گواستنەوەی واتا بۆ دەنگەکان، لەمیانەی وەرگێڕانی واقیع بۆ یەکە لێک دابڕاو و پۆلی یەکەکان"(Labov,1973:342). ج.لاکۆفیش وا سەیری پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان دەکات؛ کە "گەیشتنی مەبەست وتێگەیشتنی زانیارییەکان پەیوەستە بە چەشن و لەباریی درکپێکردنی کاتیگۆریی بەنموونەکراوی پۆلەکان"( G. Lakoff, 1990: 41).

بەپۆلکردن بریتییە لەبەچەمککردن لەچوارچێوەی کۆکردنەوەی دانە جۆراوجۆرە پەیوەندیدارەکان'کە ئەزموونەکانیش هەڵگری فرە ڕەهەندی جیاوازن' کاتیگۆرییەکانیش لە بنەڕەتەوە بریتی دەبن لە دروستەی چەمکی و ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جیهان، کە بە زمان گوزارشت دەکرێن(Radden & Dirven ,2007:3).

پەیپێبردنی شاوەچە بنەمای تێڕوانینی ڕێبازی درکپێکردنە بۆ وەچەنموونەی پۆلەکان و بەرهەمی پێداچوونەوەی ئەم قوتابخانەیەیە بۆ پەیوەندیی نێوان کاتیگۆرییەکان، کە لەژێر کاریگەریی بنەماکانی دەروونزانی درکپێکردن وەکو نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی وێنا کرابوو و ئەمیش پێداچوونەوە و داڕشتنەوە بوو بۆ پرۆسە و شێوازی پۆلێنکردن لە ڕێبازی پێشین. بەمجۆرە هەروەک تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردن بۆ شاوەچە خاوەن ڕەهەند و خستنەڕووی جیاواز لە ڕێبازەکانی بەر لەخۆیەتی و ئەلقەیەکی دانەبڕاوی زنجیرەی پەیوەست و بەدواییەکداهاتووی لێکۆڵینەوەکانی پۆلێنکردنە.

### ١/٢) پۆلێنکردن و نموونە بەر لە زانستی زمانی درکپێکردن:

وەک لە بەشی یەکەمدا خرایەڕوو، لە تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، ئەرکی بنەڕەتیی زمان بریتییە لە پۆلێنکردن. بەڵام پرسی پۆلێنکردن لە فەلسەفەی گریکیی کۆنەوە دەست پێدەکات و قۆناغی جیاواز دەبڕێت، کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت سیَ ڕێبازی سەرەکی جیابکرێنەوە:

- ڕێبازی پێشین.
- تیۆری نموونەی بنەڕەتی ئاوەزی.

• پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا.

## ١-١/٢)تیۆری پێشین:

دەستپێکی ئەم ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە٢٠٠٠ساڵ و لە فەیلەسووفانی گریک بەتایبەت ئەرستۆوە[١]دەستپێدەکات و ئەم تێڕوانینە تا پێداچوونەوەکانی فنگنشتاین لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و دواتر دەرکەوتنی ئەنجامی توێژینەوە تاقیکارییەکانی ڕۆش[٢] و هاوکارانی بەردەوام دەبێت(Lacoff,1987:11) .

لەم پێڕەوەدا 'کە بە تیۆریی پێناس یش ناوبراوە'(Azad,2014:38) پێناس و تایبەتمەندییەکانی دەفری واتایی 'میتافۆریانە' بەسەر پۆل و کاتیگۆری جێبەجێکراون، پۆل بریتییە لە 'دەستەی شت یان ڕووداو یا دیاردەکان، کە پەیوەستن بە جۆرێکی دیاریکراو'(ینس الوود و..،٢٠١٢:١٧) و کاتیگۆرییەکان دوو هەڵبژاردەیان هەیە،'دەشێ لەناوەوەی پۆلدا بێت یان بکەوێتە دەرەوەی پۆل'(Lacoff,1990:52). بەمجۆرەش جیهانی بوون دەبێت بە پۆلێکی گەورە و لە پۆلی بچوکتر پێک دێت.

### ١-١-١/٢)پێکهاتەی پۆلەکان:

لەم قوتابخانەیە لە پرۆسەکانی پۆلێنکردندا، چەند چەمکێکی سەرەکی ڕۆڵ دەگێڕن، دیارترینیان؛ پۆل و ئەندام. پۆل وەکو گشت[٣] و ئەندام وەکو بەش[٤] ، لە پەیوەندیی نێوان بەش و گشتیشدا، دوو ئاراستە بەدی دەکرێت:

**ا-ئاراستەی هاونشینی:**

پەیوەندیی هاوپۆلبوونی وەچەکانە، کە وەچەکاتیگۆرییەکان پەیوەست بەیەکتر دەبن، گەردوون بەسەر(دە) کاتیگۆریدا دابەش دەبێت(ئەرستۆتالیس،٢٠٠٩:٢٩١-٢٩١. مەجدی،٢٠١٤:١٨٣).

**ب-ئاراستەی جێنشینی :**

بەپێی چوارچێوە و مەبەست پۆلەکانیش دەبن بە دوو جۆر؛ پۆلی فراوان و پۆلی هێز، فراوان ئەو پۆلەیە، کە پانتایی بوار دەگرێتەوە لە گوزارشتکردندا، هەروەک پۆلی هێز

---

[١] "Aristotle,385-271"

[٢] "EleanorRosch"

[٣] (ئەرستۆ،٢٠٠٩) وشەی "Holon"ی بۆ گشت بەکارهێناوە.

[٤] (ئەرستۆ،٢٠٠٩) وشەی meros بۆ بەش بەکارهێناوە.

جەختکردنەوە و چڕکردنەوەی تیشکۆیە لەسەر مەودایەک لە فراوانی بوار(ینس الوود و...،١٨،١٧:٢٠١٢)، وەچەکانی پۆلی هێز دەبنەوە بە وەچە لە پۆلی فرەوان:

بەمەش کاتێک A ئەندام بێت لە پۆلی B و B یش ئەندام بێت لە پۆلی C ئەوا A یش دەبێت بە ئەندام لە پۆلیC (مەجدی،٣٨:٢٠١٤)، وەک لە نموونەی ژمارە(١)دا، بەدیدەکرێت:
نموونە(١):

ورچ > گۆشتخۆر
گۆشتخۆر > مەمکدار
مەمکدار > بڕبڕەدارەکان
بڕبڕەدارەکان > گیانەوەر

ورچ پۆلەکاتیگۆرییێکە، کۆمەڵێک سیما کۆیان دەکاتەوە و دەبن بە بەشێک لە گۆشتخۆرەکان، گۆشتخۆرەکانیش لە مەمکدارەکان و...،...، ورچ بەشێکە لە گیانەوەران.

ئەم بەئەندامبوونی پۆلانە تەنها پەیوەستە بە مەرجی لۆژیکیی ئەرستۆ و لێکەوتەی تێڕوانینی بنەما فەلسەفییەکان بۆ نەخشە و پێکهاتەی دەفر نەک دەرەنجامی توێژینەوە و بەڵگەی تاقیکراوە(Lacoff,1990:53).

**٢-١-١/٢)سیماکانی پۆلێنکردن لە ڕێبازی دێریندا:**

لە تێڕوانینی قوتابخانەی دێریندا بۆ پۆلێنکردن، کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی دەبن بە مەرج بۆ هاوپۆلبوونی کتیگۆرییەکان، کە دەتوانرێت لە (٤)خاڵدا پوخت بکرێنەوە:
١-ئەندامبوون بەپێی کۆمەڵێک سیماوە دەبێت، کە یەکەیەکەیان ناچاری و بە تەواوی بەمەرج کراون وسیماکان بەشێوەی دوانە جیاکراونەتەوە [± ] مەرجە هەر ئەندامێک پەیوەست بێت پێیانەوە و ئەم سیمایانە بە جەوهەری شتەکانەوە پەیوەستن، هەر بوونێک یان سیماکان هەمەکی هەڵدەگرێت و دەبێت بە ئەندام یان لە دەرەوەدا دەمێنێتەوە.

٢-ئەندامانی پۆل یەکسان و چوون یەکن، چونکە لە هەڵگرتنی سیماکاندا وەکیەکن و پلەبەندی و کاتیگۆری باشتر لەئارادا نییە.

٤-سنووری پۆلەکان ڕوون و دیاریکراوە و بەناویەکداچوون لە نێوان دوو پۆلدا ڕوونادات و هیچ بارێکی ناڕوون و گریمانەیی جێگای نابێتەوە (JOHN R. TAYLOR,1995:23).

ئەم پێوانە دوانەییە[ ± ] لەسەدەی بیستەمدا، یاکۆبسن[1] لە توێژینەوەی دەنگسازیدا ، لە میانەی جیاکردنەوەی دەنگەکان وەک؛ [±دەنگدار ]، [±بەرز ]و دواتر لە واتاسازیدا[2] لە واتای وشە[3] لە لایەن "کاتز و پۆستال جێبەجێکران(Katz, and Postal,1964) و کرایە بنەمای جیاکردنەوەی وشەکان، وەک لە نموونە(٢)دا، لە جیاکردنەوەی نیشانە واتاییەکانی وشەی(/سەڵت/) بەدیدەکرێت:

نموونە(٢)، نیشانە واتاییەکانی [سەڵت] :

سەڵت[+مرۆڤ + نێر + هەراش + پرۆسەی خێزانداریی ئەنجام نەدابێت]

هەریەکە لەم سیمایانە پەیوەست بە پۆلێنی دێرین بەیەکەوە مەرج بوون بۆ[سەڵت]وبە بێ هەریەکێکیان سەڵتبوون تێکدەچێت(Taylor,1995:25.30).

**١/٢-١-٣)گرفتەکانی ڕێبازی پێشین:**

فەلسەفەی دێرین لە بیرکردنەوە و تێگەیشتندا هیچ ڕۆڵێک نادات بە وێناکردن وپشتگوێی دەخات و لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەندێشە و سۆز نابابەتی و نازانستی دەبینێت و لەئەنجامدا چەند دوانەیەک:(ئاوەز – جەستە، بیر – ئەندێشە، زانست – هونەر، تێگەیشتن – سۆز،...هتد) دێنەئارا و جەخت لەسەر یەکەمیان دەکاتەوە و بە بابەتی سەیری دەکات و دوەمیان ڕەتدەکاتەوە و بە خۆیەکی سەیری دەکات و داوای خۆ لێ ڕزگارکردنی دەکات، کە توێژینەوەکان لە بوارەکانی زمان و فەلسەفە و دەرونزانی دا زاراوەی خۆیەکێتی یان بۆ بەکارهێناوە، وای دەبینن دروستەیەکی براوەی ڕەها هەیە بۆ ڕاستی/هەقیقەت و جیهانی دەرەوە و سەربەخۆ لە نەریتەکانی مرۆڤ و دەبێت بیرکردنەوەی بابەتی تەنها پەیوەست بە لۆژیک بگیررێتەبەر(Jonson,1990).

گەر ئەم بنەمایانە تاقی بکەینەوە دەبینین نە ڕاستەقینەی شتەکان و نە ئەزموونی مرۆڤ بۆ واقیع و کارلێککردنی لەگەڵی دا پەیوەست نین پێیانەوە و درککردنی مرۆڤ نە ڕەچاویان دەکات و نە زۆربەی کاتیش لە پۆلێنکردندا پێیانەوە پەیوەست دەبێت، بۆیە ئەم ڕێبازەی پۆلێنکردن شایانی پشت پێ بەستن و کارپێکردن نییە و لەگەڵ سرووشتی پۆلێنکردنی مرۆڤدا پێکەڵ نابێت(لطیفة،٢٠٠٤:١٠. Azad,2014:38)، بۆ نموونە گەر سەیری پۆلی باڵندە بکەین، دەبینین سیما جیاکەرەوەکان ئەم پێناسەی دێرین ڕەت دەکەنەوە، کە لە خشتەی ژمارە(١) دا بەدی دەکرێت :

---

[1] بۆ زانیاری لەبارەی ئەم پێوانە دوانەییە لای یاکۆبسن، بڕوانە(افیتشا،٢٠٠٠:٢٥٥-٢٥٨)

| سیماکان | وەچەکانی پۆلی باڵندە | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کێشکە | کۆتر | بەبەغا | وشترمرخ |
| هێلکەکردن | + | + | + | + |
| بوونی دەنووک | + | + | + | + |
| جووت باڵ و قاچ | + | + | + | −/+ |
| بوونی پەڕ | + | + | + | + |
| بچووکی و کێش سووکی | + | + | −/+ | − |
| توانای فڕین | + | + | + | − |
| چریواندن/ چرین | + | + | + | − |
| قاچی لاواز و کورت | + | + | + | − |
| کلکی کورت | + | + | + | − |

خشتەی ژمارە(١) دەرکەوتنی سیماکان لە باڵندەدا(F. Ungerer & H. J. Schmid ,1997 :24 ).

لە هێلکاریی ژمارە(١)دا، دەبینین وشترمرخ ئەگەرچی ناشفرێت، بەڵام ئەندامە لە پۆلی باڵندەدا، کەچی شەمشەمەکوێرە ئەگەرچی توانای فڕینی هەیە بەڵام مرۆڤ لە پۆلی باڵندەی دانەناوە و لە پۆلی مەمکدارەکانە.

بەمەش تیۆری پێشین بۆ پۆلێنکردن بەدەست کۆمەڵێک گرفتەوە دەناڵێنێت، دیارترینیان:

- گرفتی پێناس
- لێلی چەمکییانە
- ناچوونیەکیی جۆری (Evans&Green,2006:254. Azad,2014:38)

١-گرفتی پێناس: کاتێک لە پۆلێنکردندا جەخت لە چوارچێوەی پێناس بکرێتەوە ، ئەستەمە بتوانرێت سیماکان وەکیەک و هەمەکییانە لە وەچەکانی پۆلدا بەدی بکرێن. باشترین ڕەخنە نموونەکەی"فنگنشتاین" ە لەبارەی پۆلی یاری، کاتێک وەچەپۆلەکان بریتین لە: یاری کاغەز، تۆپێن، وازی، شەترەنج، یارییە ئۆلۆمپییەکان،...هتد. ئەگەر چی هەموویان یارین، کەچی سیماکان چوونیەک نین لە نێوانیاندا؛ ئایا هەموو یارییەکان پێویستییان بە تۆرهەیە وەکو تۆپێن؟ ئایا هەموو کات لە یاریدا پێشبڕکێ و بردنەوە و دۆڕان هەیە'وەکو یاری تۆپێنی منداڵێک بۆخۆی'؟ ئایا لەبەرانبەر فێربوون و لێزانین و بەهرەدا یارییەکان چوونیەکن؟ کاتێک لە یارییەکان ورد دەبینەوە، دەبینین ئاستی لێکچوونەکان هەندێکجار

بەرزدەبێتەوە و هەندێکجار سیماکان نزم و ون دەبن و تۆڕێکی ئاڵۆز لە لێکچوونەکان دروست دەبێت، کە هەندێکجار بەناویەکدا دەچن و هەندێکجاریش پچڕان دروست دەبێت. فنگنشتاین لەبڕی چونیەکیی وەچەکاتیگۆرییەکان ئاماژەی بە ناڕوونی و لێکچوونی خێزانی کرد'ئەندامانی خێزانێک بەشێوەی جیاواز لەیەکتر دەچن؛ڕوخسار، ڕەنگی چاو، قژ، میزاج،..'. لەبارەی سنووری پۆلەکانیش ئەوەی خستەڕوو؛ کە مەرج نییە جێگیر و نەگۆڕبن و دەشێ سنووری پۆل فراوان ببێت و لەسەر بناغەی لێکچوون جۆری تری یاری بێتەناو[1](Wittgenstein,1953:66-71). بەمەش سیمای جامیع و مانیع[2] جێگیر نابێت(Lacoff,1990)، وەکو لە نموونەی ژمارە(٣)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٣):

نیشانە واتاییەکانی[سەگ]بریتین لە:

سەگ
- +گیانداری مەمکدار
- +چوارپەل
- +کلکی درێژ
- +حەپین

ئایاگەر سەگێک گوێی لەدەستدا، یان کلکی قرتا، پێناسی سەگی لێدەسەنرێتەوە؟

ئەو تێڕوانینەی فنگنشتاین لەبارەی یارییەوە خستییەڕوو، ئۆستن "J.L.Austin" لە نووسینێکدا لەژێر ناونیشانی"واتابەخشیی وشە"[3] لەبواری واتای خودی وشەکاندا شرۆڤەی کرد[4] و ئەوەی خستەڕوو؛ کە سیماکان چوونیەک و پەیکاڵ نابن لە تێکڕای پۆلەکاتیگۆرییەکی زماندا، ئەم تێڕوانینە دواتر بوو بە بنچینەی تیۆری نموونەی بنەڕەتی لەبواری واتای وشەدا.

ئۆستن پرسیاری ئەوەیکرد"بۆچی مرۆڤ بەهەمان وشە شتی جیاواز گوزارشت دەکات؟" وەڵامی نەریتی بۆ ئەم پرسییارە ئەوەبوو؛ "شتە جیاوازەکان بەهەمان وشە ناونراون"، ئەم وەڵامە لەتێڕوانینی پێشین بۆ پۆلێنکردن سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام ئۆستن

---

[1] لاکۆف ئاماژە بە هاتنەناوەوەی یارییە ڤیدیۆیییەکان دەکات لەساڵانی ٦٠ی سەدەی ڕابردوو(Lakoff,1987:16).

[2] جامیع و مانیع؛ سیما بە بنەماکراوەکان، دانەکانی پۆلێک کۆدەکەنەوە و ڕێگردەبن لە هاتنەناوەوەی دانەیتر، کە تەواوی نیشانەکانی تیادا نەبێت(اثیرالدین،- :٩٦،٩٧).

[3] "meaning of a word"

[4] ئەم وتارە ساڵی١٩٤٠ نووسراوە، بەڵام ساڵی ١٩٦١ بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی خستەڕوو؛ کە ئەم وەڵامە ورد و دروست نییە و نموونەی بە چەند دۆخێکی زمانی هێنایەوە و ئاماژەی بە بیری ئاوەزی[1] و فاکتەری زانستی نیشانە و بواری کار دا(J. L. Austin,1961:58-74).

٢-لێڵیی چەمکی: پۆلەکان لە واقیع و سرووشتی پێکهاتنیاندا، سنووری ڕوون و جێگیریان نییە. لە واقیعی کردەییدا سنووری ڕوون و جیاکراوە لە نێوان وەچە کاتیگۆرییەکانی پۆلدا بەدی ناکرێن، وەک لە نموونەی ژمارە(٤)دا، بەدیدەکرێت:

نموونە(٤):
ئایا کاتێک ژمارەکان بۆ تاک و جووت پۆلێن دەکرێن و تاکەکان ئەوانەن ناتوانرێت بەسەر(٢) دابەش بکرێن بەبێ ماوەی(١)، لێرەدا سنووری نێوان ژمارە تاک و جووتەکان ڕوون و ئاشکرا دیاری دەکرێت(جیۆپرۆجێکتس ا،٢٠١٤،٢:٢٧).بەڵام ئاخۆ لە جیاکردنەوەی سنووری نێوان تەپل و کورسی یان پەنگوین و وشترمرخ سنوورەکان هەمان ڕوونییان دەبێت؟(Evans&Green,2006:253,254).

٣-ناچوونیەکیی جۆری: کاتیگۆرییەکان لە سرووشتدا بە پلەی جیاواز سیماکان هەڵدەگرن و پەیکاڵ نین، گەر گرفتی لێڵی چەمکی بە سنووری پۆل و وەچەکانەوە پەیوەست بێت، ئەوا ناچوونیەکی بە هەڵکەوتی وەچەکان لەنێو پۆلدا پەیوەستە، بۆ نموونە ئەرمسترۆنگ و .. (Armstrong,..,1983)، ئاماژەیان بە دەرکەوتنی شێوەی جیاوازی کورسی کردووە' چوارپا، خولاو، ...'و پرسیاری ئەوەیانکردووە؛ کامەیان لە پەرێزی واتایی دا نموونەییترە؟

توێژینەوە تاقیکارییەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەم مەرجانە پێکەڵ نین لەگەڵ واقیعی سایکۆلۆژیی مرۆڤ و هەرئەوەشە زۆرجار لە پۆلێنکردنی پێشیندا مرۆڤ لە دانانی دانەکان لەنێو پۆلدا بەهەڵەدا چووە، بۆنموونە نەهەنگ لەبڕی پۆلی مەمکدارەکان لەپۆلی ماسی هەژمارکراوە(Evans&Green,2006:255).

## ٢-١/٢)تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی:

وەچەنموونە لەچوارچێوەی هەردوو قوتابخانەی زانستی زمانی دەروونی'پەیوەست بە بنەما تیۆرییەکانی دەرونزانیی درکپێکردن' و زانستی زمانی درکپێکردنەوە لێکۆڵینەوە و

[1] بیری ئاوەی"nominalism"ئەو بۆچوونە فەلسەفییەیە، کە وەکو بوونێکی ڕووت جەخت لەسەر بیر و باوەڕ دەکاتەوە، بەجۆرێک بیرەکانی مێشکی مرۆڤ پێش بوونی ڕاستەقینەدەکەون(رەشید،٢٠٠٦:٦٢٧).

شرۆڤە کراوە، بەڵام پەیوەست بە ڕەهەند و بنەمای جیاواز، کە لە چێوەی قوتابخانەی یەکەم وەکو نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی وێناکراوە[١].

**١/٢-٢-١)ڕەهەندەکانی تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی:**

تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی بەرهەمی لێکۆڵینەوە تاقیکارییەکانی ڕۆش و هاوەڵانییەتی پەیوەست بە دەروونزانیی درکپێکردنەوە، کە تیایدا لەبری پێناسی دەفر 'کە لە ڕێبازی دێرین کرابوو بە بنەما' جەختیان لەسەر ئەنجامە تاقیکارییەکان کردۆتەوە. ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە پۆلێنکردن لە بری سیما ناچاری و هەمەکییەکان پەیوەستە بە وێناکردنی ئاوەز لەمیانەی بەدیکردنی سیماکان و ئاماژەیان بە نمونەی بنەڕەتیی ئاوەزی کرد وەکو وێنای ئاوەز و چەقی پۆل و هەڵگری پتری سیماکان ( Evans&Green, 2006:248-249).

ئەوە خرایەڕوو، کە پۆلەکان لە پێکهاتنیاندا لەخۆگری وەچەی ناچوونیەک و سنووری ناڕوونن و ئاماژەیان بە بەنموونەبوون کرد پەیوەست بە نواندنی زۆرتر و بەنموونەبوونی باشتر لە بری باری یەکسان، هاوشێوەبوون بەبنەما پەسەند کران. بانگەشەکرا، کە هەندێ وەچە ئاستی نواندنیان بۆ سیماکانی پۆلەکەیان بەرزترە وەک کراس و پانتۆڵ لە پۆلی جل وبەرگدا و سێو لە پۆڵی میوە(Rosch,1975:573-577). لێکۆڵینەوەکان جەختیان خستەسەر بوونی جیاوازی لە نێوان وەچەپۆلەکاندا و ئەوەیان خستەڕوو، کە مەرج نییە ئەندامانی پۆل پەیکاڵ بن لە هەڵگرتنی سیما و تایبەتمەندییەکاندا و هەندێک وەچە کە نموونەی باشتری گەیاندنن وەک نموونەی بنەڕەتی لە ئاوەزدا جێگیربوون و وێنەی پۆلەکە دەنوێنن(لطیفە،٢٠٠٤:١١).

**١/٢-٢-٢)بنەماکانی پۆلێنکردن:**

---

[١] ا-بەرانبەر وشەی"Prototype" ی ئینگلیزی بەپێی چەمکی زانیارستانی لە زمانی کوردی لە لێکۆڵینەوەکاندا، زاراوەی جیاواز بەکار هاتووە؛ هۆگر مەحموود(١٩٩٣) "نموونەی ئاوەزی" و هۆشەنگ فاروق(٢٠٠٨) لە وەرگێڕانی بەرهەمەکەی ه.د.هدسۆندا "نموونەی بنەڕەتی" و ئاڤێستا کەمال(٢٠١٢) "چەشنی نموونەیی" و فەرهاد توفیق(٢٠١٥) "پرۆتۆتایپ/چەشنی نموونەیی". بەڵام جگە لە جێگیرکردنی ئەم زاراوانە بەپێی دەوروبەری زانیارستانی بۆ قۆناغی جیاواز، بەپێی ڕەهەندی جیاواز و بنەماکانی سیمانتیکی درکپێکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وشەی "شاوەچە"مان بەکارهێناوە، کە لەمیانەی ئەم بەشەدا ڕەهەند و بنەمای ئەم زاراوانە درکیان پێدەکرێت.

پ-وشەی "شاوەچە" ئەنالۆژییانە و لێچووانە لەتەک وشەکانی(شاگوڵ، شاسوار، شاجوان،...) دەوەستێت.بڕوانە؛(محەمەدی مەحوی،٥٣،٢٠١٠:٥٢).

تیۆری نموونە لە پێکهاتەی پۆلەکان لە ئاوەزدا وەک مەرجی بنەڕەتی پشت بە دوو گریمانە دەبەستێت:

- بنەمای ئابوورییانەی درکپێکردن.
- بنەمای دروستەی جیهانی هەستپێکراو.

**١-بنەمای ئابووریانەی درکپێکردن:**

ئەم بنەمایە جەختکردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندیی لێگرتنەوەی مرۆڤ، لە بەکارهێنانی تواناکانی و هەوڵدانی لە بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا و دروستکردنی هاوسەنگی. لەبڕی ئەوەی زانیاریی سەربەخۆ لەبارەی هەرشتێک هەڵبگیررێت، کە بەدیدەکرێن یان ژمارەیەکی زۆر هەگبە بۆ وەچە لێکچووەکان بێنێتەئارا.

**٢- بنەمای دروستەی جیهانی هەستپێکراو:**

جەختکردنەوەیە لەسەر ئەو بنەمایەی، کە پێی وایە جیهانی دەوری مرۆڤ خاوەن دروستەیەکی پەیوەستکارە. ئەمەش مەرجی دروستی لە ئاوەزدا هێناوەتەئارا، وەک لە نموونە(٥)، لە نیشانە واتاییەکانی [باڵندە]دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٥): نیشانە واتاییەکانی وشەی(باڵندە):

+پەڕ
+توانای فڕین

نەک نیشانەکانی: + توکن
+ توانای هەناسەدان لەژێر ئاودا

ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت، کە مرۆڤ لە پۆلێنکردندا پشت بە دروستەیەکی پەیوەستکار ببەستێت لە ڕێکخستنی دانەکان لەمیانەی دانەی بە نموونەبوو لە ئاوەزدا (Rosch, 1998:252-253).


بەمەش هەردوو کایەی هەستی ناوەکیی مرۆڤ و دیاردەکانی دەوروبەر لە دروستکردنی نموونەی بنەڕەتی لە ئاوەزدا بەشداری دەکەن و نموونەی ئاوەزی بریتی دەبێت لە "بارە نموونەییەکانی کۆمەڵە شتێکی دیاریکراو"(هۆگر،٤١-٤٢:١٩٩٣)، کە ئاوێنەیەکی باشتری ڕەنگدانەوەی ژینگەن(Rosch,1978:6).

**٣-٢-١/٢)پێڕەوی پۆلێنکردن:**

کاتێک ئەم دوو بنەمایە 'ئابووریکردن و پەیوەستکردن' سیستەمی پۆلێنکردنی مرۆڤ دێننەئاراوە. بنەمای ئابووریکردن کاریگەریی لەسەر ئاستی فراوان وەکو پانتاییی پۆل و بنەمای پەیوەستکردن کاریگەریی لەسەر وێناکردن و نموونەی پۆلەکان جێدەهێڵن. ئەمەش دوو ڕەهەند دێنێتەئارا؛ ستوونی و ئاسۆیی(Rosch,1978)، بەمجۆرەی خوارەوە:

**ا-ڕەهەندی لوتکەیی:**

ڕۆش و...(١٩٧٦) لەمیانەی تاقیکردنەوە(٩٠) چرکەییەکانییان، ئاماژەیان بەوەکردووە، کە کاتیگۆرییەکان پلەبەندانە جیابکرێنەوە، بۆنموونە کورسی چوارپا گشتیترە لە کورسیی جولاو. ئەم بنەمایەش شانوێن[١] لەنێو وەچەکان دێنێتەئارا بەهۆی هەڵگرتنی پتری سیما هاوبەشەکان. بەمەش شانوێن دەچێتە ناوەڕاست و دانەکانی تر بەپێی ئاستی لەخۆگرتنی سیمان لە پەراوێزی ئەو ڕێزدەبن، نموونە سنگ زەردە"Robin"چەقی پۆلی باڵندە دەگرێت و کەناری و ...وشترمرخ، بەپێی ڕێژە و چەندێتیی هەڵگرتنی سیماکانی پۆل، لە دووریی جیاواز دەبن، وەک لە نەخشەی ژمارە(٢)دا، سەرنج دەدرێت:




نەخشەی ژمارە(١)، ڕیزبوونی وەچەکانی پۆلی باڵندە بەپێی ڕێژەی هەڵگرتنی سیماکانی پۆل(لە http://dqsy.net/jpk/yyyyx/netclass/1022.jpg وەرگیراوە).

گرنگترین ڕەهەند، کە ڕێبازی نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی جەختی لەسەردەکاتەوە ئەوەیە؛ هیچ بنەمایەکی پێشوەختە نە پێوانەکراو لەئارادا نین تا مرۆڤەکان لە چێوەیاندا پۆلێنکاری ئەنجام بدەن و پۆلێنکردن لە ئەنجامی ڕووداوێکی کاریگەرەوە نایەتە ئارا، بەڵکو پەیوەست بە بنەما دەروونزانییەکان ئەنجام دەدرێت و گۆڕانی سنووری پۆلەکان و

---

[١] زاراوەی شانوێن، بەرانبەر"Superordinate"ی ئینگلیزی بەکارهاتووە، بە لێکدانی؛ شا لەگەڵ نوێن؛ ڕەگی کاری چاوگی(نواندن)؛ ئەو وەچەیەی باشترین نواندنی نیشانەکانی پۆلی واتایی ئەنجامداوە(لێکۆڵەر).

نمونەکان بۆ ژینگە دەگەڕێتەوە، نەک ڕووداوی بەزەبر یان دیاردەی مێژوویی( Rosch, 1978:1,2).


**١/٢-٢-٤) سیماکانی پۆلێنکردن لە تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزیدا:**

دەتوانرێت سیماکانی ئەم تیۆرە، لە(٣)خاڵدا کورتبکرێنەوە:

١- ئەندامبوونی کاتیگۆری لە پۆلدا لەسەر بنەمای لێکچوونە، نەک وەک یەکبوون و ئەندامان چوونیەک نین لە هەڵگرتنی سیما و تایبەتمەندییەکانی پۆلدا.

٣- ئەندامانی پۆل بەپێی بەرزیی ئاستی سیماجیاکەرەوە هەستپێکراوەکانی پۆل، لە ناوەندەوە بۆ پەرێزی پۆل شوێن دەگرن و شانوێن دەکەوێتە ناوەند(Azad,2014:38-39. Dirk Geeraerts,2006:9-13)، کە لە نەخشە(٢)دا خراوەتەڕوو:

بوونی O لە ناوەندی پۆلیA واتایی باشترین نموونەی پۆلە




نەخشە ژمارە(٢)بەناویەکداچوونی پۆلەکان وتێکەڵبوونی وەچەکان.بەدەستکارییەوە لە (لطیفە ابراهیم،٢٠٠٤) وەرگیراوە.

٣- ئەو نموونانەی مرۆڤ سەرەتا فێریان دەبێت، دواتر لە ژیانی دا، دەیانکات بەپێوانە بۆ ناسینەوە و پۆلێنکردنی شتەکانی تر(شێرزاد و عەبدولسەلام،٢٠١١:٣٣).

تیۆری نموونە بەهۆی جەختکردنەوە لەسەر چەقەواتا و نواندنی سنووردارتر "وەک ئامرازێکی نزیککەرەوە لە چۆنێتی لێکدانەوەی واتاکاندا بەکاردەهێنرێت" (ئاڤێستا،٢٠١٢:١٦٩) و گرفتەکانی بوارە واتاییەکان چارەسەردەکات(هۆگر،١٩٩٣:٤٠) و گرفتی تێگەیشتن کەم دەکاتەوە و سنووری نێوان کاتیگۆرییەکان دیاری دەکات، بۆ نموونە سنووری نموونەیی نێوان دار و دەوەن جیادەبێتەوە(لارس مێلین،٢٠١٠:٣٨٠).

**١/٢-٢-٥)گرفتەکانی پۆلێنکردن لە تیۆری نموونەی بنەڕەتیی ئاوەزی:**

بەو پێیەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، نە هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەما تیۆرییەکان دەکات و نە پەیوەستە بە هاوکێشە زانستییە داڕێژراوەکان لە کردەکانی پۆلێنکردندا، بەڵکو پەیوەستە؛ بە وێناکردنی دینامیکیی ئاوەزی، کە تێگەیشتن پێیانەوە پەیوەستە (Evans&Green,2006:253)، هاوشێوەی تیۆری پێشین ئەو ڕەخنەیە ئاراستەی تیۆری نموونە کرا لەبارەی نەزانی و هەڵەکردن لەچۆنیەتیی لێکدانەوەی بنەماکانی بەدەستهێنانی ئەو بنەمایانەی بەهۆیانەوە نموونەکان هەڵدەگیرێن، بۆنموونە ئایا هۆکارچییە؟ لە وێناکردنی وێنەی داپیرەدا، مەرج نییە نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکان بێنەدی(Laurence& Margolis,199:34-35)، وەک لەخوارەوە، لە نموونەی ژمارە(٦) سەرنج دەدرێت:

نموونە(٦):

نیشانە واتاییە فەرهەنگییەکانی یەکەی وەتایی[داپیرە]: وەکو بەو شێوەیەی خوارەوەن:

| | |
|---|---|
| داپیرە | +تەمەن<br>+قژی سپی<br>+چاویلکە لەچاوکردن |

دەشێ ئافرەتێک لە تەمەنی زوودا، ببێت بە داپیرە'خاوەن نەوە' و هیچێک لەم نیشانە واتاییانەشی لێ دەرنەکەوتبن، وەک لەم ڕستەیەدا سەرنج دەدرێت:

- داپیرەی هێرۆ لە نەوەکەی گەنجترە.

لە هەمبەر هەندێک پۆلدا ئەگەرچی بواری نموونەبوون یەکە، بەڵام وێناکان وەک یەک نایەنەئاراوە، بۆنموونە بەرزی لە وەسفی پیاودا جیاوازە لە بەرزی شاخێک (Taylor,2008 :43)، وەک لە نموونەی ژمارە(٧) بەدیدەکرێت:

نموونە(٧):

پیاوێک بەرزییەکەی بگاتە (٢)م، بە مرۆڤێکی زۆر بەرز دادەنرێت:

-ئای ئەم پیاوە! بەرزییەکەی دەگاتە دوومەتر.

لەکاتێکدا شاخێک لە هەندێ شوێنی شاخاویدا، بەرزییەکەی دەگاتە سەروو(١٠٠٠)م، کەچی بە بەرز دانانرێت.

جگە لەوەی ئەم تیۆرە، تیۆرێک بوو بۆ پۆلێنکردن لەژێر کاریگەریی قوتابخانەی دەروونزانی درکپێکردن، ئەوەندە تیۆرێک نەبوو بۆ خستنەڕووی درکپێکردنی مرۆڤ پێکەڵ بە واقیع و تاقیکردنەوە و تیۆرێک نەبوو بۆ لێکدانەوەی واتای وشە لەچوارچێوەی

واتاسازیی گشتیدا(Taylor,2008:41) و دەشێ گرفتەکانی لە (٤) خاڵدا کورت بکرێنەوە، کە بەرانبەریان دەستەوسان بوو:

١.جۆراو جۆری ئەو کارەکتەرانەی، کە وەچەکان بە نموونە دەکەن .
٢.گرانیی ڕێکخستنی وەچە نموونەکان بە پێی گرنگی و ئەو بنەمایەی کامەیان گرنگترە؟
٣. بەردەوامی و گۆڕانی نموونەکان و گرانیی وەستانەوە لە گەڕان بەدوای وەچە نموونەکاندا، کە پێوانەیەک لەئارادا نییە سنوورداریان بکات.
٤.خاڵی هەرەگرنگ ئەوەیە ئاخۆ ئەو بنەما ئاوەزییانە چین، کە لە زماندا دانەیەک لەوەیتر بنەڕەتیتر و باشتر بێت، ئایا دەنگەبزوێنەکان 'کە دەبن بە درێژی و کورت'کامەیان بنەڕەتیتر و باشترن؟(Taylor,1995:43. ئاڤێستا،٢٠١٢:١٦٩)

## ٢/٢) پۆلێنکردن و بە نموونەبوون لە سیمانتیکی درکپێکردن:

وەک لە بەشی یەکەمدا، ئاماژەی پێکرا؛ پۆلێنکردن بابەتی هەرەگرنگ و جێگای گرنگی پێدانی زانستی زمانی درکپێکردنە، بەڵام بەجۆرێک، کە هەردوو کلیلی ڕێبازەکە؛ "هەمەکی بوون" و "درکپێکردن" لە درکپێکردنی نمونەکانیشدا ڕەنگ دەدەنەوە و هەرسێ بنەما و تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی زانستی زمانی درکپێکردن"پێشینەی واتایی" و "سروشتی زانیارستانی" و "سروشتی پەیپێبردنانە" بوون بە بنەمای تێڕوانین.

بەمەش واقیع و جیهان بابەتییانە و وەکو خۆی و ڕاستەقینە لە زماندا ڕەنگنادەنەوە، بەڵکو دەربڕینی زمانی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ واقیع و بەو پێیەش، کە توانستی زمانیی مرۆڤ بەشێکی جیانەکراوەی کۆزانینە، ئەمە لە زمان و کردەکانیدا بەجەستەدەبێت. تێڕوانینی زانستی زمان بۆ نموونەی پۆلەکان، یەکێکە لە بابەتە گرنگی پێدراوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و بە بنەما تیۆرییەکانی ڕێبازەکەوە پەیوەستە.

### ٢/٢-١) بنەماکانی پۆلێنکردن و پەیپێبردنی شاوەچە:

لە زانستی زمانی درکپێکردندا شاوەچە وەک نموونەی پۆل و ڕووی کاتیگۆرییەکان ڕەگەزی بنەڕەتییە بۆ درکپێکردنی واتاکان، بەڵام ئەوە ڕەتدەکرێتەوە شاوەچەبوون جێگیر و لەمیانەی پێوانەیەکی جێگیر دەستنیشان بکرێت(Evans&Green,2006:250).

کاتێک ڕێبازی درکپێکردن زمان بە توانستێکی تێکەڵ و بەناویەکداچوو لەگەڵ گشت ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی توانستی ئاوەزیی مرۆڤ سەیردەکات، ئەم توانستەش لە واقیعی بەکارهێناندا لەگەڵ هەردوو کایەی: توانستی پراگماتیکی'کە شارەزایی مەرجە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنان بەپێی مەبەست دەگرێتەوە' و توانستی چەمکی'کە کۆزانینی

فراوانی مرۆڤ و ئەو تێگەیشتنەی بەرانبەر جیهان هەیەتی لەخۆدەگرێت' کاریگەری بەسەر یەکتردا جێ دەهێڵن(Taylor,1995:80-97). ئەمەش پەیوەستە بەو تاقیکردنەوە بەردەوامانەی، کە لە دەوری مرۆڤدا ڕوودەدەن و چالاکی و گشت هەستەکانی مرۆڤیش ڕۆڵیان تیادا دەگێڕن(لطیفە،٢٠٠٤:٥).

سیمانتیکی درکپێکردن جیاواز لە تیۆروانینەکانی پێش خۆی گرنگی بە کۆمەڵێک بابەت دا و ڕەخنەی لە کۆمەڵێکیانگرت؛ بابەتیبوونی بەتەنهای ڕەتکردەوە و گرنگیی بە وێنا هۆشەکییەکان دا، جەختی لەسەر سیستەمی میتافۆرییانە کردەوە لە دروستەی چەمکی و ڕەهەندە شوێنی و کاتییەکان و پەیوەندییان بە درکپێکردنی مرۆڤ و پەیوەندیی نێوان زمان و تێگەیشتن ڕەنگیاندایەوە(Jonson,1990). ئەوە خرایەڕوو، کە شاوەچەبوونی کاتیگۆرییەکان، پەیوەست نییە بە بنەمای فەلسەفی جیگیر لەئاوەزدا، بەڵکو بەرهەمی ئەزموونکردنە لە سروشت دا(Dirk Geeraerts33,2006:10).

لە خستنەڕووی ئەم قوتابخانەیەدا، میتافۆر هۆکارێکە بۆ وێناکردنی شتێک بەهۆی شتێکی ترەوە و هەرەمەکییانە دانەڕێژراوە، بەڵکو لەئەنجامی ئەزموونە ماددی و کەلتوورییەکانەوە هاتوونەتەئارا، بوونە ئەبستراکتەکانیش بەپێی دروستە فیزیکییەکان داڕێژراون، کە لێرەدا لقە کەلتوورییەکانیش کاریگەری جێدەهێڵن. میتافۆرەکان بەشێوازێکی هەبوونناسی بەکاردێن بۆ تێگەیشتن لە ڕووداو، کردە، چالاکی و دەربڕینەکان. بۆیەش بەچەمککردنەکان چوونیەک نین و پەیپێبردنانە و دینامیکین (Lakoff&Jonson,1980: 4-37) و ئەو گوزارشتانەی لەنێو کۆمەڵگایەکی ئاخاوتن ئاڵوگۆڕدەکرێن، وەک ئاماژە بۆ ئەو دروستە چەمکییانەی بە درێژایی مێژوو لەمیانەی ڕەهەند و پێکهێنەرەکانی دەوروبەر لە ئاوەزی مرۆڤەکاندا'لەئەنجامی تێگەیشتنیان بۆ دیاردە و ڕوودا و شتەکان'دا، ڕەگیان داکوتاوە(Raymond,1998:22-24).


بنەڕەتیترین دەرخستەی سیمانتیکی درکپێکردن ئەوە بوو، کە پۆلێنکردن بەپێی پێوانە ئەنجام نادرێت وەچەپۆلەکانیش چوونیەک نین. پۆلەکان لە سرووشتدا سنوور ناڕوونن و بەپێی بوار و شوێنکات چەمکی دەربڕینەکان جیاواز دەبێت. ئەمەش پەیوەست دەبێت بە کارلێککردنی مرۆڤ، لەگەڵ سرووشت لەلایەک و پۆل و وەچەکان لەلایەکی ترەوە (Evans&Green,2006: 270-280).

**٢-٢/٢)تاقیکردنەوەی کارەکییانە:**

بۆ تاقیکردنەوەی ئەم بنەما تیۆرییە تاقیکراوانە، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، لە ڕێگەی سەرنجدانی نموونەی تاقیکراوە و بەدەستهێنان و شیکردنەوەی وەڵامی فۆرمی پرسیارنامەی ژمارە(١)، پاسادانی درکپێکردنی ئاخێوەرانی(زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)بکات.

**ا.تاقیکردنەوەی یەکەم:**

لە وێنەی ژمارە(١)دا،پۆلێکی فرەچەشن لە شێوە و پێکهاتەی "cup" دەبینرێت:( a ,b ,c ,d ,e ,f)، شێوەی a لە کۆمەڵگای ئاخاوتنی ئینگلیزیدا، بارە نموونەییەکەی دەگەیەنێت و کاتێک کوپ لە کۆمەڵگای ئینگلیزیدا وشەی کوپ وێنەی a شاوەچە و ناونیشانی پۆلەڕەگەزی خوارەوەیە(Evans&Green,2006: 27-29).




وێنەی ژمارە(١) پۆلەڕەگەزی کوپ لە (Evans&Green,2006: 29) وەرگیراوە.

کەچی ئەم پۆلێنکردن و وێناکردنە، لە(زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)دا و بەپێی شوێنکات و مەبەستی بەکارهێنان، بەچەمککردنەوەی وشەکە جیاواز دەبێت:

١- لە وەڵامی تەوەری دووەمی پرسیارنامەی ژمارە(١)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا" بیستنی وشەی کوپ"Cup" سەرەتا کامە لەم وێنانەی خوارەوەت دێنێتە بەرچاو؟" دەردەکەوێت[١]،

[١]ا.نموونەی فۆرمی ڕاپرسیی ژمارە(١)، بریتی بوون لە ئاخێوەرانی(زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)، بەگریمانەکردنی (٣٠٠٠٠٠٠)ئاخێوەر، بە پشتبەستن بە(عەبدولمەناف،٢٠١١) ئاخێوەرانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست(٥،٨٪)ی دانیشتوانی عیراق پێک دەهێنن و بەسوود وەرگرتن لە لینکی ئەلکترۆنی (http://www.alsabaah.iq/ArticleShow) گەڕاینەوە بۆ ڕاگەیەنراوی وەزارەتی پلاندانانی عیراقی، کە ژمارەی دانیشتوانی عیراقی بۆ ساڵی(٢٠١٤) بە (٣٦)ملیۆن کەس داناوە و گریمانەی زیادبوونی ساڵانەی لە(٨٠٠٠٠٠) بۆ یەک ملیۆن دەکات، بەمەش گریمانەی (٣١٤٥٠٠٠) کەسکراوە و (٢٧٠) فۆرم، لە هەرسێ پارێزگای(هەولێر، سلێمانی، کەرکووک)، بە سوودوەرگرتن لە لینکی ئەلکترۆنی ( http://www

له زاری ناوەڕاستی کۆمەڵگای ئاخاوتنی زمانی کوردی هەرێمی کوردستان جیاواز و پەیپێبردنانە هاتۆتەئارا، وەک لە خشتەی ژمارە(٣)دا، خراوەتەڕوو:

| | | Frequency ژمارەی بەشداربووان | Percent ڕێژەی سەدی | Valid Percent ڕێژەی دروست | Cumulative Percent ڕێژەی کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | A | 46 | 17.0 | 17.0 | 17.0 |
| | B | 161 | 59.6 | 59.6 | 76.7 |
| | C | 50 | 18.5 | 18.5 | 95.2 |
| | D | 9 | 3.3 | 3.3 | 98.5 |
| | E | 4 | 1.5 | 1.5 | 100.0 |
| | Total | 270 | 100.0 | 100.0 | |

خشتەی ژمارە(٢) وێناکردنی کاتیگۆریی کووپ لای ئاخێوەری (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)؛
بیستنی وشەی کوپ"Cup" سەرەتا کامە لەم وێنانەی خوارەوەت دێنێتە بەرچاو؟

---


.raosoft.com/samplesize.html) تایبەت بە دیاریکردنی قەبارەی نموونەی لێکۆڵینەوە، دابەشکراون، هەوڵدراوە بەشداربووان ڕەنگدانەوەی جیاوازیی ڕەگەز، تەمەن، پیشە بن.

ب)هەڵبژاردنی ئەم دوو کاتیگۆرییە"سەوزە" و "کووپ" بەو هۆیەوە بووە؛ جگە لە لێکۆڵینەوەی خودی درکپێکردنی ئاخێوەران لە (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)، لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانێکی تریش، بەراورد بکرێت، کە تاقیکرابێتەوە.

ج)بەشدار بوون و ئاستی وەڵامدانەوە، لە خشتەی ژمارە(٤) سەرنج دەدرێت:

| Statistics | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | به بیستنی وشەی سەوزە | وێنەی کوپ | کۆکەرەوە |
| N | Valid | 270 | 270 | 270 |
| | Missing | 0 | 0 | 0 |

خشتەی ژمارە(٣)، ژمارەی گشتی و ژمارەی وەڵامدراوەکانی پرسیارنامەی ژمارە(١)





چارتی ژمارە(١) ڕێژەی دەرکەوتنی دینامیکییانەی کاتیگۆریی کووپ لای ئاخێوەری زمانی کوردی-کرمانجی

٢- لە هەمبەر پرسیاری سێیەمدا:"چ کەرەستەیەک دەبێت بە هێما و وەک پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە کۆدەکاتەوە ؟" وەڵامەکان لە خشتەی ژمارە(٤)خراوەتەڕوو:

| | | Frequency ژمارەی بەشداربووان | Percent ڕێژەی سەدی | Valid Percent ڕێژەی دروست | Cumulative Percent ڕێژەی کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | کووپ | 72 | 26.7 | 26.7 | 26.7 |
| | فنجان | 15 | 5.6 | 5.6 | 32.2 |
| | کووپ و فنجان | 136 | 50.4 | 50.4 | 82.6 |
| | کاسە | 22 | 8.1 | 8.1 | 90.7 |
| | دەفر | 24 | 8.9 | 8.9 | 99.6 |
| | لیوان | 1 | .4 | .4 | 100.0 |
| | Total | 270 | 100.0 | 100.0 | |

"خشتەی ژمارە(٤) هێمای پۆلەکاتیگۆری کووپ. چ کەرەستەیەک دەبێت بە هێما و وەک پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە کۆدەکاتەوە؟




چارتی ژمارە(٢) :"چ کەرەستەیەك دەبێت بە هێما و وەك پۆل ئەم شێوانەی سەرەوە کۆدەکاتەوە؟"

سەرنج:

لە ئەنجامی تێبینیکردنی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە، ئەم ڕاستییانە بەدیدەکرێن:

١-بەهێماکردنی کاتیگۆرییەکان وەک شاوەچەی پۆلەکە، دینامیکییانەیە.

٢-کاتیگۆریی "کوپ و فنجان" لە بەناونیشانبوون بۆ پۆلەکاتیگۆرییەکە، بەرزترین پلەیان وەرگرتووە.


٣-وشەی کووپ"cup"کە لای ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی پتر گوزارشت بووە لە چەشنی a، بەڵام لای ئاخێوەرانی (زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست) ئەگەرچی براوە نییە، بەڵام وەچەکاتیگۆری b پلەی یەکەم وەردەگرێت.

**ب-تاقیکردنەوەی دووەم:**

کاتێک(ویدۆوسن،٢٠٠٨:١٢٠)، وەکو نموونەی بنەڕەتیی پۆلی سەوزە، ئاماژە بە"کەلەرم" دەکات، کەچی لە وەڵامی تەوەری یەکەمی فۆرمی ڕاپرسیی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت؛ ئەم بنەمایە دینامیکییانە لای ئاخێوەری (زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست) دێتەئارا:

| | | Frequency ژمارەی بەشداربووان | Percent ڕێژەی سەدی | Valid Percent ڕێژەی دروست | Cumulative Percent ڕێژەی کەڵەکەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| Valid | کەرەوز | 200 | 74.1 | 74.1 | 74.1 |
| | دۆراغ | 4 | 1.5 | 1.5 | 75.6 |
| | تەرەتوولە | 43 | 15.9 | 15.9 | 91.5 |
| | کەلەرم | 2 | .7 | .7 | 92.2 |
| | کەوەر | 20 | 7.4 | 7.4 | 99.6 |
| | بیبەر و خەیار | 1 | .4 | .4 | 100.0 |
| | Total | 270 | 100.0 | 100.0 | |

"خشتەی ژمارە(٥) : "بەبیستنی وشەی "سەوزە کامە لەمانەی خوارەوەت یەکەمجار دێتە بەرچاو؟"




چارتی ژمارە(٣) : "بەبیستنی وشەی "سەوزە کامە لەمانەی خوارەوەت یەکەمجار دێتە بەرچاو؟"

سەرنج:

له ئەنجامی وەڵامی تەوەری(یەکەمی) پرسیارنامەی ژمارە(١)، ئەم زانیارییانە تێبینی دەکرێن:

١-به چەمککردنی کاتیگۆری"سەوزە" کە وەک نموونە لەم لێکۆڵینەوەیە کاری لەسەرکراوە، لە نێوان ئاخێوەرانی(زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست)، "کەرەوز" بەرزترین ئاستی وەرگرتووە، لە کاتێکدا (کەلەرم)، کەمترین ئاستی وەڵامەکانی بەدەستهێناوە.

٢-هیچ یەک لە کاتیگۆرییەکان، ڕێژەی تەواوی بەدەست نەهێناوە لە وێنابوون.

٣-ڕێژەی وێناکردن دینامیکییانەیە و لە کاتیگۆرییەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

٤- خاڵێکی گرنگ، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەبوو؛ چ لە پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان، چ سەرنجدانی بەردەوامی پەیوەندیکردندا، بەچەمککردنی کاتیگۆرییەکانی هەریەکە لەم پرسیارانە، لە کاریگەریی بوار و ئامانج بەدوور نین، وەک :

ا-له چایەخانەیەک، بە هەر کاتیگۆرییەک داوای چا بکرێت، وێنەکانی(e) و (d) لای چایەچییەکە وێنانابن، هەروەک داواکردنی سووپێک لە چێشتخانەیەک بە گوزارشتکردنی هەر کاتیگۆرییێک بێت، نابێتە هۆی ئەوەی سووپەکەت، لەناو پێکهاتەی(a)بۆ بێت.

ب-ئەو ئافرەتانەی خەریکی کڕینی کەرەستەی دۆڵمەبوون، ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەرەوزدا، دۆراغیان دەگوت، کەچی داواکردنی سەوزە لە چێشتخانەکان، لەگەڵ کەرەوزەکەدا، تەڕەتوولەی دەهێنا.

کاتێک پرسیارمان لە هۆکاری هەڵبژاردنی کەرەوز دەکرد، هەردەم لە وەڵامەکاندا، کارلێککردن بەهۆکار دادەنرا[١]، نەک ئاشنابوونی بەرایی.

جیایی کەلتوور، سنووری جیاواز لە پۆلەکاتیگۆریەکان و بنەمای بەشاوەچەبووندا، هێناوەتەئارا، پۆلی خواردن، یاری، جل و بەرگ،...، و پلەی وەچە پەسندکراو، جیاوازی لەگەڵ عەرەب، فارس، ئینگلیز،... هەیە .هەروەک جیایی ڕوانگە و تێڕوانینە کەلتورییەکان، بەوەی جیاوەزیی لە گوزارشتکردنیش هێناوەتەئارا جیایی لە پۆلێنکردنیش هێناوەتەئارا.

[١] زۆربەی کات وەڵامەکان ئەوە بوو؛ چونکە لەئامادەکردنی زۆر خواردن بەکاردێت و لەگەڵ هەموو خواردنێکیش دەخورێت.

**٣-٢/٢)تایبەتمەندییەکان لە پۆلە کاتیگۆرییەکانی زماندا:**

کاتێک زمان نمایشی ئاوەز دەکات و چەمکەکان بەجەستە دەکات، بەچەمککردنی بوونە ئەبستراکەکانیش لەسەر بنەمای پێکهاتە ماددییەکان دێتەئارا، ئەم تایبەتمەندییانەی پۆلێنکردن چ لە پەیوەندیی نێوان دانەکانی زمان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا چ لە نێوان خۆیاندا دەبێت بە خاڵی سەرنجدراو(Lakoff&Jonson,1980:14). بۆ سەرنجدانی ئەم تێڕوانینە سەرنجی چەند نموونەیەک دەدەین:

نمونە(٨):

لە زمانی کوردی و ئەسکیمۆدا، ژمارەیەکی زۆر وشەی بەپێی شێوەکەی بۆ (بەفر) هەن؛ بەفر، تەزرە، کرێوە، شلێوە، زوقم، شەختە، سرە، کەوی، بنگرە،...،کەچی لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا هاوشێوەیان نییە. لەبەرانبەردا لە زمانی عەرەبیدا، پتر لە بیست وشە بەپێی تایبەتمەندی بۆ وشتر هەن، کە لەزمانی کوردیدا، هەر وشەی (وشتر) یان بۆ بەکاردەهێنرێت(شێخانی ٢٠٠٩:٩٦. الثعالبی،١٩٥٤:٢٥، یۆل،١٩٩٥:٢٤٩).

نموونە(٩):

لە زمانی کوردیدا وشەی(ڕاهێنەر) بۆ هەموو بوارەکان لە پرۆسەی ڕاهێنان بەکاردێت، کاتێک لە زمانی ئینگلیزیدا لە بواری وەرزشدا (coach) و لە بواری ڕاهێنەری ئاژەڵاندا(trainne) بەکاردەهێنرێت. (شهاب،٢١٣:٢٢١-٢٢٢).

نموونە(١٠):

لە زمانی کوردی و فارسیدا زاراوە خزمایەتییەکانیان دووسەرەن'واتای دانەپاڵ و هۆیی دەگەیەنن و بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێن'چ چەمکی گشتی و چ تایبەتی'کەچی لە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دا، بۆ هەر چەمکێک زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنرێ:

کوردی:ژن – ژن. فارسی: زن – زن. ئینگلیزی: woman –wife. عەرەبی:مراة-زوجة. (یوسف شریف،٢٠١١:٩٦-٩٨.محەمەد رەزا،٢٠١٢:١٠٠،١٠١.الثعالبي:١٣١)

ئەم نموونانەی سەرەوە دەری دەخەن؛ کە جیاوازیی پۆلەکاتیگۆرییەکان لە نێوان زمانەکاندا، دەبێتە بنەما و ئاخێوەران ناچاردەکات جیهان بە شێوازی جیاواز ببینن و ئەم 'ڕێژەیی' یەی زمانیش سابیر و ۆف بەوە لێکی دەدەنەوە کە؛"ئێمە سرووشت بەپێی ئەو هێڵانە شی دەکەینەوە، کە زمانی دایک نەخشەی بۆکێشاوین، ئەو ڕێگایەشمان بە سرووشتی بڕیوە کە دەمانگەیەنێتە ڕێکخستنی چەمکەکان و گەیاندنی مەبەست، بەوەی هەردوو لامان ڕێککەوتووین لەسەر ئەم جۆرە ڕێککەوتنە و پەیوەستبوونمان لەخۆوەیە و

ناتوانین ئەو ڕێگایەی لە ڕێکخستن و پۆلێنکردندا لەسەری ڕێککەوتووین لێی دەربچین"(یول،٢٥٠،١٩٩٥:٢٤٩).

لە درکپێکردندا، پۆلێنکردن بناغەی تێڕوانین و ئەرکی بنەڕەتیی توێژینەوەی زمان و لێکۆڵینەوەی زمانە(Muysken.P:46-47) و بریتییە لە پرۆسەی ئاوەزی، کە لە ئاوەزدا و لەچێوەی ئەزموون و چاویلکەی گشت لقە پسپۆرییەکانی درکپێکردن ئەنجام دەدرێت و پەیوەندییەکی دوو سەرە لەنێوان کەرەستە زمانییەکان و ئاماژەپێکراوەکان سەرنج دەدرێت و دەبێت بە سەرچاوەی پێکهێنانی کۆزانین'کە لەپشت تێگەیشتنەوەیە' زۆرینەی زانین بریتییە لە پۆلێنکردن(Cohen.H,&Lefebvre.C:1-6) و بەشێکە لە پێکهاتەی واتایی لە چوارچێوەی تۆڕێکی کۆزانینی زانیارستانیدا(Evans&Green,2006:248) و نموونەی کاتیگۆری و پۆلەکان وەک مۆدێلی نواندنی کۆزانین سەیردەکرێت و کۆزانینی گشتی مرۆڤیش بنەمای بەچەمککردن و بناغەی درکپێکردنە( Evans&Green, 2006:269).

ئەمەش دەبێت بە چوارچێوە، لە پرۆسەی بەشاوەچەبوونی کاتیگۆری لەنێو پۆلەکەیدا، کاتێک کاتیگۆری وەچەپۆل نەبێت، ئیتر ناشبێت بە شاوەچەی پۆلەکە.

## ٤-٢/٢) تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان لە دارشتەی چەمکە ڕێزمانییەکاندا:

کاتێک زمان وێنە و نمایشی بیرەکانی ئاوەزبێت و هەمان جیایی پۆلێنکردن لە پۆلە زمانییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەو هۆیەی ڕێزمانیش بریتییە لە بەجەستەکردنی چەمکەکانی هزری مرۆڤ، ئەوا سنوور و چوارچێوەی پۆلەکان لە ڕێزمانی زمانەکانیشدا، لەمیانەی ئەم جیایی کەلتوورەدا دێتە ئارا و دەبێت بەو بنەمایەی شاوەچەی پۆلەکانیش لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا ناچوونیەک بێت(J.Taylor,1995)، وەک لەم چەند نمونەیەی خوارەوەدا، سەرنج دەدرێت:

(١١) جووت لە زمانە سامییەکان هەر ماوە'تاک و جوت و کۆ هەیە'، کەچی لە زمانە هیندۆئەوروپییەکان لەناوچووە'تەنها تاک و کۆ هەن'(پەروین،٢٦،٢٠٠٨).
نموونە:زمانی کوردی:مامۆستا-مامۆستایان.
زمانی عەرەبی:معلم-معلمان/معلمین-معلمون-معلمین .

(١٢)دۆخ سیستەمێکی جیهانییە لەهەموو زمانەکاندا بەدی دەکرێت، بەڵام شێوەی دەرکەوتندا جیاوازە[1].

ئەو دەقانەی لە پەند یان ئیدیەم خراونەتەڕوو، لە ئەزموون و کولتوورەوە سەرچاوەیان گرتووە، وەک وشەی (هێلکەوڕۆن) لە نێوان هەردوو نموونەی [١٦،ل:٤١] لەئاخاوتنی کوردیدا جیان.

بنەمای سەرەکی لە درکپێکردن و وێنەنما و نموونەی پۆلەکان لە ڕێبازی درکپێکردندا، بریتی دەبێت لە ناجێگیری و توانستی دینامیکی(Geeraerts33,2006:10) لەگەڵ جۆرێک لە پەیوەستبوون بە چەمکێکی بنەڕەتی زانیاریی ڕێژەیی پەیوەست بە چێوەی واتایی یەکەکان و چەمک و کردەکانی درکپێکردن دەبن بەبنەمای پۆلێنکردن. ئەم بنەمای ناجێگیرییە پەیوەستە بە گۆشەی سەرنج وەک بنەمای پەیپێبردن لەلایەک و خودی کاریگەریی دانەکە. سەرچاوەی تێڕامان نۆرمی شوێنکات، کە وەک بنەما لە بەدیکردن بۆ دانەکان و ئەمەش بنەمای میتۆنۆمی دەبەخشێت بە دانەی دەرکەوتوو و بۆ هەمان دیمەن بەکاریگەریی هەردوو نیشانە پراگماتیکیی شوێنی و کەسی لە ڕاماندا، کە بەکۆدکردنی جیاواز دێننەدی(Evans&Green,2006:269,575).

هەروەک بەرسەلۆ(Barsalou,1983) لە توێژینەوەکانیدا، ناجێگیری پلەبەندیی نمونەکان بەپێی دەوروبەر لە هەگبەی واتاییدا بەدرێژبوونەوەی کات بەشایستەی سەرنجدان دەزانێت. بەڵام گیرەیرتس(Geeraerts,1988:223)ئەوە دەخاتەڕوو کە گۆڕانی شاوەچەی چەمکەکان نابێتە هۆکار بۆ گۆڕانی واتای بنەڕەتیی چەمکی، وەک لە نموونە(١٣)دا، بەدی دەکرێت:

نموونە(١٣): وشەی (بارهەڵگر)هەرچەندە لە فەرهەنگدا واتاکەی لێکدراوەتەوە کە نیشانە جێگیرەکە لە نێوانیاندا [+ توانستی هەڵگرتن و گواستنەوە] یە، بەڵام بەو پێیەی کۆزانیاریمان بەردەوام لەگۆڕاندایە، بەچەمککردنی وشەکەش لەگۆڕانی بەردەوامدایە (بارگیر←گالیسکە←ئۆتۆمبیل).سەدەی نۆزدەم، چەمکی بارهەڵگر، جگە لە ئاژەڵ و عەرەبانە، شتێکی تری نەگەیاندووە، سەدەی بیستەم ئۆتۆمبێل و فڕۆکە هاتۆتەناوەوە، دواتر و ئێستاش چەمکی بارهەڵگر گۆڕاوە؛ ئۆتۆمبێل؛ پیکاب، لۆری، گەللابە،...هتد..

[1] بۆ زانیاری لە بارەی دۆخی ڕێزمانی بڕوانە:(سەباح ڕەشید،٢٠٠٩)و(محەمەد مەحوی وکاروان عومەر و شیلان عومەر،٢٠١٠).

## ٥-٢/٢) شاوەچەبوون لەنێو پۆلەکاتیگۆرییە زمانییەکاندا:

کاتێک شاوەچەبوون و بەشاوەچەکردن، بریتی دەبێت لە پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕ و تێکچرژاو لە نێوان (پەیپێبردنی بەچەمککار- پۆلەکاتیگۆری – خودی کاتیگۆرییەکە) و هەمان ئەو چوارچێوەیەی، کە بەسەر پەیوەندیی نێوان یەکە واتاییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا شاوەچەبوون دێنێتەئارا، واقیعی نێو خودی پۆلە زمانییەکانیش دەبێت.

وشەکان کە وەک یەکەی فەرهەنگی دەبن بە بەشێک لە سیستەمی واتایی، وەکو یەکەی ڕێزمانیش دەبن بە بەشێک لە پێڕەوی ڕێزمانی و ئاستە جیاوازەکان'وشەسازی، ڕێزمان، واتاسازی'کاریگەری بەسەر سیماکانی کاتیگۆرییەکان جێ دەهێڵن و کارلێکی نێوان کاتیگۆریی فەرهەنگی و ڕێزمانی نموونەیی نییە و جۆراوجۆر و ناچوونیەکە (Muysken.P: 47). کاتێک لە ڕێزمانی دێریندا، جەخت لەسەر ژمارەیەکی جێگیر لە پۆلە کاتیگۆریی فەرهەنگی'ناو، کار، هاوەڵناو، هاوەڵکار، ...'کراوەتەوە و بەهۆی سیمای تایبەت جیاکراونەتەوە، هەر یەکە لەم پۆلانە، خاوەن سیمای جیاکەرەوەن، بەڵام ئەزموون و سەرنجدان ئەوە دەردەخات، کە مەرج نییە سیماکان بەشێوەیەکی ببڕ جێگیر بن (Gillon:168). لە ڕێبازی درکپێکردندا، یەکەواتاییەکان لەمیانەی تاقیکردنەوەی بەردەوامی مرۆڤ لەهەمبەر جیهاندا دێنەدی و پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان واقیع و بەجەستەکردنی تێگەیشتن لە کاتیگۆرییەکاندا نمایش دەکرێن و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، سیماکان جێگیر نین و سرووشتی کاتیگۆرییەکان جیاواز و ناڕوونە و بەناو یەکدادەچن و دینامیکییانە دێنەئارا(Cohen.H and Lefebvre.C:8-10) . قەبارە و سێبەری یەکەواتاییەکانیش لەمیانەی هەڵکەوتەی کەرەستەکان لە جیهانی دەرەوەدا و خاڵی تێڕوانینی مرۆڤ، کە(بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن) دەگرێتەوە، دێتەئار(Harnad.S:20-29).

بەکۆدکردن بەیەکگەیاندنی هەردوو جەمسەری دەنگی و واتاییە لە یەکە زمانییەکاندا و نموونەی درکپێکراویش لە ئەنجامی بەیەکگەیشتن و کارلێکی زنجیرەیەک پرۆسەی فەرهەنگی و سینتاکسی دێتەئارا(Evans&Green,2006: 554).

بەشێوەیەکی گشتی ئاستەکانی دەربڕین هیرارشییانە بەدیدەکرێن، وەک لە خشتەی ژمارە(٦) خراوەتەڕوو:

| | |
|---|---|
| دەق | کۆمەڵێک یەکەی دەربڕراوی پەیوەست |
| دارشتە | کۆمەڵێک یەکەی بەنموونەبوو، بەهۆی گوزارشتی بەردەوام |
| ڕستە | کۆمەڵێک یەکەی دەربڕراوی بەیەکەوە بەستراو |
| فرێز | یەکەیەک بارێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو |
| دەستەواژە | یەکەیەک لەنێو فرێزێک، بەهۆی پەیوەندیی بەهێز جیادەکرێتەوە. |
| وشە | بچووکترین یەکەی دەربڕین |
| مۆرفیم | بچووکترین یەکەی چەمکی |
| فۆنیم | بچووکترین یەکەی دەنگی |
| نیشانە | بچووکترین سیمای دەنگ |

خشتەی ژمارە(٦) جیاکردنەوەی هیرارشییانەی ئاستەکانی دەربڕین(Muysken.P: 47).

ئەم جیاکردنەوەیە بڕاوەنییە و دەشێت هەمان کەرەستەی زمانی ئەندام بێت لە پۆلی جیاواز، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا سەرنج دەدرێت:

نموونە(١٤): [ە] لە ئاستی دەنگسازی زمانی کوردیدا، "دەنگێکی بزوێن" ە.

(/ە/) لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، مۆرفیمێکە و بەپێی بەکارهێنانیش چەمکی جیاواز وەردەگرێت و ئەرکی جیا دەبینێت:

- هۆ کوڕ[ە]، وەر[ە]. {بانگکردن}، {داخوازی}
- بەڕاستی ئازاد کوڕ[ە]. {هاتنەئارایی}
-کوڕ[ە]هەژارێکم بینی. {بەستنەوە}

نموونە(١٥):

دانە مۆرفۆسینتاکسەکان، لە ئاستی وشەسازیدا، وەکو وشە سەیر دەکرێن، کەچی لە ئاستی ڕستەسازیدا، وەکو ڕستە سەرنج دەدرێن(بڕوانە؛ عەبدوللا حوسێن،١٩٩٥:٦٩-٧٠.ئاڤێستا کەمال،٢٠١٢:٢٤١،٢٤٢)، وەکو لە نموونەی ژمارە(١٦)دا، بەدیدەکرێت:

نموونە(١٦) :

(/دەچێنم/) لە ڕستەیەکی وەک: گەنمەکە [دەچێنم]. (وشە؛ کردار)ە و

کەچی لە وەڵامی پرسیارێکی وەک:

-گەنمەکە چی لێدەکەیت؟

+[دەیچێنم]. ڕستەیەکی زمانی کوردییە.

نموونە(١٧):

هەمان دانەی زمانی، کە لە بواری ڕێزمان و ڕۆناندا وەک دانەیەکی سینتاکسی؛ وشە ، گرێ، گرێی بەند، ڕستە سەرنج دەدرێت و لە کایەی دەقناسیدا، بەهۆی لەخۆگرتنی چەمکێکی فراوان وەکو دەق سەیردەکرێن، وەک تابلۆیەکی سەر دەرگای دوکانێک، کە نووسراوە:[کراوەتەوە] (بڕوانە؛قەیس کاکل،٢٠١٢:٣٠-٣٤).

نموونە(١٨):

هەمان کاتیگۆری، دەشێت؛ وەچەی پۆلی جیاواز بێت:

- [جوان] هات.
- کچە [جوان]ەکە، هات!
- هەلاڵە، [جوان]دەخوێنێتەوە!

(/جوان/) لە ڕستەی یەکەمدا، وەچەپۆلی"ناوە تایبەتییەکانی زمانی کوردی"یە:

| |
|---|
| +مرۆڤ |
| + ناوی جوان |

کەچی لە ڕستەی دووەمدا، وەچەپۆلی "هاوڵناوی چۆنیەتی":

| |
|---|
| +مرۆڤ |
| ± ناوی جوان |
| + جوانی |

لە ڕستەی سێیەمدا، وەچەپۆلی"هاوەڵکاری چۆنی"یە:

| |
|---|
| +کار |
| - مرۆڤ |
| + جوانی |

**٢/٢-٦)مۆدێلەکانی بەدیکردنی وەچەنموونە:** زانستی زمانی درکپێکردن، وەک قوتابخانەیەکی فرە ڕەهەند و فرەلق، لە وێناکردنی چەمک و میکانیزمی سەرنجدان بۆ شاوەچە خاوەن داڕشتەی جیاوازە، دیارترینیان بریتین لە:

**١.مۆدێلی درکپێکردنی هزری:**

لاکۆف(١٩٨٧) لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ پەیوەستەگیی ڕێژەیی واتای کاتیگۆرییەکان بە گەیاندنی بنەڕەتی و واتای فەرهەنگی، کە لەو گریمانەیەسەرچاوەیگرتووە'کۆزانینی مرۆڤ بەپێی دروستەی درکپێکراوی بەنموونەبوو لە هزردا ڕێکدەخرێن و جۆرە کاتیگۆری و شاوەچەکانیش بەرهەمی ئەو ڕێکخستنەن'. ئەم بۆچوونەش لە لێکدان و گەشەپێدانی(٤) تیۆرییەوە[١] سەرچاوە دەگرێت:

لاکۆف لە هەمبەر وێنەنمای وشەی (دایک)، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ چەمکی کەلتووری:

+ هاوسەرگیری
+خەریکی کاری ماڵ

کاریگەریی بواری دوان و چەمکی مەبەست بە بنەما دەکات و لە پێنج بواری سەرەکی دا، نموونەی وێنای چەمکی دایک دەخاتەڕوو:

١- لەدایکبوون، وەک سەرچاوەی هاتنەدونیای مرۆڤ.
٢- جینی، وەک سەرچاوەی دەستەبەربوونی جین.
٣-پێگەیاندن، وەک سەرچاوەی چاودێری و هۆگری.
٤- خێزانی ، کەسێک کە ژنی باوکبێت.
٥-بۆماوەزانی، ئافرەتێک پەیوەست بە باوکبێت.

لەنێو ئەم وێنانەی چەمکی دایکدا، ئەگەرچی لە فەرهەنگەکاندا بەپێی بوار هەریەکەیان جۆرێکە لە دایک، بەڵام جۆری سێیەم بە دیارترین جۆری وێنابوونی چەمکی دایک دەزانرێت(Lakoff,1987:74).

لاکۆف لەم میانەیەدا، ئاماژە بە شەش مۆدێلی جۆراوجۆر لە شێوازی میتۆنیمی دەکات وەک بنەما و سەرچاوە لە کاریگەری نواندن لە هەڵکەوتنی وەچەکان وەکو شاوەچە و دەرکەوتنی نمونەییاندا:

---

[١] ا. (واتاسازیی چوارچێوەی فیلمۆر/frame semantics (Fillmore 1982b")
ب. (میتافۆر و میتۆنیمی لاکۆف و جۆنسۆن/ metaphor and metonymy ;Lakoff and Johnson 1980)
پ.(ڕێزمانی درکپێکردنی لانگەکەر/ cognitive grammar;Langacker 1986 (cognitive)
ت.(فەزا ئاوەزییەکانی فۆکۆنەر/Mental spaces (Fauconnier 1985)

١-چوارچێوەی کۆمەڵایەتی: وەک بنەمایەکی مێژوویی، بۆ نموونە لە وێناکردنی چەمکی بنەڕەتی وشەی دایکدا، سەرنج دەدرێت.

٢-نموونەی ئەزموونکراو:بریتییە لە کاریگەریی بەریەککەوتن و ئەزموونکردن لەگەڵ وەچە و دانەی پۆلدا، وەک شاوەچەبوون لە پۆلی سەوزەدا، (کە لەم بەشە[٢/٢-٢]دا تاقیکرایەوە).

٣-نموونەی هزرییانە: ئەو وەچانەن، کە لە چێوەی هزردا، بوون بە شاوەچە بۆ وێنەی پۆل یان دانە، وەک وێنەی نموونەیی کەسی سیاسی، وەکو کەسێکی نێوەند دوو چین و خاوەن کاریگەری، کە ڕەنگە لەگەڵ وێنە ڕاستەقینەکەی پەیوەست بە پرانسیپەکانی زانستی سیاسی جیاوازبێت.

٤-بە نموونەبوون: ئەمەش دەرکەوتنی باشتریی کاتیگۆرییە، لەئەنجامی چالاکی پتر و دەرکەوتن و سەرنجداندا، وەک "بێکهام" وەکو نموونەی یاریزانی تۆپی پێ و "ڕۆلز" وەکو نموونەی بەرزی ئۆتۆمبیل و "ماندێللا" هی کەسی سیاسی و "چەرچەل" سەرکردەی جەنگ و "چۆمسکی" تیۆرداڕێژی زمانی بوون بە نموونەی مرۆڤایەتی.

٥-پێکهێنەری هێز:ئەمەش دەرکەوتنی ئەو کاتیگۆریانەیە کە بنەڕەت و سەرچاوەی هاتنەئارای دانەکانی تری پۆلەکەیانن، وەکو ژمارە سروشتییەکان (٠-٩)، کە کەرەستەی پێکهاتنی ژمارەکانی ترن.

٦-دەرکەوتن/نمونەی دەرکەوتوو:هێزی دەرکەوتنی میتۆنیمی لەمیانەی بەردەوامیی مێژوویی و ئەو وێنایەی بەدەستی دێنێت، وەک زانکۆی ئۆکسفۆد لە سەدەی سێزدەوە وەکو زانکۆیەکی دەرکەوتوو بەردەوامیی هەیە و زانکۆکانی تر بەوەوە دەپێورێن.

ڕەنگدانەوەی بنەماکانی پەیپێبردن لە کاتیگۆرییەک وەکو سەرچاوەی بەرزی کاریگەریی نموونەی جۆرەکان لە ئەنجامی تێکەڵبوونی لقەپێکهاتەکاندا دەردەکەوێت، وەک وێنەی کەلتووریی دایک لەنێو وێنەکانی ترداو ئەوە دەخاتەڕوو شاوەچەبوون لەنێوان زمانەکاندا پەیوەستە بە گونجان و کارلێکی ناوخۆی دروستەکان(Lakoff,1987:66-91).

**٢-مۆدێلی واتاسازیی فەرهەنگیی درکپێکردن:**

گۆڵدبێرگ(Goldberg,2006) ئەوە دەخاتەڕوو؛ زانین و فێرکردنی وردی زمان دەشێت بەهۆی کارلێککردن و پێکداچوون و ئاڵوگۆڕی نێوان دروستەی کاتیگۆری و نیشانە و ڕواڵەتی تایبەتییان بەدەست بهێنرێت.

تیۆری شاوەچە پێویست بوو ئاوێزانی تیۆرێک بکرێت لەبواری واتای وشە و لە چوارچێوەی واتاسازیی گشتی. ڕێبازی درکپێکردن جگە لە پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی پۆلێنکردن و خستنەڕووی نموونەکان، ئەم بابەتەی لە بواری زانستی زماندا و بەتایبەتی فرەواتایی و ناڕوونی سنووری پۆلەکان خرایە بواری توێژینەوەکان و پۆلە وشەکان(ناو، هاوەڵناو،..هتد)ی چ وەک فۆرم چ وەک دروستەی سینتاکسی(Taylor,2008:40-41).

زمانەوانیی دێرین لەسەر دوو بنەما یەکەکانی زمانی جیا دەکرد:

١- بنەمای واتایی ٢- بنەمای ئەرکی

کەرەستەکانی ئاخاوتن بەسەر هەشت بەشی ئاخاوتن:(ناو، هاوەڵناو،...) دابەش دەکران و دانەکانی ناو هەر بەشێک بەیەک چاو سەیر دەکران(ڕەفیق،٢٠١١:٦٤). بەڵام ڕێبازی پۆلێنکردن کەرەستە زمانییەکان لەسەر بنەمای لێکچوون جیادەکاتەوە و پۆلێنیان دەکات. هەر بەشێکی ئاخاوتن بۆچەند پۆلێکی تر دابەش دەکاتەوە (بعلبكي،١٩٩٠:٨٤).

تیۆری شاوەچە، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی لەبواری زماندا، ئەو بۆچوونەی هێنایە ئارا، کە مەرج نییە کاتیگۆرییەکانی زمانی، لەناو پۆلدا چوونیەک و پەیکاڵ بن، هەندێ پۆلی زمانی پلەبەندی لەنێوان ئەندامانی دا هەیە و لە هەندێ پۆلی تردا بوونی نییە ( Lakoff,1987: 21-40).

- **تێڕوانینی واتاسازیی فەرهەنگیی درکپێکردن:**

لاکۆف و جۆنسۆن(١٩٨٠) ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە دروستە چەمکییەکان میتافۆرانە و لەسەر بنەمای پیکهاتە ماددییەکان و کەلتورەوە ریکدەخرین(Lakoff ,Jonson,1980,15).

یەکێک لە ڕەهەندەکانی جێبەجێکردنی کارەکییانەی چەمکی شاوەچە بریتی بوو لە چارەسەرکردنی گرفتی فرەواتایی، کە هەمەجۆری دروستەی زمانی (مۆرفیم، وشە، دروستەی سینتاکسی،...) هەڵگری کۆمەڵێک واتای جیاوازن، لە بەچەمککردنەوەی گوزارشتێکدا لە قۆناغی یەکەمی ڕاماندا وێنەیەک وێنادەبێت، بەڵام بەدوایدا کۆمەڵێک چەمکی تر لە پەرێزدا پەی پێدەبرێن(Geeraerters,1997:16).

واتاسازیی وشە لە سیمانتیکی درکپێکردندا وەک"واتاسازیی فەرهەنگیی درکپێکردن"، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاکۆف و برۆگمان. لەسەر بنەمای کارەکانی لاکۆف لە بواری پۆلێنکردندا، کە لە شێوازی نموونەیی درکپێکردنی هزرییەوە سەرچاوەیگرتووە (Evans&Green, 2006 :329).

لاکۆف لەم مۆدێلەدا ئەوە دەخاتەڕوو؛ کە لە چوارچێوەی ئەو تێڕوانینەی زمان وەک ئامرازی ئاڵوگۆڕی کۆزانینی گشتی دەبینێت، کاتیگۆرییە زمانییەکان لەسیستەمی چەمکییاندا هاوشێوەی کەرەستەکانی تر دەبن و ئەمە لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕەنگدەداتەوە.

هەروەک ئەوە دەخرێتەڕوو، کە توخمە فەرهەنگییەکان 'واتا وشەکان' وەک کاتیگۆریی چەمکی کۆمەڵێک واتای جیاوازی پەیوەست بەیەکتری دەنوێنن لە پەراوێزی پیشاندانی چەمکێکی شاوەچەدا. بەمجۆرە لاکۆف ئەوە دەخاتەڕوو؛ کە وشەکان کەرەستەی شیاون بۆ نواندنی درکپێکردنی ئاوەز و پێی وایە کەرەستە فەرهەنگییەکان وەکو پێکهاتەیەکی ئاڵۆز نوێنەر و ڕەنگدەرەوەی واتای جیاجیان و کاتیگۆریی تیشکدەرەوەی وێناجیاکانن و بەمەش فرەواتاکانی وشە، لە فەرهەنگی ئاوەزیدا وەکو دروستەیەکی کاتیگۆریی ئاڵۆزی واتایی و هەڵگری هەست و سیما جۆربەجۆرەکان دەبێت(Lakoff,1987:58-75).

- **فرەواتایی وەک دیاردەیەکی چەمکی:**

یەکێک لەو کایانەیە، کە پانتاییەکی فراوان لە ڕێبازی کارکردنی لاکۆف پێکدەهێنێت، ئەوەیە؛ کە دانە 'لیکسیکییەکان/وشەکان' بەهۆی بەکارهێنانی بەرفراوانی دانەی زمانی ئاسایی پتر لە واتایەک دەگەیەنن 'واتاکانیش لەگەڵ یەکتری پەیوەستن و بە فرەواتایی ناودەبرێت'.

یەکە لیکسیکییەکان وەک کاتیگۆریی چەمکی لەمیانەی ڕێکخستنیان بەدەوری شاوەچە ڕێکدەخرێن، بەمەش فرەواتایی سەرهەڵدەدات. وەچەکاتیگۆرییەکانیش لەمیانەی تۆڕێک'کە چەمکە فەرهەنگییەکە بەڕێوەی دەبات' پەیوەست بەو چەمکەی یەکەمجار بۆی بەکارهاتووە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و واتایەکی ناوەندی گشت واتاکانی تر کۆدەکاتەوە هەر پنتێکیش واتایەکی جیا دەنوێنێت(Evans&Green,2006:169-170).

لاکۆف لە بەنموونەبوونی شاوەچەدا، فرەواتایی بە میتافۆرەوە پەیوەست دەکات 'پەیوەست بە تیۆری میتافۆری چەمکی'. فرەواتاییش بریتی دەبێت لە گەیاندنی چەند

واتایەکی جیا لەلایەن وشەیەکەوە، کە پەیوەستەییەک لە نێوان واتا جیاوازەکاندا بەدیدەکرێت.

گریمانەی بنەڕەتیی ئەم تیۆرە ئەوەیە؛ میتافۆر بریتییە لە خودی بیرکردنەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی بنەڕەتی و لەمیانەی هێنانەپێشەوەی لێکچوونەوە دێتەئارا نەک چوونیەکی، بەوەی(A) وەک واتای فەرهەنگی و (B) وەک واتای میتافۆری لە سیمایەکدا هاوبەشن، وەک لە نموونە(١٩) بەدی دەکرێت: نموونە(١٩):


| | گوڵ | ← | یار |
|---|---|---|---|
| گوڵ | + ڕووەک<br>- گیان<br>+جوان | | - ڕووەک<br>+ گیان<br>+جوان |

سیمای[+جوانی] بنەمای بەمیتافۆربوونی وشەی (/گوڵ/)ە بۆ [یار]

لاکۆف، لەژێر کاریگەریی تێڕوانینەکانی بۆ میتافۆر، ئەوە دەخاتەڕوو؛ کاتێک دروستەی ئاوەزی هەڵگری کۆمەڵێک واتای جیاوازە و هەر واتایەکیش ڕەنگدەرەوەی هەستی بوارێکی جیایە، بەڵام هەریەکە لە یەکە چەمکییەکان لەگەڵ جیاوازییان، پەیوەستن بە چوارچێوەی چەمکێکی ناوەندی، چەمکی ناوەندیش بەدرێژایی بەکارهێنانی لە یادگای درێژخایەن لە یادگای واتاسازی جێگیر دەبێت، ئەمەش وادەکات شاوەچە دینامیکیانە و پەیوەست بە ئەزموونی بەجەستەکراو بێتەئارا، کە لێرەشدا ڕێڕەوی نێوان سەرچاوە و ئامانج دەبێتە جێگای گرنگی پێدان و خاڵی مەبەستیش دەبێتە ئامانجی تیشکۆ و گۆڕانکاریی شاوەچەکانیش بەپێی ڕامان لە خاڵی سەرنج و پەیوەست بە ڕێڕەو و پەیپێبردنی تایبەت (Evans&Green,2006:336-345.Lakof,1987:10-70,422-440).

لەم کایەیەدا، هاوبێژیش دێتەناوەوە و پێویستیی بە سەرنجدان دەبێت، بەوەی لەگەڵ فرەواتایی بەرانبەر دەوەستێتەوە و پێویستە ئەوە سەرنج بدرێت، کە بەوە جیادەبنەوە هاوبێژی بریتییە لە بوونی چەند وشەیەکی چوونیەک لە دەربڕین، بەڵام لە بنەڕەتەوە جیان، وەک، گەر واتای وشەی (/سەر/) لە چەند ڕستەیەکدا سەرنج بدەین، دەبینین فرەواتا و هاوبێژی و میتافۆر لە هەمان وشەدا هاتوونەتەدی:

کە دەگوترێت(سەر)؛ ئاخێوەر بیری بۆ چەمکێکی ناوەندی دەچێت، وەک لە نەخشە(٣)دا، خراوەتەڕوو:




نەخشە(٣) نواندنی چەمکی گشتی [سەر]

لە پەراوێزی ئەم چەمکە گشتییە ناوەندگیرەدا، کۆمەڵێک واتای ڕێژەیی جیاواز، دێنێتەئارا، وەک لە نموونەکانی(٢٠-٢٨)دا، خراونەتەڕوو و نەخشەکانی(٤-١٢) نەخشەکێشراون:

نموونە(٢٠):

نامەکە لە[سەر] مێزە. [ڕووی سەرەوە].



نەخشە(٤)نواندنی واتای [سەر]لە مێزدا

نموونە(٢١):


منداڵەکە لە[سەر] دیوار دەنووسێت. [ڕووی دەرەوە].



نەخشە(٥) نواندنی واتای[سەر]لە دیواردا

نموونە(٢٢):


ئەسپەکان بە[سەر] پردەکەدا ڕۆیشتن. [لەمیانەی] .



نەخشە(٦) نواندنی واتای[سەر]لە تێپەڕین بەپرددا

نموونە(٢٣):


منداڵەکە ڕۆیشتە سەر شەقام. [سنوور]



نەخشە (٧) نواندنی واتای[سەر] لە چوونەسەرشەقامدا

نموونە(٢٤):


کۆترەکە چووە سەر دار.      [ قەد ]



نەخشە (٨) نواندنی واتای سەر لەچوونەسەر داردا

نموونە(٢٥):


توولە مێوەکە بەسەر قەدی درەختەکەوە هەڵچووە.[ توێژاڵ ]



نەخشە(٩) نواندنی واتای[سەر]لە هەڵچوون بەسەرداردا

نموونە(٢٦):


ئەو بەسەر پلیکانەکاندا، چووەخوارەوە.[ میانە ]



نەخشە(١٠) نواندنی واتای [سەر] لە چوونەخوار بەسەر لە پلیکانەدا

نموونە(٢٧):


پشیلەکە بەسەر دیوارەکەدا بازیدا. [بۆشایی سەرەوەی]



نەخشە(١١) نواندنی واتای[سەر]لە بازدان بەسەر دیواردا

نموونە(٢٨):


فڕۆکەکە بە[سەر] شاردا هەڵفڕی. [ئاسمان]



نەخشە(١٢) نواندنی واتای[سەر]لە فڕینی فڕۆکە بەسەر شاردا

کەچی لە ڕستەی (٢٩)دا، وشەی [سەر] لە زمانی کوردیدا، ناوە بۆ ئەندامێکی جەستە، ئەگەر چی دەچێتە خانەی هاوبێژی، بەڵام ئەمەش هەر پەیوەستە بەچەمکە گشتییە ناوەندگیرەکە:

نموونە(٢٩): [سەر]م دێشێت. (ناو) هاوبێژی



وێنە(٢) ئایکۆنی سەری مرۆڤ

بەڵام لە ڕستەی(٣٠) دا، وشەی (/سەر/)، واتایەکی جیاواز دەگەیەنێت و میتافۆرانە لە بڕی وشەی[دەسەڵات]بەکار هاتووە:

نموونە(٣٠): ئومێدی [سەر] لە سەر دەرکەن ئەوانەی ڕاست و ڕوناکن(محەمەد ڕەسوڵ،٢٠٠٧:٦٨). لەم هۆنراوەیەدا، وشەی (سەر) وەکو میتافۆر بۆ [دەسەڵات] بەکارهاتووە.

بەسەرنجدانی ئەم نموونانەی سەرەوەدا، وشەی (سەر)، هەڵگری دوو نیشانەی واتاییە، وەک چەمکی "شاوەچە" لە نێو فرەواتا جۆراوجۆرەکانی وشەکەدا:

[+ پێکهاتەیەک
+ سەرەوە بێت] [1]

لەکاتێکدا بە پێی دەوروبەری بار و بەکارهێنان، چەمکی جیاواز دێنە ئاراوە و دەبن بە شاوەچەی واتایی و مەبەستی جیاواز دێننەئاراوە.

[1] وشەی"over" لە زمانی ئینگلیزیدا، کۆمەڵێک توێژینەوەی لەبەرەوە کراوە و لەلێکۆڵینەوەی (سەر)ەدا سوودیان لێوەرگیراوە، وەک:(Brugman, Claudia,1981). (Evans&Green,2006) Tyler, A ). &Evans,2007),بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە فرەواتاییدا، هاوبەشی و تا ڕاددەیەک چوونیەکی لەنێوان(سەر) و (over) دا بەدی دەکرێت، بەڵام لە هاوبێژی و فرەواتادا، جیاواز دەبن(لێکۆڵەر).

- **گرفتەکانی ڕێبازی لاکۆف:**

ڕێبازی لاکۆف لە بواری واتاسازیی فەرهەنگی هەڵگری دوو گرفتی سەرەکی بوو:

١-لە کاتێکدا زۆری و هەمەچەشنی بوارەکان خۆی لە خۆیدا گرفتێکی ڕێبازەکەیە'بەوەی ئابووریکردن لە نواندندا، جێگای گرنگی پێدانی زانستی زمانی درکپێکردن نییە'لەگەڵ ئەوەشدا هێڵێکی ڕوون بەدی ناکرێت بۆ جیاکردنەوەی هەست و بوارەکان.

٢-فرەواتایی و لێلی واتایی: ئەم ڕێبازە نەیتوانی فرەواتایی و لێلی واتایی جیابکاتەوە، کە لێلی واتایی لە بری پەیوەستکردنی بە فرەواتایی و زانیارییە هەڵگیراوەکان لە یادگای واتاییدا بەهۆی دەوروبەرەوە ڕوون دەبێتەوە.

هەندێک چەمک دەتوانرێت پەیوەست بە هەست و بواری دەربڕین واتاکەیان درکبکرێت، بەڵام ناتوانرێت لەو دروستانەی هەڵگری لێلی واتایین، بێ تێگەیشتن لە دەوروبەر واتا درکپێبکرێت(Evans&Green,2006:342).

**٣-دەرخستەکانی ئیڤانس- تایلۆر و گرین:**

ڕێبازی ج.لاکۆف لە خستنەڕووی شاوەچە ژمارەیەکی زۆر کاری بەدوادا هات و دیارترینیان لەلایەن(ئیڤانس- ا. تایلۆر) و (ئیڤانس-گرین) بوو. خستنەڕووی ئیڤانس و ا.تایلۆر پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بوون بە ڕێبازی لاکۆف لە پشتبەستنی تەنیای بە چەقی واتایی وەکو بنەمای فرەواتا بەهۆی هەستە جیاوازەکان، کە پەیوەستیان دەکات بە توخمی ڕەسەنی فەرهەنگی(Evans&Green,2006:328).

لە تێڕوانینی درکپێکردنانەدا، هاوبێژی تەنها سیمای دانە فەرهەنگییەکان نییە، بەڵکو بەگشتی سیمای دروستەی زمانییە، دانەکان دینامیکییانە و لەمیانەی پەیوەستبوونی فرەفاکتەری هەردوو کایەی زمانی و دەرەوەی زمانی بەدی دەکرێن ( Taylor, 1995:127-183.Geeraerts33,2006:10).

- **ئیڤانس- ا.تایلۆر و گرین و لێلی واتای فەرهەنگی و میتافۆر:**

ئیڤانس و ا.تایلۆر لە ئەنجامی کۆمەڵێک توێژینەوە لەبارەی دیاردەی لێلی واتایی ئەوەیان خستۆتەڕوو، کە لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕێبازەی لاکۆف بۆ لێکدانەوەی واتا بۆ فرەواتایی وەکو دیاردەیەکی چەمکی درووستە، بەڵام پێویستە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی دەوروبەریش لە لێکدانەوەی واتای وشە لەبەرچاو بگیرێت.[١] ڕەخنەی سەرنەکەوتنیان لە

[١] لێلی واتای فەرهەنگی و میتافۆر

لاکۆف گرت لە خستنەڕووی کاریگەریی نێوان واتای بەکۆدکراو لە خستنەڕووی فەرهەنگ و ئەو زانیارییانەی دەبێت لە دەوروبەر و کۆزانینی پێشینەی مرۆڤ لەبارەی جیهان و پەیوەندیی شوێنی ڕەچاوبکرێن .

ئەوەیان گەنگەشەکرد، کە جگە لەوەی فەرهەنگ کۆگای ببڕی خستنەڕووی واتا نییە، واتاکان لەمیانەی تێڕوانینی جیاوازەوە بەجەستە دەکرێن، واتاکان جارێکی تر دینامیکییانە و لەچێوەی(سەرچاوە-ڕێڕەو-ئامانج) ەوە دەردەکەون و یەکێک لە سیماکانی پەیپێبردنی مرۆڤ بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئەندێشەییانەی ڕووێکی گەیاندن و هەڵگرتنی نەخشەییانەیەتی، کاتێک وێنەیەکی نموونەیی وەک شاوەچە لە یادگای واتایی دادەڕژرێت و لێکدانەوە و هەڵێنجان پشت بە کۆزانینی تاقیکراوەش دەبەستن، ئەمانەش بەیەکەوە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی بەردەوام لە یادگای درێژخایەندا هەڵدەگیرێن، بەڵام پەیوەست بە دەوروبەر  چەمکی جیاواز وەردەگرن(Tyler, A & Evans,2004:187-239).

- **دەوروبەر و بەشاوەچەبوون:**

ئەو تێڕوانینانەی ئیڤانس لەگەڵ ا.تایلۆردا خستیانەڕوو، دواتر لەگەڵ گرین دایانڕشتەوە، سێ کایە لە دەوروبەر وەکو بنەمای هێنانەئارا و پەیپێبردنی شاوەچەی هەر کاتیگۆری و پۆلێکی واتایی دیاری دەکەن:

- دەوروبەری بەکارهێنان
- دەوروبەری سینتاکسی
- دەوروبەری کۆزانین'ڕێگای بینین'

---

لەڕووی واتاسازییەوە لیکسیک دەبێت بە دوو جۆر:

أ- تایبەت:یەک واتای هەیە وەک ئاو، ئاگر(تالیب،٢٠١١:٩٢).

ب- هاوبەش:زیاتر لە واتایەکی هەیە(عەبدولواحید،٢٠١١:٣٢).کاتێک کەرەستەیەکی فەرهەنگی بۆ پتر لە واتایەک بەکار دەهێنرێت ئاڵۆزی و تەمومژی واتایی دێتە ئارا لای گوێگر و خوێنەر لە بەچەمککردنەوەی دەربڕراوەکەدا. ئەم لێلییەش لە ئەنجامی دوو دیاردەی زمانی دێتەئارا: فرەواتا و هاوبێژی(تالیب،٢٠١١:٩٢).

- فرەواتا: بریتییە لەوەی یەک وشە یەک نەژاد بەڵام زیاتر لە واتایەکی هەبێت (تالیب،٢٠١١:٩٥)، نموونە(٣١): ڕۆژ(١) ڕۆژەکانی هەفتە ڕۆژ(٢)خۆر
- هاوبێژی: بریتییە لەوەی چەند وشەیەکی واتا و نەژاد جیاواز هەمان گۆکردنیان هەبێت(تالیب،٢٠١١:٩٢)؛نموونە(٣٢): بیر١: هزر بیر٢: چاڵ

**١-دەوروبەری بەکارهێنان:**

مەبەست لە کاریگەریی دەوروبەری بەکارهێنانە لە پێکهێنانی واتادا، ئەوەیە کە واتای وشە بەپێی کات و شوێن و بابەت دەگۆڕێت. دەوروبەر نەخشەی چەمک و واتای وشە دیاری دەکات و واتایەک لەنێو واتاکانی تردا دەردەکەوێت. هەر بەکارهێنانێکی جیا واتایەکی جیا لە وانەی تر دێنێتەئارا بەمەش دەوروبەر "وەچە سیماکان"دێنێتە ئارا.

بەکارهێنان پەیوەست بە جێگیربوون لە ڕێبازی تێڕوانیندا، تێگەیشتنی جیاواز دێنێتەکایەوە و ئەمە دەبێتە خۆبەڕێوەبەرێتیی تەواو، کە کرۆفت و کرۆس بە لقەسیماگچکەکان ناویدەبەن(Croft,Cruse2004:126. Evans&Green,2006:353).

وەک لە نموونە(٣٣)، لە هەمان وشە وەک یەکەی واتایی، بەپێی دەوروبەری جیاواز واتای جیاواز و تێگەیشتنی جیا بەرجەستەدەکات:

نموونە(٣٣) :

- [چەقۆکە]م بدەرە دەست.
  - قەسابێک، کە مانگایەکی خستبێتە سەر زەوی. چەقۆ< [+گەورە ]
  - مریشک فرۆشێک، کاتێک مریشکێکی خستبێتە ژێر پێی. چەقۆ< [± گەورە]
  - کەسێک لەکاتی میوەخواردن سێوێکی لەدەست بێت. چەقۆ< [-گەورە]

لێرەدا دەتوانرێت فرەواتایی یەکەی فەرهەنگی لەبۆتەی درکپێکردنی دەوروبەری ئاخاوتن شرۆڤە بکرێت. لە هەر یەکە لەم ڕستانەدا، جۆرێکی جیا لە چەقۆ دەبێت بە شاوەچە و کاری پێدەکرێت.

**٢- دەوروبەری سینتاکسی:**

لایەنێکی تری دیاریکردنی واتای دروستە، کاریگەری و کارلێکی بەشەکانی دروستەیە لە پێکهێنانی واتادا. پەیپێبردنی واتا پەیوەست بە شوێنی هەڵکەوتن و بەشە پێکهێنەرەکانی تری دروستەکەی دەگۆڕێت(Evans&Green,2006:354-355)،وەک لە نموونە(٣٤) و (٣٥) دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٣٤): شاوەچەی واتای وشەی (پەرتووک) لە هەردوو ڕستەی (ا) و (ب) بەهۆی دەورووبەریان لەناو ڕستەدا دەگۆڕێت:

أ- [ئەم پەرتووکە] زۆر [گران]ە.

ب-  [ئەم پەرتووکە] زۆر [بەسوود]ە.

لە(ا) بەهۆی هاوەڵناوی (گران) دەردەکەوێت مەبەست لایەنی فیزیکیی پەرتووکەکەیە واتە؛[کێشەکەی زۆر و بۆ هەڵگرتن بەئەرک] ە. کەچی لە (ب) بەهۆی هاوەڵناوی (بەسوود)، دەردەکەوێت مەبەست ناوەرۆکی پەرتووکەکەیە، واتە؛[زانیاریی زۆر و بەسوودی تێدایە].

نموونە(٣٥) کرداری(هەڵگرتن)، بەپێی ئەو وشەیەی لەگەڵیدا دێت واتای جیاواز دەردەبڕێت:

ا. دانا جانتاکەی [هەڵگرت]. [هەڵگرت] =[بەرزکردنەوە]
ب.کرێکارەکان دەستیان لەکار [هەڵگرت].  [هەڵگرت] =[کۆتاییهێنا]
(ئەم خاڵەش لە (٣/٢-٢) لە فرەواتایی واژەی خانە بە فراوانی شرۆڤەکراوە).

لە ڕووبەری فراوانی زانستی زمانی درکپێکردندا، دەوروبەری دروستەیی، لەسەر بنەمای پەیوەستەگی گشتی ’کە قوتابخانە زمانییەکە پەیوەستە پێیەوە‘پانتایی فراوانی زمان دەگرێتەوە و جگە لە پەیوەندی وشەکان لەناو ڕستەدا، پەیوەندیی هاوڕێیەتیی نێوان پێکهێنەرەکان لەناو دروستەکان بەگشتی لە شاوەچەبوونی وەچەکاتیگۆری ڕۆڵ دەگێڕێت(وەک لە کاریگەریی بەشەپێکهێنەرەکانی تری دروستە بەسەر واتای خانە دەردەکەوێت’کە لە [٣/٢]دا تاوتویدەکرێت‘)، هەروەک کاریگەریی ڕستە و دەستەواژەکان بەسەر یەکتر لەناو دەقدا’کە خۆی لە چێوەی دەوروبەری کۆزانیندا دەبینێتەوە‘.

**٣- دەوروبەری کۆزانین:**

جۆری سێیەمی دەوروبەر بریتییە لە کۆزانین. واتای هەر ڕەگەزێکی سینتاکسی پەیوەستە بە کۆزانینی زانیارستانییەوە، هەر کەسێکیش، کە خاوەن ئەزموونی تایبەتە لە وێناکردنی ئاوەز، پەیپێبردنی بۆ کەرەستە و ڕووداو و دیاردەکان بەپێی جیاوازیی شارەزایی دەبێت و ئەمەش گرنگی دەوروبەری کۆزانینی زانیارستانی و کاریگەریی لە لێکدانەوەی واتای دروستەیە. کرۆفت و کرۆس ئەمە بە ڕێگاکانی بینین ناو دەبەن (Croft&Cruse,2004:126)، وەک لە نموونە(٣٦)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٣٦):

-سەری مارەکە پێویستە باش پانبکرێتەوە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، واتای [سەرپانکردنەوە] پێویستیی بە زانینی دەوروبەری دروستەیی'هەڵکەوتنی ڕستەکە لەناو دەقدا' و 'کۆزانینی زانیارستانی بۆ واتای بنجی و میتافۆری هەردوو یەکەی واتایی [مار] و [سەرپانکردنەوە]هەیە.

(مار) لە بنەڕەتدا، ناوی گیانداریکی ترسناکە لە پۆلی خشۆکەکان، دواتر میتافۆرانە بۆ (کەسێک مایەی ئازار و ئاشووب بێت) بەکارهاتووە. [سەرپانکردنەوە] ئەوەیە مار، ئەگەرچی لەت بکرێت، بەڵام گەر سەرەکەی بەزیندوویی بمێنێتەوە، دەشێ زیندوو ببێتەوە، ئەم وێناچەمکییە، بۆ لەناوبردنی تەواوی کەسانێک، کە ڕەگی قوڵیان هەبێت و لەناوبردنیان نزیکبووبێتەوە، دەگوترێت:(سەری باش پانبکەوە).

کاتیگۆریی شاوەچەی واتایی ئەم دوو وشەیە، دەبێت یەکەمیان؛ دەوروبەری ڕستەکە بزانرێت، ئایا لە دەقێکدایە باس لە کوشتنی مارێکی ڕاستەقینەیە، یان باس لە یەکلاکردنەوەی ململانێ و گوزارشتی نێوان دوو گروپە؟دووەمیان؛ بەچەمککەرەوە پێویستە؛ زانینی بۆ ئەم پرۆسە میتافۆرییەی گواستنەوەی چەمکی (مار) و (سەرپانکردنەوە) هەبێت، لە زمانی کوردیدا.

لێرەدا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی؛ دەربڕینەکانی هەر زمانێک لە چێوەی دەوروبەردا، پەیوەندییەکی واتایی لەنێوانیاندایە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و "پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنە لۆژیکییەکان و پەیوەندیی سیمانتیکیی هەر دەربڕینێک بە دەربڕینەکانی ترەوە، دەتوانرێت دروستەی سیمانتیکی و گەنجی وشەی زمانێک پەسەنبکرێت"(محەمەد مەحوی ب-٢،٢٠٠٩:٣٦).

جیاوازیی وێناکردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردندا، لەگەڵ ڕێبازی نموونە لەوەدایە؛ کاتێک ڕێبازی نموونەی بنەڕەتی جەخت لە ناوەندبوون دەکاتەوە'لەناو پۆلەکاتیگۆرییەکدا، دانەیەک لەمیانەی جیهانی هەستپێکراوەوە ناوەندی پۆل دەگرێت و دانەکانی تر لەپێناو ئابووریکردنەوە لەمیانەی ئەو ڕیز دەکرێن' ئەوا لە زانستی زمانی درکپێکردندا، جەخت لەسەر دینامیکییەت دەکرێتەوە، ئەو چەمکەی لە یادگای درێژ خایەندا هەڵگیراوە، بەهۆی پەیپێبردنی جیاواز و لە دەوروبەری جیاوازدا، واتای جیاواز دەگەیەنێت و هەریەکە لەم واتایانە لە شوێنی خۆیدا دەبێت بە شاوەچەی چوارچێوە چەمکییە بنەڕەتییەکە. ئەم تێڕوانینە نەرمونیانییەکی بەم ڕێبازەداوە، کە بەردەوام پەیپێبردنە جیاوازەکان و دەوروبەرە جیاوازەکان واتای جیاواز بگەیەنن.

## ٣/٢) لیکۆڵینەوەی کارەکیانەی شاوەچە لە زمانی کوردیدا:

ئەو بنەما تیۆرییە تاقیکراوانەی بەشاوەچەبوون، دەشێ لە نموونەی (مۆرفیم/وشە)ی زمانی کوردیدا، بەفراوانی تاقیبکرێنەوە.

لەسەر بنەمای واتا، دەتوانین مۆرفیمەکانی زمانی کوردی بۆ سێ پۆل جیابکەینەوە:

- پڕ واتا: کە لیکسیمەکانن، وەک: دار، دەوەن، جوان، ...
- خاوەن واتا: کە لاگرەکانن، وەک: هەڵ، ستان، ...
- خاوەن نیشانەی واتایی(هەڵگری واتایی)؛نەسرینێ نانکرد. ئازادێ زەوی کێڵا.

(محەمەدی مەحوی،٢٠١٠:٨– ٩)

بۆ سەرنجدانی ئەم تێڕوانینانەی ڕێبازی درکپێکردن، توێژینەوەی دوو یەکەی واتایی زمانی کوردی [ەکە] و [خانە] کە دوو یەکەی واتایی چالاکی زمانەکەن‌، چ لە بەکارهێنان و چ لە توێژینەوەی زمانیدا، بۆ تاقیکردنەوەی هەریەکەیان، دوو بوارمان هەڵبژاردووە، یەکەمیان؛ سەرچاوەکان و دووەمیان؛ پەیوەندیکردن.

### ٣/٢–١)دەرکەوتنی دینامیکییانەی [ەکە] :

ئەم مۆرفیمە، وەک کەرەستەیەکی هەڵگری واتا، کە بەشێوە باوەکەی وەکو (نیشانەی ناسراوی) ئاماژەی بۆدەکرێت و ناسراوە، ئایا دروستی بابەتەکە چۆنە؟

### ٣/٢–١–١)سەرنجدانی چەمکی[ەکە] لەبەکارهێناندا:

بەسەرنجدان لە ئاخاوتن و چالاکیی زمانی کوردیدا، ئەم مۆرفیمە لە دوو چێوەدا، سەرنج دەدرێت؛ وەکو (وەچەیەک لە پۆلەکاتیگۆریی گەیاندنی چەمکی دیاریکردن) و (پۆلەکاتیگۆریی چەمکەکانی خودی مۆرفیمەکە).

#### ١– [ەکە] وەکو وەچەپۆلی چەمکی دیاریکردن:

ئاخێوەری زمانی کوردی بۆ بەجەستەکردن و بەچەمککردنی دیاریکردن، چەند بنەمایەک بەکاردێنێت:

١) [ەکە]، وەکو لە نموونە (٣٧)دا:

نموونە(٣٧): کوڕ[ەکە] هات. بەهۆی (/ەکە/) ناوی (کوڕ) دیاریکراوە.

٢)ناوی تایبەتی، وەک لە نموونە (٣٨)دا:

نموونە(٣٨):

[دلێر] هات. (دلێر) ناوێکی تایبەتییە و دەربڕی کەسێکی دیاریکراوە.

٣) مۆرفیمەکانی نیشانە، وەکو لە نموونە (٣٩)دا:

نموونە(٣٩): [ئەم کوڕە]هات. ناوی (کوڕ) بەهۆی نیشانکردنەوە، دیاریکراوە.

٤) دیارخستن، وەکو لە نموونە (٤٠)دا:

نموونە(٤٠):

[کوڕی دارا ] هات.[1] ناوی( کوڕ) ناوێکی گشتییە، بە هۆی دانەپاڵی ناوی(دارا) کە ناوێکی تایبەتییە، دیاریکراوە.

لە هەر یەکە لەم ڕستانەدا، بە ئاست و بنەمای جیاواز چەمکی[دیاریکردن]هاتۆتەئاراوە.

**٣/٢-١-٢)پۆلەکاتیگۆریی چەمکەکانی خودی مۆرفیمەکە:**

**فرەواتایی [ەکە][2] و ڕۆڵی دەوروبەر:**

بە ڕامان لە ئاخاوتنی سرووشتی زمانی کوردی، ئەوە سەرنج دەدرێت، کە مۆرفیمی [ەکە] ، وەک یەکەیەکی واتایی لە بۆتەی دەوروبەردا فرەواتا و هەڵگری چەمکی جیاوازە، وەک لە خوارەوە، بەدیدەکرێت:

١) کاتێک لە ڕستەیەکی سادەدا دێت، ناسراویی ئەو ناوە دەگەیەنێت، کە چۆتە سەری، وەک لە نموونە(٤١)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٤١):

ا-[کچێک] هات بۆ لامان. کچ ( +کەس، +تاک، − دیاریکراو )

---

[1] ئەم بابەتە بەجۆرێک لە؛(کاروان عومەر،٢٠١٢) و (ڕێزمانی کوردی پۆلی نۆیەم) یش تیشکی خراوەتەسەر.

[2] مۆرفیمی(/ەکە/)، لەمیانەی هەردوو بنەمای ڕێزمانی و شێوەزاری بە مۆرفی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی کوردیدا، گۆدەکرێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا، سەرنج دەدرێت:

٤٢- (/ەکە/): خانوو[ەکە]مان کڕی.

٤٣- (/یەکە/): خانی[یەکە]مان کڕی.

٤٤- (/کە/): هەڵۆ[کە] بە ئاسماندا فڕی.

٤٥- (/ە/): کوڕ[ە] لەبەر نەخۆشی سیس هەڵگەڕابوو.

بەڵام (/ەکە/) وەکو دەرکەوتووترین مۆرف، وەکو شاوەچەی پۆلەکە'چ لە چالاکیی ئاخاوتن، چ لە زمانی نووسین و پرۆگرامەکانی خوێندنا' وەک مۆرفیم بەدی دەکرێت.

ب–[کچەکە] هات بۆ لامان. کچ ⎛ +کەس
+تاک
+دیاریکراو ⎞

٢)کاتێک تەنها کەسی یەکەم و دووەم بەشداربن و کەسی سێیەم بوونی نەبێت، بەپێی دووری و نزیکیی کەسی دووەم واتای [ەکە] دەگۆڕێت:

ا.کاتێک کەسی دووەم دووربێت، بۆ بانگکردن بەکار دەهێنرێت، وەکو لە نموونە (٤٦)دا:
نموونە(٤٦):

ژنەکە، ژنەکە، ئاوەرە...( درامەی قاقا، زنجیرەی ٢٩).

ب) کاتێک کەسی دووەم لەتەک ئاخێوەر بێت:

- ئەگەر بەئاگابێت و هزری لای ئاخێوەربێت، بۆ دەربڕینی هەستێک بەکاردەهێنرێت، کە لە چێوەی ئاوازە جیادەبێتەوە:
- ناز و خۆشەویستی، وەک لە نموونە(٤٧)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٤٧):

←
[ژنەکە] ، ئەرێ ماڵی باوکت چۆنن؟

- بچوککردنەوە و شکاندنە، وەک لە نموونە(٤٨)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٤٨):

ژنەکە↓ ...، ... هەتیوەکە↓...( درامەی قاقا، زنجیرەی ١٦).

٣)کاتێک لە دەقدا؛ هەرسێک بەشداری ئاخاوتن(ئاخێوەر، دوێنراو، باسکراو) هەن، چەمکی دیاریکراوی پیش ئاخاوتن جێگیر دەبێت و دیاریکردن لەمیانەی پەیوەستکردن و گەڕانەوە بۆ پێناسی پێشتر دێتەئارا، وەکو لە نموونە (٤٩)دا، سەرنج دەدرێت:

نموونە(٤٩):

ڕۆژێک لە ڕۆژان [شوانێک] هەبوو،...ل٨[شوانەکە] ل١١، ١٢، ١٤... (عەزیز نەسین،٢٠٠٨)،

وشەی (شوان) کە لە لاپەڕە(٨)ی چیرۆکەکە هاتووە، لە لاپەڕەکانی ترەوە(١١،١٢،١٤،...) بەهۆی [ەکە] وە، لەمیانەی ئەو پێناسەیەی لە لاپەڕە(٨) بۆیکراوە، دیاریکراوە، کە هەمان ئەو (شوان).

لێرەدا دەردەکەوێت؛ مۆرفیمی [ەکە] گەیەنەری چەمک و واتای جۆراوجۆرە و دەشێ لە چەند پۆلێکدا ئەندام بێت و بەپێی دەوروبەر و ئاوازەوە جیادەکرێتەوە:

ناو+ (/ەکە/)  دیاریکراوی

+بوون
+ ناسیاری

+بوون
+باسکراو

+بوون
+ بانگکردن

+بوون
+ خۆشەویستی

+بوون
+ بچووکی

جیاوازیی واتاکان پەیوەستە بە(سەرچاوە، ڕێڕەو، ئامانج) و لە چوارچێوەی دەوروبەر و ئاوازەی دەربڕیندا، درکی پێدەکرێت.

**٣/٢-١-٣)بنەمای پەیپێبردن لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا:**

ئەم دەرخستە زانستییە تاقیکراوانەی خرانەڕوو، لە لێکۆڵینەوە و سەرچاوەزمانییەکاندا، بەشێوەی جیاواز بەدی دەکرێت و هەردوو کایەی؛ ئەندامبوونی [ەکە] لە فرەپۆلی چەمکی و دەرکەوتنی دینامیکییانە سەرچاوەکانی زانستی زمانی کوردیدا، بەشێوەی جیاواز خراوەتەڕوو، وەکو لە هەردوو خشتەی ژمارە(٧) و (٨) دا، دەردەکەوێت[١]:


| ژ | سەرچاوە | بنەماکانی چەمکی ناسین | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | [ەکە] | تایبەتی | نیشانە | دیارخستن |
| ١ | ئەورەحمان(١٩٧٧) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ٢ | ئەورەحمان(١٩٧٩) | √ | √ | ---- | √ |
| ٣ | بێ خاڵ (١٩٨٩) | ---- | ---- | ---- | ---- |
| ٤ | تالیب حوسێن(٢٠١٤) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ٥ | تۆفیق وەهبی(١٩٢٩) | √ | √ | √ | √ |
| ٦ | بەکر عومەر (٢٠١٤) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ٧ | ڕۆژان نوری(٢٠١٣) | √ | ---- | ---- | ---- |

[١] ا.سەرچاوە و پەرتووک و لێکۆڵینەوەکان، کە لە هەردوو خشتەی ژمارە(٣) و (٤) دا هاتوون، (٢١) پەرتووک و لێکۆڵینەوەی بواری زمانی کوردی) بە شێوەی (هەڕەمەکی تۆپەڵ) لە پەرتووکخانەی لێکۆڵەر سەرنج دراون.

ب. هێمای(----) لە هەر خانەیەکدا، واتە؛ ئاماژەپێنەکران و بوونی( √ ) واتا ئاماژەپێکران دەگەیەنێت.


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | سازان زاهیر(٢٠١٣) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ٩ | شیلان عومەر(٢٠١٢) | √ | ---- | ---- | √ |
| ١٠ | عەبدولواحید(٢٠١٣) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١١ | عەلی روخزادی(١٣٨٨) | √ | √ | ---- | ---- |
| ١٢ | لیژنەی زمان(٢٠١١) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٣ | محەمەد ئەمین(١٩٧٣) | √ | √ | ---- | ---- |
| ١٤ | محەمەدمەحوی (٢٠١٠) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٥ | محەمەد مەعروف ١٩٩٠ | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٦ | محەمەد مەعروف و سەباح رەشید(٢٠٠٦) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٧ | مەسعود محەمەد(٢٠١١) | ---- | ---- | ---- | ---- |
| ١٨ | وریا عومەر(٢٠١١) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٩ | یوسف شەریف(٢٠١٣) | √ | ---- | √ | ---- |
| ٢٠ | نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١٢) | √ | √ | √ | √ |
| ٢١ | نوری عەلی(٢٠١٣) | √ | √ | ---- | ---- |
| | ژمارەی دەرکەوتن | ١٩ | ٦ | ٣ | ٤ |
| | ژمارەی سەرچاوە | ٢١ | | | |

**خشتەی ژمارە(٧) خستنەرووی دینامیکییانەی بنەماکانی چەمکی دیاریکردن لە سەرچاوەکاندا**



| ژ | سەرچاوە | چەمکی ئاماژەپێکراوی[ەکە] | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ناسین | بچووکی | بانگکردن | هەست |
| ١ | ئەورەحمانی(١٩٧٧) | √ | √ | ---- | ---- |
| ٢ | ئەورەحمانی(١٩٧٩) | √ | √ | ---- | √ |
| ٣ | بێ خاڵ (١٩٨٩) | ---- | ---- | ---- | ---- |
| ٤ | تالیب حوسێن(٢٠١٤) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ٥ | تۆفیق وەهبی(١٩٢٩) | √ | √ | √ | √ |
| ٦ | بەکر عومەر (٢٠١٤) | √ | √ | ---- | ---- |
| ٧ | ڕۆژان نوری(٢٠١٣) | √ | √ | ---- | ---- |
| ٨ | سازان زاهیر(٢٠١٣) | √ | √ | ---- | √ |
| ٩ | شیلان عومەر(٢٠١٢) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٠ | عەبدولواحید(٢٠١٣) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١١ | عەلی روخزادی(١٣٨٨) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٢ | لیژنەی زمان(٢٠١١) | √ | ---- | √ | √ |
| ١٣ | محەمەد ئەمین(١٩٧٣) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٤ | محەمەدمەحوی (٢٠١٠) | ---- | √ | ---- | ---- |
| ١٥ | محەمەد مەعروف١٩٩٠ | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٦ | محەمەد مەعروف و سەباح رەشید(٢٠٠٦) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٧ | مەسعود محەمەد(٢٠١١) | ---- | √ | ---- | ---- |
| ١٨ | وریا عومەر(٢٠١١) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ١٩ | یوسف شەریف(٢٠١٣) | √ | √ | ---- | ---- |
| ٢٠ | نەریمان عەبدوڵلا(٢٠١٢) | √ | √ | √ | √ |
| ٢١ | نوری عەلی(٢٠١٣) | √ | ---- | ---- | ---- |
| ژمارەی دەرکەوتن | | ١٨ | ١٠ | ٣ | ٥ |
| ژمارەی سەرچاوە | | ٢١ | | | |

**خشتەی ژمارە(٨) خستنەڕووی دینامیکییانەی چەمکەکانی[ەکە] لە سەچاوەکاندا.**




سەرنج:

له سەرنجدانی ئەم دوو خشتەیە، درک بە چەند ئەنجامێک دەکرێت:

١-بەو پێیەی زۆربەی سەرچاوەکانی زمانی کوردی نووسەران لە ڕوانگە و بەپێی سەلیقەی ئاخێوەریی خۆیان نووسراون، نەک ئەنجامی توێژینەوەی مەیدانی، هەمان بنەماکانی درکپێکردن لە خستنەڕووی زانیارییەکان بەدی دەکرێن. دانەکانی پۆلێک لەئەنجامی ناچوونیەکییان لە هێز و هەڵگرتنی سیماکان بەئاستی جیاواز دەردەکەون.

٢-چەمکەکانی یەکەی چەمکیی[ەکە]دینامیکییانە و پەیوەست بە هەردوو بنەمای پەیپێبردن و دەرکەوتن' ئاماژەیان پێکراوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

- کاتێک بابەت و سەرچاوەی باس پۆلێنکردنی توخمەزمانییەکان بێت، لەشێوەی چەشنی مۆرفیمەکان، ئەوا لە درکپێکردنی توێژەر لە دیاریکردن و تیشکۆ بۆ مۆرفیمی لکاوی ڕێزمانی(/ەکە/) دەردەکەوێت:
  مۆرفیمەکانی زمانی کوردی: سەربەخۆ، لکاو.
  مۆرفیمی لکاو: ڕێزمانی، لیکسیکی. نموونەی ڕێزمانی وەکو: ناسراوی؛(/ەکە/)
- کاتێک دیاریکردن بریتی دەبێت لە دۆخی ڕێزمانی، و مۆرفیمی(/ی/) دۆخی دانەپاڵبێت، لە نموونەیەکی وەکو[کوڕی من] ناوی گشتیی [کوڕ] بەهۆی خرانەپاڵ جێناوێکی کەسی یەکەم کە ناسراوە، دەبێت بە بابەتی ئاماژەپێکراو.
- کاتێک مەبەست و بواری ئاماژەپێکردن پۆلێنکردنی ناوی کوردی بێت، بەپێی چەمک و ناوەڕۆک، ناوی تایبەتی دەردەکەوێت:
  ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە: گشتی، تایبەتی، کۆمەڵ، نموونە:... .

٣-بەو پێیەی بوار و مەبەستی بابەتەکان لە چێوەی سینتاکسەوەیە، لە ئاماژەکردن بە (ەکە) تیشکۆ خراوەتە سەر ئەرک و ڕۆلی سینتاکسیی.

٤-چەمکی ناساندن وەک شاوەچەی چەمکەکانی [ەکە] بەرزترین ڕێژەی ئاماژەپێکردنی هەیە.

## ٢-٣/٢) [خانە] وەک یەکەی واتایی فرەڕەهەند:

یەکەی واتایی [خانە] لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا، وەکو کۆکەرەوە و لەخۆگری کەرستەی لێکسیمی و شوێنگۆڕ لەنێوان کاتیگۆریی پڕواتا و خاوەن واتا و دانەیەکی چالاک لە بەکارهێنان و پەیوەست بە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگای کوردی، لە لایەن لێکۆڵەرەوە سەرنج دراوە، کە هەروەک لە وشەنامە و سەرچاوەکانی زماندا، دینامیکییانە خراوەتەڕوو و لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانی کوردیشدا وێنای جیاواز وەردەگرێت.

### ١-٢-٣/٢) [خانە] لە وشەنامە و سەرچاوەکان:

[خانە] لە وشەنامە و سەرچاوەکاندا بەشێوەی جیاواز خراوەتەڕوو؛ لێکسیمێکی: (پڕ واتا)، (لاگر: خاوەن واتا)، بۆ نموونە باسەیری چەند دانەیەکییان بکەین:

- خاڵ:خانوو، بۆشایی هێندێ شت:هەزار پیشەکە[خانەخانە]یە. (خاڵ،١٩٦٠:٦١).
- حەمەڕەشید قەرەداغی: بەرانبەر وشەی "cell" ی ئینگلیزی دانراوە و وەکو پۆلێکی ٦ وەچەیی خراوەتەڕوو:

  (١)یەکەی بنچینەیی(خانەی زیندەوەرزانی)
  (٢)شانەی هەنگوین؛خانە.
  (٣)کوختەی قەلەندەر.
  (٤)زیندان.
  (٥)بنکە؛ ڕێکخراوێکی بچووکی حیزبێک.
  (٦)خانەی باتری. (حەمەڕەشید قەرەداغی،٢٠٠٩ :١٥٤)
- (ڕۆژان نووری) وەک پاشگرێکی وشەدارێژ، ئاماژەی پێکردووە و نموونەی (کتێب+خانە) و ... بۆ هێناوەتەوە(ڕۆژان نوری،٢٠١٣:٣٠).
- عەبدولوەهاب شێخانی: وەک وشەیەکی فەرهەنگی کۆمەڵێک واتای بۆ هێناوەتەوە و شرۆڤەیکردووە( عەبدولوەهاب شێخانی،٢٠٠٩،٢١٦:٢١٥).

**۲-۲-۳/۲)چەمکی ئاوەزی و تاقیکردنەوەی کارەکییانە:**

بەمەبەستی هەڵێنجان و لێکدانەوەی درکپێکردنی واتای [خانە] لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەری زمانی کوردیدا، تەوەری سێیەم لە پرسیارنامەی ژمارە(۱)، تەرخانکرا بۆ پرسیاری؛ "واژەی (/خانە/) مانای چی دەگەیەنێت؟ و بۆچی بەکاردێت ؟" لە ڕوانگەی خۆت و بەپێی زانیاریت واتاکەی بنووسە(بەنموونەهێنانەوەوە باشترە).

وەڵامەکان چەند ڕاستییەکیان خستەڕوو:

**ا-فرەواتایی و بەجەستەکردنی فرەواتا:**

وەکو یەکەیەکی واتایی دینامیکییانە خۆی دەنوێنێت و جیاواز دەردەکەوێت.[۱]

**ب-ڕەنگدانەوەی ژیان:**

بەو پێیەی کاتیگۆرییە زمانییەکان، کەرەستەی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی چەمکەکانن و پەیپێبردنی ئاخێوەرانیش پەیوەست بە ناسینیان بۆ هەبوونی بەچەمککراوەکانەوەیە و چەمکەکان لە واقیعدا گەڵاڵە دەبن، گۆڕان و نەمانی کەرەستە ئاماژەپێکراوەکانیش دەبێتە هۆی گۆڕان و نابەردەوامیی واژەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەرانی زمانەکە.

لەڕابردوودا لە کۆمەڵگای کوردی شوێنێک هەبووە، پێی گوتراوە 'خانە'، لەگەڵ گۆڕانی شێوازی ژیان، ئەم خانانە نەمان، واتای وشەکەش بەرەو نەمان چوو، بۆیە دەبینین ئەم واتایە تەنها لای کەسانی تەمەن سەروو(۷۰) ساڵی لەگەڵ ئەوانەی لە بواری مێژوو و ئەدەبیاتدان ماوە.

**ت-مانەوەو گۆڕان:**

یەکەی واتایی [خانە] لەگەڵ کاڵبوونەوەی جۆرێک لە بەکارهێنان جارێکی تر و بەشێوەی جیاواز بەجەستەی واتا دەکات و وەک یەکەیەکی واتایی شوێنگۆڕ بەدوو شێوازی سەرەکی وەکو ئامرازی بەچەمککردن لای ئاخێوەری زمانی کوردی بەکارهاتۆتەوە:

- کەرەستەیەکی پڕ واتا.
- کەرەستەیەکی هەڵگری واتا.(ئەمە لە بەشی سێیەم[۳/۳]دا خراوەتەڕوو).

[۱] (کە شێوەکانی دەرکەوتنی لە (۳/ ۳) دا خراونەتەڕوو).

**ح-گۆشەنیگا و خاڵی تێڕوانین:**

ڕامانی کەسەکان پەیوەست بە کات و بوارەوە گۆڕاوە لە بەچەمککردنی واتاکاندا، وەڵامی مامۆستا و قوتابییانی هەمان قۆناغ و لەهەمان قوتابخانەدا، لە دوو وانەی بیرکاری و زیندەزانیدا گۆڕاو بوو، لە هەر وانەیەکدا پەیوەست بە بوار و پسپۆرییەکە وەڵام دەدرایەوە، فیتەر و سەوزەفرۆشەکانیش پەیوەست بە پیشەکەیان.

**خ-پلەبەندی و ئاستی زانیاری:**

لەگەڵ جیاوازیی ڕوانگە و ئاراستەکان فراوانی و ئاستی کۆزانینی کەسەکانیش کاریگەری جێدەهێڵێت، لە کاتێکدا، کەسانێکی زۆری ئاسایی تەنها واتایەکیان ئاماژەپێکردووە، کەسانی لێکۆڵەر'وەک بواری زانستی زمان' کە لە سەرووی گۆشەنیگای تایبەت و لە میانەی ئاستی کارلێک و زانیاریی جیاواز لەبارەی گەیاندنەکان، ژمارەی جیاواز لە واتاکانیان تۆمار کردووە.

**س-دەوروبەری زمانی:**

لە میانەی پەیوەندیی هاوڕێیەتی و تەکنشینی لەگەڵ بەشە پێکهێنەرەکەیتری دروستەدا، پاشگری"خانە" واتای جیاواز دەگەیەنێت.

**ش-شاوەچەبوون لە میانەی دەوروبەردا:**

لێرەدا ئەوە سەرنج دەدرێت، لەگەڵ ئەوەی لە بنەڕەتدا، وشەی"خانە" وەک وشەیەکی زمان بۆ شوێنێک بەکارهاتووە، بەڵام لەمیانەی کۆمەڵێک کاریگەری واتای جیاوازی وەگرتووە و هەریەکە لەم واتایانە لەگەڵ ئەوەی چەمکە ئاوەزییەکە لەکرۆکیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام لەهەر دەوروبەر و مەبەستێکی جیاوازیش یەکێکیان پەیپێ دەبردرێت و دەبێت بە شاوەچەی چەمکە بنەڕەتییەکە.

لێرەدا ئەوە تێبینی دەکرێت، بەکاتیگۆریکردن پرۆسەیەکی بنەڕەتیی دەربڕین و ڕامانی ئاخێوەری زمانی کوردییە، کاتێک پۆلێنکردن لە بۆتەی کۆزانینی زانیارستانی دەبێت و وشە و کەرەستەکانی ئاخاوتن ڕەنگدانەوەی کۆزانینی زانیارستانی مرۆڤن، دینامیکییەت دەگەڕێتەوە بۆ پەیپێبردنی بەچەمککەر لەمیانەی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان بەچەمککەر و دانە و کایە و مەبەست و پەیوەست بە دەوروبەر و ئاوازەی دەربڕین وەچەکان دەبن بە شاوەچەی پۆل و ئەم ڕۆڵە لەیەکتری وەردەگرنەوە.

بەسەرنجدان لە هەردوو یەکەی واتایی [ەکە]و [خانە] ئەوە بەدیکرا؛ چ لێکۆڵینەو و سەرچاوەکان و چ ئاخێوەری زمانی کوردی پەیپێبردنانە و پەیکاڵ بەو بنەماتیۆرییانەی زانستی زمانی درکپێکردن دایڕشتوون درک بە چەمکەکانی زمان دەکەن، کە دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی تیۆری کارەکییانە، لە کۆکردنەوەی پەیپێبردنە جۆراوجۆرەکانەوە، درک بە فرە ڕەهەند و واتا جیاوازەکان شاوەچەبوونیان بکات. ئەم دەرخستەیەش دەبێت بە بنەمای داڕشتنەوە و جێبەجێکردنی هەردوو یەکەی واتایی، کە لەم بەشەدا لێکۆڵینەوەیان تێدا کرا، وەک نموونە بۆ درکپێکردنی شاوەچە لە بابەتەکانی پرۆگرامی فێرکردنی زمانی کوردیدا، لەبەشی سێیەمدا خراوەتەڕوو.

## ٣)درکپێکردنی کارەکییانەی شاوەچە لە فێرکردنی زمانیدا

تیۆر و پراکتیک، لە سیمانتیکی درکپێکردن و زانستی زمانی درکپێکردندا جیانەکراوەن و پەیوەندیی نێوانیان جێگای گرنگی پێدانە، لەم بەشەدا ئەو دەرخستە تیۆرییانەی لە بەشەکانی یەکەم و دووەمدا بەدەستهاتوون، بەشێوەیەکی پراکتیکییانە لە زمانی کوردی و لە کایەی فێرکردنی زمانی یەکەمدا، جێبەجێدەکرێت.

وەک لە بەشی یەکەم و دووەمدا، خرایەڕوو؛ زانستی زمانی درکپێکردن شرۆڤەی تەنیای یەکێ لە دوانەکان ڕەتدەکاتەوە و خستنەڕووی تیۆری پێویستی بە پشتڕاستکردنەوەی کارەکییانە هەیە، لە کۆنگرەی دەیەمی جیهانیش بۆ زانستی زماني درکپێکردن[1]درووشمی "لە تیۆرەوە بۆ جێبەجێکردنی کارەکییانە و گەرانەوە"[2] کرا بە چوارچێوە و بنەمای کارکردن (Tabakowska and…,2010:1). یەکێک لەو کایانەی زانستی زمانی درکپێکردن گرنگیی پێ دەدات و جەختی لەسەر دەکاتەوە، فێربوون و فێرکردنی زمانە، و سپۆلسکی جەخت لەسەر جێبەجێکردنی  کارەکییانەی دەرخستە تیۆرییەکان دەکاتەوە لە لێکۆڵینەوە و فێرکردنی زماندا(Spolsky,1978:1).

### ١/٣) سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێکخستنی وەچەکان لە فێرکردنی زماندا:

لەنێوان درکپێکردنی چەمکەکان و دەربڕینە سینتاکسییەکانیش پەیوەندییەکی بەهێز بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازیی ڕوانگە و گوزارشتە جیاکان لە بەجەستەکردنی چەمکەکان لەپرۆسەکانی پۆلێنکردندا' کە لە میانەی شێوەی جیاوازی ڕێکخستنی سینتاکسی دێتەئارا' جێگای گرنگی پێدانن، کە لێرەدا فرە چەمکیی دانەکان دینامیکییانە و بەپێی جیاوازیی دەوروبەر و سەرچاوە و ئامانج و بەهۆی کارلێکی بەردەوام چەمکەکان دەبن بە شاوەچە.

### ٢/٣) درکپێکردنی شاوەچە لە پرۆگرامی فێرکردنی زمانی کوردیدا

پەیوەست و لە چوارچێوەی ئەو بنەما و گریمانە تیۆرییانەی، لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەمدا خرانەڕوو، لەم بەشەدا دەبن بە چوارچێوە و لە چاویلکەیانەوە سەرنج لە پرۆگرامەکانی فێرکردنی زمانی کوردی دەدرێت و نموونەی پەیوەست بە زانستی زمانی درکپێکردن پێشکەش دەکرێت.

---

[1] بۆ ماوەی پێنج رۆژ (١٥-٢٠)ی یۆلیۆی ٢٠٠٧ لەدویسبۆرگ - پۆلەندا بەسترا.

[2] "Cognitive Linguistics in Action:From Theory to Application and Back"

**١-٢/٣)سەرنجێکی گشتی لە هەمبەر خستنەڕووی پرۆگرامەکان:**

سەرنجدانی پرۆگرامەکانی فێرکردنی زمانی کوردی(بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی) و (قۆناغی ئامادەیی)، کە لێکۆڵەر چالاکیی تیادا بووە و سەرنجی داون، ئەوە تێبینی دەکرێت، بابەتەکان پێکەڵ بە هەردوو ڕێبازی"دێرین" و "شانوێن و خستنەڕووی دەرونزانیی درکپێکردن" ەوە ئامادەکراون.

کاتێک داڕشتن و خستنەڕوو لەپرۆگرامەکاندا پەیوەست بە قوتابخانەی دێرین بنەماتیۆرییەکانی ڕێبازەکە، وەک پێناس و سنوری جێگیر ڕەنگ دەدەنەوە و لە و پرۆگرامانەشدا، کە پەیوەستن بە ڕێبازی دەرونزانیی درکپێکردنەوە، خستنەڕووی وەچەپۆلێک وەک نموونەی باشتر و دیاریکردنی وەچەکانی تر لەمیانەی لێکچوونی ئەو بەدیدەکرێت.

**٢-٢/٣)جێگرەوەی زانستی زمانی درکپێکردن:**

بەرانبەر ئەو شێوازەی(دێرین و دەرونزانیی درکپێکردن) ئەوا قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەوەدەکاتەوە؛ بنەماتیۆرییەکانیی وەک؛ جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامە ئەزموونییەکان و بنەمای پەیپێبردنانەی واتاکان، کە فرەواتایی دەهێنێتەئارا و وەچەکاتیگۆرییەکان دینامیکییانە ڕۆڵی شاوەچەبوون لە کاتیگۆریی فەرهەنگی وەردەگرنەوە، دەبێت بە بنەمای خستنەڕوو، هەروەک ڕەنگدانەوەی کۆزانین و تێڕوانینی جیا بۆ جیهان، ئەمەش لە فرەکایەی ئاکاریی مرۆڤدا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

(Tabakowska and…,2010:2-11.Yanqing Chen.Spolsky,2008:1-10)

بۆیەش لەم بەشەدا ئەو بنەما تیۆرییانەی لە هەردوو بەشی یەکەم و دووەم شرۆڤەکران و وەک ڕاستی و بنەمای زانستی خرانەڕوو لە پرۆگرامی فێرکردنی قوتابییان جێبەجێ دەکرێن، بۆ ئەمەش دوو بابەت، کە لە بەشی دووەمدا کاریان لەسەرکراوە لەم بوارەدا بەکارهێنراونەتەوە.

**٣/٣) بابەت و ژینگە:**

بۆ جێبەجێکردنی کارەکییانەی بابەتەکە، هەردوو بابەتی"چەمکی دیاریکردن و یەکەی زمانی ەکە" و "یەکەی واتایی[خانە]" هەڵبژێردراون، لەسەر چەند بنەمایەک:

١-هەردوو بابەتەکە، لە بەشی دووەمدا، لێکۆڵینەوەیان تێداکراوە و ئەنجامی زانستی لە میانەی چالاکیی بەکارهێنانی سروشتی زمانی کوردیدا بەدەستهاتوون.

٢-زانستی زمانی درکپێکردن، کە جەخت لەسەر پەیوەستەگیی تیۆر و پراکتیک و بەکارهێنانەوەی ئەنجامە تاقیکراوەکان دەکاتەوە، ئەم دوو بابەتە تاقیکراونەوە.

٣-چەمکی دیاریکردن و ناسین لە پرۆگرامەکانی بەردەستدا، جگە لەوەی لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیدا دەخوێنرێت، بابەتێکە لە پەرێزی فراوانی وانەکاندا، سەرنج دەدرێت و گرنگیی پێدراوە.

٤-فرەواتایی و چەمکی شاوەچە وەکو کەرەستەیەک بۆ ئاشنابوون بە چەمکە فەرهەنگییەکانی زمان و بنەماکان جێگای گرنگی پێدانی سیمانتیکی درکپێکردنە،[خانە]ش، وەک یەکەیەکی واتایی لە زمانی کوردیدا، وەک ڕەنگدانەوە و نمایشکردنی ئەزموون و درکپێکردنی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانی کوردی بەکارهاتووە.

٥-لە تاوتوێکردنی هەردوو یەکە زمانییەکە'لە بەشی دووەمدا' گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی؛ دوو دانەی خاوەن پەیوەستەیی فراوانن بە بابەتەکانی تری پرۆگرامەکان و لینکی بەیەکەوە بەستنی فرەکایەی؛(واتا-ڕێزمان)، (ئەزموون و درکپێکردن)ن. ئەم فراوانییەش وادەکات، ئەم دوو بابەتە بەگونجاوتر دابنرێن، لە بەرانبەر هەندێک بابەتی تری سەرنجدراو، کە بکرێن بە نموونە و وانەی سنووردارتر لە فراوانی هەڵگری ڕەهەندی کەمتریان لەسەر هەمان بنەما و ڕێباز دابڕێژرێتەوە.

بۆ جێبەجێکردنی وانەکان، پۆلی (هەشتەمی ب)مان لە قوتابخانەی چیای بنەڕەتیی تێکەڵاو ، کە ٢٨ قوتابی ١٦ کچ و ١٢ کوڕ لەخۆیدەگرێت، لەگەڵ پۆلی یازدەمی زانستی و وێژەیی لە قوتابخانەی ئامادەیی باڵەکیانی تێکەڵاو،کە (٣٢) قوتابی(١٣) کچ و (١٩) کوڕ لەخۆیدەگرێت، هەڵبژێردران، لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە:

١-هەڵبژاردنی قۆناغی خوێندن بەو هۆیەوە بوو، کە بابەتی"چەمکی دیاریکردن و نادیاریکراوی" لەم قۆناغەدا، لە ژێر ناونیشانی "ناوی ناسراو و ناوی نەناسراو "دەخوێنرێت. خودی یەکەی واتایی[خانە]ش، کە لە پرۆگرامی هیچ یەک لە پۆلەکانی ئەم دوو قۆناغە بوونی نییە، بەڵام لە پرۆگرامی پۆلی یازدە وانەکان سنووردارتر و قۆناغەکە، بۆ لەباریی ئامادەگیی دەروونیی قوتابیان بە باشتر سەرنج درا.

٢-هەڵبژاردنی قوتابیانی قوتابخانەی"چیای بنەڕەتی" و "ئامادەیی باڵەکیانی تێکەڵاو" بەو هۆیەوە بوو، ڕێژەیەک هاوسەنگی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بەدی دەکرا، و ڕەچاوی هاوسەنگیی جێندەر دەکرا.

٣-گشت قوتابیانی هەردوو پۆلەکە، سەربە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بوون، لە کاتێکدا، هەر قوتابخانەیەکی تر لە چوارچێوەی "بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سۆران" سەرنج درا، قوتابی سەر بە دیالێکتی تری تێدا بوو.

**٣/٣-٢) چەمکی دیاریکردن و نادیاریکراوی:**

بابەتی یەکەم چەمکی دیاریکردن و نادیاریکراوییە کە کاری لەسەر دەکرێت:

**٣/٣-٢-١) وانەکە لە پرۆگرامی بەردەست و درکپێکردنی قوتابییان:**

**ا) خستنەڕووی بابەتەکە لە پرۆگرامی بەردەستدا:**

ئەم بابەتە، لە پەرتووکی خوێندنی بەردەستدا، لەژێر ناونیشانی"ناوی ناسراو-ناوی نەناسراو" داڕێژراوە، بەمشێوەی خوارەوە:

١-بابەتەکە، زنجیرەی سێیەم لە وانەکانی ڕێزمان دانراوە و لاپەڕە (١٩-٣١)ی لەپەرتووکەکە گرتووە[١]. لەچوارچێوەی ناونیشانێکی واتایی بنەماکانی جیاکردنەوەی "ناوی ناسراو" و "ناوی نەناسراو" لە زمانی کوردیدا خراونەتەڕوو.

٢-وانەکە بەشێوەیەکی سەرەکی خستنەڕوویێکی سینتاکسی ناوی ناسراو و نەناسراوە و جەخت خراوەتە سەر ئەو نیشانانەی کە ناوی گشتی دەکەن بە نەناسراو و ناسراو ولە پەراوێزدا، ئاماژە بە بنەماکانی تری بەناسراوی بوونی ناوکراوە، سەرەتا ناوی نەناسراو ئنجا ناسراو، بەجۆرێک مۆرفیمی ڕێزمانیی(/ەکە/) دەبێتە خاڵی دەرخراو و بنەماکانی تر تەنها لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێکراوە و تەنانەت هیچ نموونەیەکیشیان بۆ نەهێنراوەتەوە.

٣-جیاوازییەکان و دینامیکییەتی واتا بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی پێنەکراوە، نە پۆلگۆڕین و نە فرەواتایی یەکە واتاییەکە.

٤-وانەکە بە چوار قۆناغ داڕێژراوە:

ا-دانانی نموونە لەسەرەتای بابەت.

[١] پەرتووکەکانی بابەتی خوێندنی زمانی دایک، لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی تاکو یانزەمی ئامادەیی لە چواربەش؛ ڕێزمان، ئەدەب، نموونەی ئەدەب، پێکدێت.

ب-خستنەڕوو، شیکردنەوەی ناوەکان و خستنەڕووی جیاوازییان لەمیانەی هەمبەرکردنی نەناسراو بە ناسراو و ئەو نیشانانەی دەبنە هۆکار.

پ-دەستوور: پێناسەکردنی هەریەکە لە ناوی ناسراو و نەناسراو، ئنجا سینتاکسی ناوی ناسراو و نەناسراو.

ت-ڕاهێنان: شەش ڕاهێنان لەخۆ دەگرێت، بەمجۆرەی خوارەوە:

ڕاهێنانی یەکەم، (٨) ڕستە هێنراوەتەوە و داواکراوە کە لە ڕستەکاندا، ناوە نەناسراوەکان بۆ ناسراو بگۆڕرێن.

ڕاهێنانی دووەم، (٥) ڕستە هێنراونەتەوە و داواکراوە ناوەکان لە تاکی نەناسراوەوە بکرێن بە کۆی ناسراو.

ڕاهێنانی سێیەم، چوار دێر هۆنراوە هێنراونەتەوە و داوا کراوە کە ناوە ناسراو و نەناسراوەکان دەربهێنرێن و چۆنیەتیی بوونیان بە ناسراو یان نەناسراو دیاری بکرێت.

ڕاهێنانی چوارەم، (٥) ڕستە هێنراوەتەوە و داواکراوە ناوە ناسراوەکان بکرێن بە نەناسراو و ڕستەکان بنووسرێنەوە.

ڕاهێنانی پێنجەم، ناوی(چێڵ) لە دەرکەوتنی جیا هێنراوەتەوە، بەمشێوەیەی خوارەوە:

ئـ-چێڵ ب-چێڵێک پ-چێڵەکە ت-چێڵەکان

ئنجا چەند ناوێک هێنراوەتەوە و داواکراوە وەکو نموونەکەی لێبکرێت.

ڕاهێنانی شەشەم، دوو ڕستە هێنراونەتەوە و داواکراوە شیبکرێنەوە.

٤-لەبەر ئەوەی دانانی ئەم پرۆگرامە لەسەر بنەمای قوتابخانەی دروستەکارییە، لە وانەکەدا تیشکۆ خراوەتە سەر سینتاکس و کەم گرنگی بە چەمک دراوە.

٥-ئەگەرچی مۆرفیمی(/ەکە/) چەمکی تریش دەگەیەنێت، بەڵام تەنها چەمکی ناسراویی خراوەتەڕوو.

٦-ئەگەرچی چ لە نموونەی خستنەڕوو و چ لە ڕاهێناندا، دەق بوونی هەیە، بەڵام نەک وەکو بنەمای فرەچەمکی و هیچ ڕۆڵێکی نەخراوەتەڕوو.

٥-هیچ ئاماژەیەک بە ئاوازە و ڕۆڵی ئاوازە نەکراوە لە گۆڕینی چەمکی مۆرفیمی(/ەکە/)دا، کە تاقیکردنەوەی ئەزموونی کاریگەریی گەورەی ئاوازە لە بەشاوەچەبوونی فرەچەمکەکانی یەکەکە دەکات.

٦-هیچ ئاماژەیەک بە دەوروبەر و بەشداربووان و ڕۆڵیان نەکراوە لە گۆڕینی چەمکیدا.

٧-هیچ وێنەیەک لە وانەکەدا بەدی ناکرێت و تەنها بابەتی نووسراو و بیستن بنەمای فێربوونن.

٨-خستنەڕوو و خوێندنی وانەکە لە چێوەیەکی جێگیردایە و گۆڕانەکان تەنها لەمیانەی کاریگەریی جێگیری سینتاکسین.

**ب) درکپێکردنی قوتابییان لە وانەی بەردەستدا:**

دوای گوتنەوەی وانەی پەرتووکی بەردەست لەلایەن مامۆستای قوتابخانە، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی درکپێکردنانەیان بۆ کایەکانی پەیوەست بە بابەتەکە وەکو نموونە، فۆرمی پرسیارنامەی ژمارە(٢) ،ئاراستەی قوتابیان کرا، کە لێکۆڵینەوە پەیپێبردنانە و پەیوەست بە سیمانتیکی درکپێکردنەوە، هەوڵی داوە درکپێکردنی قوتابیان لە ئەنجامی پرۆگرامی بەردەست سەرنج بدات:

١- ئایا چەمکی دیاریکردن و ناسین لە بنەڕەتدا، بەهۆی(/ەکە/)و لە پەراوێزدا، هەندێ کات بەهۆکاری تر(ناوی تایبەتی، دیارخستن، ئاماژە) دێتەئارا؟
٢- ئایا چەمکی دیاریکردن و ناسین، دینامیکییانە بەهۆی(/ەکە/، ناوی تایبەتی، دیارخستن، ئاماژە)دێتەئارا؟
٣- ئایا (/ەکە/)لەگەڵ هەر وشەیەکدابێت، چەمکی ناسراوی دەگەیەنێت؟
٤- ئایا هیچ ڕۆڵێکی وێنە لە خستنەڕووی وانەکاندا بەدیدەکەیت؟
٥- ئایا بوونی وێنە کاریگەریی دەبێت لەئاستی درکپێکردنت بۆ وانەکان؟
٦- ئایا هیچ ڕۆڵێکی دەق لە خستنەڕووی وانەکاندا بەدیدەکەیت؟
٧- ئایا بوونی دەق کاریگەریی دەبێت لەئاستی درکپێکردنت بۆ وانەکان؟
٨- ئایا بەگۆڕانی دەوروبەر(بەشداربووانی ئاخاوتن و پەیوەندییان)، (دووری و نزیکیی بەشداربووان لە یەکتری) گۆڕان لە واتاکاندا بەدیدەکرێت؟
٩- ئایا دەوروبەر کاریگەریی هەیە لەسەر واتا و چەمک بو نموونە واتای(/ەکە/)؟
١٠-ئایا ئاوازەی دەربڕین کاریگەریی هەیە لەسەر واتا و چەمک بۆ نموونە واتای(/ەکە/)؟

قوتابییان (٣)هەڵبژاردەیان لەبەردەمدابوو: بەڵێ نەخێر نازانم

وەڵامی قوتابییان بۆ پرسیارەکان بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

| ژمارەی پرسیار | وەڵامەکان | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
| ١ | ٢٦ | ١ | ١ |
| ٢ | ٣ | ٢٥ | ٠ |
| ٣ | ٢٤ | ٤ | ٠ |
| ٤ | ٠ | ٢٨ | ٠ |
| ٥ | ٢٠ | ٦ | ٢ |
| ٦ | ٨ | ١٩ | ١ |
| ٧ | ٣ | ٢٤ | ١ |
| ٨ | ٦ | ١٩ | ٣ |
| ٩ | ٦ | ١٩ | ٣ |
| ١٠ | ٥ | ٢٢ | ١ |

**خشتەژمارە(١) وەڵامی یەکەمی قوتابییانی پۆلی نۆیەم بۆ پرسیارەکانی فۆرمی(٢/ا)**

### ٣/٣-٢-٢) وانەی درکپێکردنانە و درکپێکردنی قوتابییان:

**ا) وانەی داڕێژراو پەیوەست بە پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن:**

وانەکە بەتێڕوانین و گۆشەنیگایەکی پەیوەست بە ڕێبازی درکپێکردن، بەمشێوەیەی خوارەوە ئامادەکراو و بەقوتابییان گوترایەوە:

**ناونیشانی وانە: چەمکی دیاریکردن و نادیاریکراوی**

١ **خستنەڕوو:** کچ، کوڕ، ئاسمان، زەوی، ...

ئەم وشانەی سەرەوە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی مرۆڤی کورددا، بەردەوام بەکاردەهێنرێن و بەشێوەیەکی گشتی جۆرێکن لە وشەکانی زمان.

هەریەکە لە ناوەکان، بە مەبەستی جیاواز و شێوەی جیاواز دەتوانرێت سنووردار بکرێن، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا، سەرنج دەدرێت:

کوڕ> کوڕێک، کوڕەکە، ئەم کوڕە، کوڕی هاوتا، محەمەد<

کچ>کچێک، کچەکە، ئەم کچە، کچی هاوتا ، کەژێ<




کوڕێک و کچێک سەیری کۆمپیوتەر دەکەن.

کوڕێک و کچێک لە وێنەی سەرەوەدا، دیارن.

کوڕەکە و کچەکە، سەیری کۆمپیوتەر دەکەن.

وێنە ژمارە(٣) دوو منداڵی نەناسراو




کوڕ و کچی هاوتا گۆرانی دەڵێن.

هاوتا کوڕێک و کچێکی هەن،
کوڕەکە و کچەکە گۆرانی دەڵێن.

ئەم کوڕ و کچە گۆرانی دەڵێن.

کەژێ و محەمەد گۆرانی دەڵێن.

وێنە ژمارە(٤) دوو منداڵی ناسراو
(کەژێ و محەمەد، گۆرانی ئاخ فەلەک)[١]

ناوی گشتی وەک: (کوڕ، کچ،...) ناوێکە چەمکی گشتیی پۆلێک دەگەیەنێت، کە سیماو نیشانەی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و بێ لایەنە لە نێوان هەردوو چەمکی دیاریکراوی و نادیاریکراویدا.

لە ئاخاوتنەکانی سەرەوەدا، هەردوو ناوی 'کوڕ' ، 'کچ' بەکارهاتوون. هەموو مرۆڤێکی هەڵگری سیماکانی ڕەگەزی [+نێر – مێ] ئەندامن لە پۆلی گشتیی [ناوی نێر] جا چ ئازاد بێت چ محەمەد و چ زەید چ پۆلس و چ...

هەموو مرۆڤێکی هەڵگری سیماکانی ڕەگەزی [+ مێ - نێر] ئەندامن لە پۆلی گشتیی [ناوی مێ] جا چ هێڤی بێت چ کەژێ و چ فاتمە چ رایس و چ... .

[١] وێنەو ڤیدیۆکانی ئەم بەشە لە (https://www.youtube..)وەرگیراون.

## ٢ چەمکی نادیاریکراوی

لە وێنەی یەکەمدا؛(کوڕێک) و (کچێک) سەیری کۆمپیوتەر دەکەن نە ناسراون و دیاریش نەکراوە کێن، دەڵێین (کوڕێک و کچێک)، چونکە لامان گرنگ نییە کێن.

- ### ڕێزمانی نادیاریکراوی

چەمکی نادیاریکراوی لە ڕێگەی مۆرفیمی(/ێک/) وە دێتە ئارا، بەڵام بەپێی ژینگە 'بەهۆی وشەی پێشی و دوای' بە شێوەی جیاواز'ئەلۆمۆرف' دەردەکەوێت:

کوڕ[ێک]/کوڕ[ەک]

پەنجەرە[یەک]/پەنجەرە[ییێک]

**مۆرفیم دانەیەکی زمانە، چەمکێک (چ واتا چ ئەرک) دەگەیەنێت .**

**ئەلۆمۆرف بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی دەرکەوتنی مۆرفیم.**

## ٣ چەمکی دیاریکراوی

لە گفتوگۆی دووەمدا، بە شێوەی جیاواز بە دیاریکراوی گوزارشت لەو کوڕ و کچە کراوە، کە لە وێنەی دووەمدا سەرنج دەدرێن:

- کوڕ و کچی هاوتا... .
- کوڕەکە و کچەکە... .
- ئەم کوڕ و کچە... .
- کەژێ و محەمەد... .

لە ڕستەی یەکەمدا ئەو کچ و کوڕەی گۆرانی دەڵێن بە هۆی دانەپاڵ باوکیانەوە'هاوتا' کە کەسێکی ناسراوە ئەوانیش دیاریکراون.

لە ڕستەی دووەمدا، پێشتر پێناسەی کچەکە و کوڕەکە کراوە (هاوتا کوڕێک و کچێکی هەن) ، دواتر گوتراوە 'کوڕەکە' و 'کچەکە' ... و لە میانەی ئەو پێناسەیەوە دیاریکراون.

لە ڕستەی سێیەمدا، بەئاماژەکردنەوە[ئەم...ە]، کوڕەکە و کچەکە لەناو کۆمەڵی کوڕان و کچانەوە دیار و دەستنیشانکراون.

لە ڕستەی چوارەمدا، [کوڕەکە و کچەکە] بە گوتنی ناوی تایبەتیی خۆیانەوە'کەژێ' و 'محەمەد'ەوە دیاریکراون، دەشێ ئەم جۆرەیان لووتکەی دیاریکراوی بێت، بەوەی پتر ئەوکاتە ناوی تایبەتی دەبن بە باس، کەوا بیسەریش ئاشنایان بێت و بیانناسێت، لەکاتێکدا ڕەنگە کایەکانی تر بۆ پێناسینی بن.

ناو بەهۆی چوار کایەوە دیاری دەکرێت:

- دانەپاڵ
- گەڕانەوە بۆ پێناسی پێشتر
- ئاماژەکردن
- ناوی تایبەتی

**بنەماکانی دیارکردن دینامیکییانە'گۆڕاو/ناجێگیر' دەردەکەون.**

## ٤ ڕێزمانی دیاریکراوی

چەمکی دیاریکراوی لە میانەی چوار ڕێگاوە دێتەئارا:

١- هاتنی واژەی(/ەکە/) لەدوای ناوی گشتییەوە: (/ەکە/) بەپێی ژینگەی هاتنی 'وشەی پێشی و پاشی' بە شێوەی جیاواز'ئەلۆمۆرف' دەردەکەوێت؛

(/ەکە/) : کچەکە[کچ (/ەکە/)]

(/کە/) : ئەستێرەکە[ئەستێرە (/کە/)]

(/ک/) : ئەستێرەکان[ئەستێرە (/ک/) ان]

٢- خستنەپاڵی چەمکێکی ترەوە: کچی هاوتا، کچی زیرەک، کچی ....

لە نێوان ناوی دیاریکراو و واژەی دیاریکەردا، ئامرازی دانەپاڵ 'ی' دێت.

٣- هەموو ناوێکی تایبەتی دیاریکراوە، بەوەی تایبەتە بە (کەس یان شت یان شوێن)ێکی دیاریکراو.

٤- لە ڕێگای ئاماژەکردن بۆ دانەیەک لە پۆلێکی گشتی دا(ئەم.....ە) بۆ نزیک، (ئەو...ە) بۆ دوور.

لە ئاماژەدا پێویستە زمانی جەستەش بەشداربێت، ئەگەر ئاخێوەر لە بەرانبەر کۆمەڵە کوڕێک یان کۆمەڵە کچێک بڵێت؛ (ئەم کوڕە) یان (ئەم کچە)، هیچ ئاماژەیەکی جەستەش بەشداری نەکات، بیسەر نازانێت مەبەست کامە (کچ)ە.


## ٥ شاوەچە و دەرکەوتنی چەمکی دیاریکردن

بەپێی باری ئاخاوتن، پەیوەندیی نێوان بەشداربووان بنەمای دیاریکردن دەگیررێتەبەر:

- کاتێک لە سەرەتای ڕستەیەکدا بێت و 'باس' لەلایەن ئاخێوەر و گوێگر دا، کەسێکی ناسراوبێت 'ناوەکەی' ئەوا بە ناوی تایبەتی دەبێت.
- کاتیک پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان باس و ئاخیوەردا هەبێت ڕیگای دانەپاڵ دەگیررێتەبەر؛ کوڕی... ، کچی ... ،. کتێبی... ،. ماڵی...
- کاتێک پێشتر لە نێوان ئاخێوەر و بیسەردا پێناسێکی 'باس' کرابێت، ئەوا لەڕێگای گەڕانەوە و پەیوەستبوون بەوچەمکەوە دیاری دەکرێت، وەکو لە ڕستەی یەکەمی وێنەی یەکەم و ئاخاوتنی خوارەوەدا، دیارە:

کاتێک من و تۆ چووین بۆ قوتابخانە ،[کچێکی زۆر زیرەکمان بینی]، ئەها وەڵامی گشت پرسیارەکانی مامۆستاکەیانی دەدایەوە، [کچەکە] میوانی هێرۆیە.

ناوە گشتییەکەی دێری دووەم لە ئاخاوتنی سەرەوە، لەمیانەی پێناسی دێری یەکەمەوە، دیاریکراوە، کە مەرج نییە ئاخێوەران (کچەکە) بناسن، ئەگەرچی [ەکە] شی چۆتەسەر.




**هێلکاریی ژمارە(١) پۆلکردنی ناوی گشتی**

## ٦ [ەکە] و فرەچەمکی:

یەکەی چەمکی [ەکە] لە زمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی فراوان گۆدەکرێت، بەڵام ئایا لە هەموو گۆکردنێکدا، هەمان چەمک دەگەیەنێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، با سەرنجی چەند نموونەیەکی ئاخاوتنی زمانی کوردی بدەین:




وێنە ژمارە(١) [ەکە] وەک چەمکی دیاریکراوی
زنجیرەی قاقا، ئەلقەی(١١)خولەکی(٥-٥،٥)




وێنە ژمارە(٢) [ەکە] وەک چەمکی خۆشەویستی
زنجیرەی قاقا، ئەلقەی(٢٩)خولەکی(٠-٢)




وێنە ژمارە(٣) [ەکە] وەک چەمکی بچووککردنەوە
زنجیرەی قاقا-ئەلقەی(-٢١٦)/خولەکی(٣-٤)




وێنە ژمارە(٤) [ەکە]وەک چەمکی بانگکردن
زنجیرەی دەعوەت-شەوانی ڕەمەزان، خولەکی(٨-٩)

لەئاخاوتنی(ا) و (ب) دا، (مارف) و (فاتم)، هاوسەرن و پێشتر ناوی یەکترییان هێناوە، هەڵبەتە یەکتردەناسن، بەڵام کاتێک هەستی ناسکی و خۆشەویستیی بەرانبەر یەکتری دەردەبڕن، ئاوازی ئاخاوتنیان دەگۆڕێت، (/ەکە/)واتای جیاواز دەگەیەنێت:

- بە(ژنەکە)،(پیاوەکە) یەکتری دەدوێنن:

  [[ەکە] = (ناسکی و دەربڕینی خۆشەویستی)].


- لەئاخاوتنی(ت) دا، (فاتم) لەمارفەوە دوورە و ... بە [ژنەکە] بانگی دەکات:

  (/ەکە/) ← ە =ێ = [بانگکردن].

- لە ئاخاوتنی(پ) دا، مارف لە ژنەکەی تووڕەیە و کوڕەکەشی بچووک دەبینێت 'باس/فاتم' بە(ژنەکە) و کوڕەکەی بە (هەتیوەکە) ناو دەبات کەچی لەتەک خۆشیان دانیشتووە، پێویست بە ناساندن ناکات، بەڵکو [تووڕەیی و بە بچووک بینینیان] ە.

لەم گفتوگۆیانەی نێو ئەو ئەلقانەی درامای کوردی، کە نموونەی زمانی سروشتی ئاخاوتنی کوردین، دەبینرێت؛ یەکەی چەمکی [ەکە] بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن، جگە لە دیاریکردن چەمکی جیاوازی تریش دەگەیەنێت، کە ئەم چەمکانەی خوارەوەن:

- ناسکی و دەربڕێنی خۆشەویستی
- بانگکردن
- بچووکی و کەم پیشاندان




**نەخشە ژمارە(٢) پۆلکردنی چەمکەکانی [ەکە]**

**[ ەکە ]دینامیکییانە'گۆڕاو، واتای جیاواز دەگەیەنێت.**

## ٧ چالاکی و ڕاهێنان

(١)

**ئەم چەمکانەی خوارەوە بناسێنە:**

ناوی گشتی، ناوی نادیاریکراو، ناوی دیاریکراو، ئەلۆمۆرف، ناوی تایبەت، دینامیکییەت.

ناوی گشتی: ناوێکە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە لە جۆرێکدان.

ناوی نادیاریکراو: ناوێکی گشتییە پۆلەکەی دیاری نەکراوە.

ناوی دیاریکراو: ناوێکی گشتییە پۆلەکەی دیاری کراوە.

ئەلۆمۆرف: بریتییە لە شێوە جیاوازەکانی دەرکەوتنی مۆرفیم.

ناوی تایبەت: ناوێکە تایبەتە بە خاوەنەکەی.

دینامیکییەت: ناجێگیری و شێوەی جیاواز.

(٢)

پارچە نووسینێک بهێنە چوارشێوەی ناوی دیاریکراو و بنەمای دیاریکراوییان دەستنیشانیان بکە:

هەڵاڵەی کتێبێکی کڕیبوو، کتێبەکە باسی سرووشتی کوردستانی دەکرد، ڕۆژێکیان بە کچی دارای گوت؛ ها ئەم کتێبە بخوێنەوە.

| ناوی دیاریکراو | بنەمای دیاریکراوی |
|---|---|
| هەڵاڵە | ناوی تایبەتی |
| کتێبەکە | پێناسی پێشوو[کتێبێک] |
| کچ | دیارخەر[دارا] |
| کتێب(ئەم کتێبە) | ئاماژە[ئەم...ە] |

(٣)

لەم دوو نموونەیەی گفتوگۆی زمانی کوردیدا، چەمکی [ەکە] دیارییبکە:

گفتوگۆی یەکەم:

کچێک تۆپەکەی کەوتۆتەئاوەوە، بانگی کوڕێک دەکات: کوڕ[ەکە] ، کوڕ[ەکە]، تۆپەکەم... .

گفتوگۆی دووه:
(شاد) له دهۆک چووبوو بۆ پارکێک، که گەڕایەوە، بۆ (سێبەر)ی باس دەکرد:
چووم بۆ پارکی شار، پارک[ەکە] گوڵی زۆرجوانی لێڕوێنرابوو،...

وەڵام: له گفتوگۆی یەکەمدا، چەمکی(بانگکردن) له گفتوگۆی دووەمدا (دیاریکردن)

**ب)فۆرمی پرسیارنامه و درکپێکردنی قوتابیان:**

فۆرمی پرسیارنامەی ژماره (٢/ب) جارێکی تر درایه قوتابییان، هەمان ئەو پرسیارانەی لەخۆگرتبوو، که لەفۆرمی ژماره(٢/أ)دا هاتبوون، تەنها شاپرسیارەکه له (له ئەنجامی خوێندنی وانەکانی پەرتووکی بەردەست) بۆ ( له ئەنجامی ئەم وانەیەی خوێندمان...) گۆڕا:

قوتابییان (٣)هەڵبژاردەیان لەبەردەمدابوو: بەڵێ نەخێر نازانم

ئەنجامەکان بەمجۆرەی خوارەوه بوون:

| ژمارەی پرسیار | وەڵامەکان | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
| ١ | ٣ | ٢٣ | ١ |
| ٢ | ٢٣ | ٤ | ٠ |
| ٣ | ٠ | ٢٧ | ٠ |
| ٤ | ٢٦ | ١ | ٠ |
| ٥ | ٢٥ | ١ | ١ |
| ٦ | ٢٥ | ٢ | ٠ |
| ٧ | ٢٤ | ٢ | ١ |
| ٨ | ٢٥ | ٢ | ٠ |
| ٩ | ٢٥ | ٢ | ٠ |
| ١٠ | ٢٧ | ٠ | ٠ |


**خشته ژماره(٢) وەڵامی دووەمی قوتابییانی پۆلی نۆیەم بۆ پرسیارەکانی فۆرمی(٢/ب)**

**٣/٣-٢-٣) بەراوردکردنی درکپێکردنی قوتابیان له نێوان هەردوو فۆرمدا:**

به سەرنجدان له هەردوو خشتەی ژماره(٢/أ) و (٢/ب) بۆمان دەردەکەوێت، که درکپێکردنی قوتابیان بۆ بابەتەکان، له نێوان هەردوو وانەکەدا، دینامیکییانه و جیاواز بەدی دەکرێت، بەمجۆرەی خوارەوه:


١. ئایا چەمکی دیاریکردن و ناسین لە بنەڕەتدا، بەهۆی(/ەکە/)و لە پەراوێزدا، هەندێ کات بەهۆکاری تر(ناوی تایبەتی، دیارخستن، ئاماژە)؟

فۆرمی ژمارە٢/ا




چارتی ژمارە(١)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١) لە فۆرمی(ا/٢)


فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(١)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١) لە فۆرمی(٢/ب)


٢.ئایا چەمکی دیاریکردن و ناسین، دینامیکییانە بەهۆی (/ەکە/، ناوی تایبەتی، دیارخستن، ئاماژە)دێتەئارا؟

فۆرمی ژمارە٢/ا




چارتی ژمارە(٣)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٢) لە فۆرمی(ا/٢)


فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(٤)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٢) لە فۆرمی(٢/ب)

٣.ئایا /ەکە/لەگەڵ هەر وشەیەکدابێت، چەمکی ناسراوی دەگەیەنێت؟


فۆرمی ژمارە٢/أ




چارتی ژمارە(٥)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٣) لە فۆرمی(٢/أ)

فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(٦)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٣) لە فۆرمی(٢/ب)

٤.ئایا هیچ ڕۆڵێکی وێنە لە خستنەڕووی وانەکە بەدیدەکەیت؟


فۆرمی ژمارە٢/أ




چارتی ژمارە(٧)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٤) لە فۆرمی(٢/أ)

فۆرمی ژمارە٢/ب





چارتی ژمارە(٨)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٤) لە فۆرمی(٢/ب)


٥.ئایا بوونی وێنە کاریگەریی دەبێت لەئاستی درکپێکردنت بۆ وانەکان؟

فۆرمی ژمارە٢/ا




چارتی ژمارە(٩)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٥) لە فۆرمی(٢/ا)


فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(١٠)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٥) لە فۆرمی(٢/ب)


٦.ئایا هیچ ڕۆڵێکی دەق لە خستنەڕووی وانەکاندا بەدیدەکەیت؟

فۆرمی ژمارە٢/ا




چارتی ژمارە(١١)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٦) لە فۆرمی(٢/ا)

فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(١٢)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٦) لە فۆرمی(٢/ب)

٧.ئایا بوونی دەق کاریگەریی دەبێت لەئاستی درکپێکردنت بۆ وانەکان؟

فۆرمی ژمارە٢/ا      فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(١٣)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٧) لە فۆرمی(٢/ا)





چارتی ژمارە(١٤)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٧) لە فۆرمی(٢/ب)

٨.ئایا بەگۆڕانی دەوروبەر(بەشداربووانی ئاخاوتن و پەیوەندییان)، (دووری و نزیکیی بەشداربووان لە یەکتری) گۆڕان لە واتاکاندا بەدیدەکرێت؟

فۆرمی ژمارە٢/ا      فۆرمی ژمارە٢/ب





چارتی ژمارە(١٥)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٨) لە فۆرمی(٢/ا)




چارتی ژمارە(١٦)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٨) لە فۆرمی(٢/ب)

٩. ئایا دەوروبەر كاریگەریی هەیە لەسەر واتا و چەمك بەنموونە(/ەكە/)؟

فۆرمی ژمارە٢/أ




چارتی ژمارە(١٧)
ڕێژەی وەڵامەكان بۆ پرسیاری(٩) لە فۆرمی(٢/أ)

فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(١٨)
ڕێژەی وەڵامەكان بۆ پرسیاری(٩) لە فۆرمی(٢/ب)

١٠.ئایا ئاوازەی دەربڕین كاریگەریی هەیە لەسەر واتا و چەمك بەنموونە(/ەكە/)؟

فۆرمی ژمارە٢/أ




چارتی ژمارە(١٩)
ڕێژەی وەڵامەكان بۆ پرسیاری(١٠) لە فۆرمی(٢/أ)

فۆرمی ژمارە٢/ب




چارتی ژمارە(٢٠)
ڕێژەی وەڵامەكان بۆ پرسیاری(١٠) لە فۆرمی(٢/ب)

### ٣/٣-٣) یەکەی فەرهەنگی و شاوەچەی فرەواتاکان

کاتێک سیمانتیکی درکپێکردن، یەکە واتاییەکان وەک یەکەی چەمکی دەکات بە دوو جۆر؛ ڕێزمانی و فەرهەنگی، هەروەک (ەکە ) مان وەک هەڵگری چەمک لە یەکە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی خستەبەرباسولێکۆڵینەوە، بۆ خستنەڕووی (یەکە) فەرهەنگییەکانیش خانە مان هەڵبژاردووە، وەکو دانەیەکی چالاک و فرەڕەهەندی زمانی کوردی.

#### ٣/٣-٣-١) (خانە) لە پرۆگرامی خوێندن و درکپێکردنی قوتابییان:

پەیوەست بە بنەما و ڕەهەندەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، هیچ وانەیەک لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی قۆناغەکانی (بازنەی سێیەمی بنەڕەتی و ئامادەیی)دا، لە بابەت چەمک و واتای پۆلەکاتیگۆرییەکان، بەدی ناکرێت، ئەوەی سەرنج دەدرێت؛ چەند بابەتێک، کە تەنها بریتین لە پۆلکردنی یەکەکان لە بنەمای ڕێزمانییەوە، یەکەی (واتایی) خانە لە پەرتووکەکانی خوێندنی زمانی کوردی دوای گەڕانێکی وردی لێکۆڵەر، لە هیچ وانەیەکدا بەدی نەکرا.

لەمیانەی فۆرمی پرسیارنامەی ژمارە(١/٣)وە (١٠)پرسیار بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی درکپێکردنیان لە میانەی پرۆگرامی بەردەست بۆ چەمکە زمانییەکان، کە ڕێبازی درکپێکردن جەختیان لێ دەکاتەوە ئاراستەی قوتابیان کرا، کە ئەم پرسیارانەی خوارەوەبوون :

١.ئایا واژەکان خاوەن واتایەکی فەرهەنگیی جێگیر و نەگۆڕن؟
٢.ئایا دەشێ پەیپێبردن و گۆشەنیگای جیاواز واتای جیاواز بە هەمان واژە بدات؟
٣.ئایا بوونی وێنە کاریگەریی دەبێت لە ئاستی درکپێکردنت بۆ واتای واژەکان؟
٤.ئایا لە میانەی دەقی جیاوازدا، دەشێت واتای واژەیەک جیاواز بێت؟
٥.ئایا بوونی دەق کاریگەریی دەبێت لەئاستی درکپێکردنت بۆ واتا و چەمکی واژەکان؟
٦.ئایا پیشە و بواری ئاخاوتن واتای جیاواز لە واژەکاندا دەهێنێتەئارا؟
٧.ئایا هەر واژەیەک تەنها لە یەک پۆلی چەمکی ئەندام دەبێت؟
٨.ئایا واژەیەک دەشێت لە پۆلێکی چەمکی پتر ئەندام بێت؟
٩.ئایا بەگۆڕانی دروستە(واژەی پێش و دوای خۆی)واتای واژە دەگۆڕێت؟
١٠.ئایا واتا جیاوازەکانی واژەیەک لە چەمکێکدا کۆدەبنەوە؟

قوتابییان(٣)هەڵبژاردەیان لەبەردەمدابوو:(بەڵێ ، نەخێر، نازانم)، وەڵامی پرسیارەکان لە خشتەی ژمارە(٣) خراوەتەڕوو:

| ژمارەی پرسیار | وەڵامەکان | | |
| --- | --- | --- | --- |
| | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
| ١ | ٢٩ | ٣ | ٠ |
| ٢ | ٣ | ٢٩ | ٠ |
| ٣ | ٣ | ٢٨ | ١ |
| ٤ | ٤ | ٢٥ | ٣ |
| ٥ | ٤ | ٢٤ | ٤ |
| ٦ | ٠ | ٣٢ | ٠ |
| ٧ | ٣٠ | ٠ | ٢ |
| ٨ | ٠ | ٣٠ | ٢ |
| ٩ | ٢ | ٢٨ | ٢ |
| ١٠ | ١٤ | ١٣ | ٥ |


**خشتە ژمارە(٣) وەڵامی قوتابییان بۆ پرسیارەکانی فۆرمی(٣/١)**

### ٣/٣-٣-٢) وانەی درکپێکردنانە و درکپێکردنی قوتابیان:

**ا)داڕشتن و گوتنەوەی وانە:**

ئەم وانەیە، پەیوەست بە چەمک و ڕەهەندەکانی فرەواتایی و شاوەچە و کایەکانی بەکارهێنان و بەچەمککردنەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانی کوردیدا، کە لە وەڵامەکانی تەوەری دووەمی فۆرمی پرسیارنامەی ژمارە(١) ەوە هەڵێنجراون، وەکو وانەی فێرکردن، بەتێڕوانین و گۆشەنیگایەک، کە لە سیمانتیکی درکپێکردنەوە سەرچاوەیگرتووە داڕێژراوە ، لەمیانەی دوو وانەدا بەقوتابییان گوترایەوە:

**١ ناونیشانی وانە: واژە و واتا**



**وێنەی ژمارە(٥) خانەیەکی کۆن، لە یوتیوب وەرگیراوە.**

**"خانە"**

**لە کۆنی کوردەواریدا، لەنزیک بازاڕی شارەکاندا بینای گەورە هەبوون، پێیان دەگوترا"خانە"، ئەم خانانە لە دوو نهۆم پێکهاتبوون، ڕێبواران کە لە دەرەوەی شار دەهاتن و دەمانەوە، خانە شوێنی خۆیان و وڵاغەکانیان بوو، وڵاغەکانیان لە نهۆمی خوارەوەدا دەبەستەوە و نهۆمی سەرەوەش شوێنی پشوودان و مانەوەی خۆیان بووە.**

**٢** ئەم دەقە، کە لەژێر ناونیشانی"خانە" نووسراوە، باس لە وێنەکەی سەرەوەی خۆی دەکات، وەک هەر ئاخاوتنێکی تر لە کۆمەڵێک واژە/یەکەی چەمکی پێک هاتووە؛ لە...دا، کۆن، ی، کوردەواری،...خانە،...هتد.

واژەکان چین؟

**واژەکان بریتین: لە کەرەستەی بنەڕەتی چەمکی و پێکهێنەری ئاخاوتن و زمانن.**

## **٣** پۆلێن و جۆری واژەکانی[1] زمان بەپێی واتا:

واژەکان لە چەندێتیی هەڵگرتنی واتادا چوونیەک نین و دەبن بە سێ جۆر:

١.پڕ واتا: وشە فەرهەنگییەکانن، کەخاوەن واتا و چەمکێکی هۆشەکیی تەواون، نموونە؛ دار، دارستان، شێر، دەریا،....

٢.واتادار: واتایەکی دیاریکراو دەگەیەنن، بەڵام ئاخێوەرانی زمان بەتەنیا بەکاری ناهێنن، زمانەوانان پێیان وایە ئەم کەرەستانە لە بنەڕەتدا وەک کەرەستەیەکی پرواتا لەلایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بەکارهاتوون، بەڵام گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و واتاکەیان کاڵ بۆتەوە: وشەی (/کوردستان/) لە دوو بەش پێکهاتووە؛(/کورد/)+(/ستان/)

[ستان] یەکەیەکی واتاداری زمانە، چەمکی نیشتمان دەگەیەنێت:

---


[1] ا-زاراوەی "واژە" وەک ناونیشان بۆ پۆلی فراوانی یەکەکان(پرواتا، واتادار، هەڵگری واتا)لە بواری واتا و لە بواری دروستەی ڕێزمانیش (وشە، لاگر،...)بەکارهاتووە.

ب-لەم بەشەدا، چ زاراوەکان چ خستنەڕووەکان دووبارەدەبنەوە، بەوەی وەک لە(١/٣)ئاماژەمان بە ڕێبازی بەستنەوەی(تیۆر) و (پراکتیک) هەنگاونان و گەڕانەوەیە، ئامانجی ئەم بەشەش بەکارهێنانەوەی هەمان زانیارییە دەستهاتووەکانی بەشەکانی یەکەم و دووەمە لە داڕشتنەوەی پرۆگرامێکی فێرکردن، پەیوەست بە خودی ئەم زانیارییە دەستهاتووانە لە میانەی شیکاری تیۆرییەکاندا.

کوردستان= نیشتمانی کورد، تورکمەنستان–نیشتمانی تورکمان،... .

بەڵام وەک دروستە بەتەنیا دەرنابڕدرێت و دەچێتەسەر کۆتایی یەکەیەکی پڕواتا، ئەمەش لە ڕێزمانی دروستەکاری پێی دەگوترێت(پاشگر).

٣.هەڵگری واتا: خۆیان خاوەن واتای تەواو نین، وەکو ئامرازەکانی پەیوەندی و دانەپاڵ، بەڵام هەڵگری جۆرێک لە چەمکن و و واژەیەکی تر سنووردار دەکەن.




**نەخشە ژمارە(٣) پۆلکردنی واژەکانی زمانی کوردی بەپێی واتا**

## ٤ بنەڕەت و فرەواتایی و شاوەچەی چەمکی:

دەشێت واژەکان، کە لە بنەڕەتدا یەکەی فەرهەنگیی زمانن و واتایەک دەگەیەنن، دواتر بەمەبەستی تر بەکاربهێنرێن و چەند واتایەکی جیاواز بگەیەنن، بەپێی بابەت و مەبەست یان دەوروبەر واتای جیاواز بگەیەنن و لەهەر دەوروبەرێکدا، واتایەکی واژەکە پەیپێ ببردرێت و وەک شاوەچەی نێو فرەواتاکان بەدی بکرێت، بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا چەمکێکی هاوبەش کۆیان بکاتەوە. بۆ ئەم بابەتە نموونە بە واژەی 'خانە' دەهێنینەوە.

### ١ خانە وەک یەکەی پڕواتا:

١. خانە وەک لە دەقی سەرەوەدا هاتووە، وەک وشەیەکی پڕ واتا لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا، وەکو ناو بۆ شوێنێک بەکارهاتووە.

٢. لە ئاخاوتنی ئێستای (زمانی کوردی–زاری ناوەڕاست) هەمبەر بە واژەی ناوەند بەکاردەهێنرێت:

خانەی فەرهەنگی، خانەی نەوجەوانان، خانەی بێسەرپەرشتان، ... .


٣. لە کۆمەڵێک بواری تری ئاخاوتنی زمانی کوردیشدا، وەکو ناو بۆ چەمکی دیاریکراو بەکاردێت:

ا-خانەکانی یەکان و دەیان و ...لە بیرکاریدا، نموونە ژمارە(٢٠١٥)لەم خانانەی خوارەوە پێک هاتووە:

| خانەی هەزاران | خانەی سەدان | خانەی دەیان | خانەی یەکان |
|---|---|---|---|
| ٢ | ٠ | ١ | ٥ |

**خشتەی ژمارە(٤) خانەی ژمارەکان**

ب-"خانە" لە زیندەزانیدا، وەک وەک زاراوەیەکی زانستی بۆ "یەکەی بنچینەیی پێکهاتنی ماددە" بەکاردێت.




**وێنە ژمارە(٦) خانەیەکی زیندەوەران**

ت-خانە لای پێشمەرگە و پێشەی فیتەری، واتای چاڵ دەگەیەنێت(هێلێکی قووڵ لە کانزادا؛ وەک خانەی تۆپی تفەنگ).

خ-خانە وەک سنووری جیاکردنەوەی بەشەکانی ناو پۆلێک: سەوزەفرۆش تەختەکەی دەکات بە چەند خانەیەک، خانەی تەماتە، خانەی بیبەر،خانەی... .

چ-خانە وەک ئاست: تیپە وەرزشییەکان بەپێی پلەیان بەسەر چەند خانەیەکدا دابەش دەکرێن: خانەی تیپە پلە یەکەکان،...

**وشەی (/خانە/) بەپێی بوار و پسپۆریی بەکارهێنانی واتای جیاواز دەگەیەنێت.**

ب [خانە] وەک پاشگر:

"خانە" وەک یەکەیەکی هەڵگری واتا، دەچێتە دوای ناو و چەمکی جۆراوجۆر دەگەیەنێت:

١.شوێنی دانان'خانە' لەگەڵ 'کتێب' ← کتێبخانە



**وێنە ژمارە(٧) کتێبخانەیەک**

٢.شوێنی دەستکەوتن و خوێندنەوە 'خانە' لەگەڵ 'کتێب' ← کتێبخانە

'خانە' لەگەڵ 'فەرهەنگ' ← فەرهەنگخانە

٣.شوێنی ئامادەکردن 'خانە' لەگەڵ 'چایە' ← چایەخانە

'خانە' لەگەڵ ' قاوە ' ← قاوەخانە



**وێنەی ژمارە(٨) قاوەخانەی مەچکۆ لە شاری هەولێر**

٤.شوێنی ئەنجامدان 'خانە' لەگەڵ ' کار ' ← کار خانە

' سەما ' لەگەڵ 'خانە' ← سەماخانە

٥. کارگە 'خانە' لەگەڵ ' شیرینی ' ← شیرینی خانە

'دارتاش' لەگەڵ 'خانە' ← دارتاشخانە

٦. شوێنی تێ هەڵسوون 'خم' لەگەڵ 'خانە' ← خمخانە

٧.' پەرژین جام ' لەگەڵ 'خانە' ← جامخانە

٨. جارِ ' گوڵ ' لەگەڵ 'خانە' ← گوڵخانە

٩. شوێنی پیشاندان ' مۆزە ' لەگەڵ 'خانە' ← مۆزە خانە

'عەنتیکە ' لەگەڵ 'خانە' ← عەنتیکە خانە

١٠.پڕشنگدانەوە' چرا ' لەگەڵ 'خانە' ← چرا خانە

١١.شوێنی پاراستن ' ئەدەب ' لەگەڵ 'خانە' ← ئەدەب خانە

١٢.نووسینگە: سەفارەت ، کونسوڵ + خانە←سەفارەتخانە، کونسولخانە

**پاشگری خانە لەمیانەی پەیوەندیی تەکنشینی و کارلێکی دروستە/هاوڕێیەتی لەگەڵ وشەکەی لەگەڵیدا دێت، واتای جیاواز دەگەیەنێت.**

### پ "خانە" وەک چەمکی "میتافۆری":

میتافۆر ئەوەیە چەمکی توخمێکی زمانی لەمیانەی پێکەڵبوونی ڕوویکییەوە لەگەڵیدا، بۆ کەرەستە یان کایەیەکی تر دەخواسترێت.

ا-چەمکی [خانە] ، کە لەسەرەتادا'وەک لەسەرەتادا ئاماژەی پێکرا' بۆ خانوو(جۆرێک خانوو) بەکارهاتووە، دواتر ئەم چەمکە بەخواستراوی دراوەتە پاڵ کەسێک زۆر باری شانی خۆی گران بکات و پێی گوتراوە"خانە بەکۆڵ".

ب-چەمکی [خانە] بە واتای چاڵ بۆ مرۆڤ'مرۆڤی چەقاوەسوو' بەکاردەهێنرێت؛((خانەی نەماوە، لووس بووە)).

تۆپی تفەنگ"پێکهاتەیەکی کانزایە، بەهۆی بوونی چاڵ بەشێوەیەکی گونجاو دەجولێت" نەمانی خانە"چاڵ" وادەکات بەناڕێکی بجوولێت:


تۆپی تفەنگ [+ئاسن +چاڵ +جولەی ڕێک و پێک ]

پیاوی چەقاوەسوو [+گۆشت و خوێن +چاڵ +جولە= (ئاکار)ی ڕێک و پێک ]

ئەم سیمای [+چاڵ] وەکو ڕێگر لە جوولەی ناڕێک لەنێوان مرۆڤ وئاسندا، هەمان دەرەنجام، کە دەبێتە هۆی نەمانی ڕێک و پێکی و جولەی لەخۆوە لەهەردووکیاندا، وایکردووە چەمکی نەمانی خانە لە کانزاوە بۆ مرۆڤ بخوازرێت.

### ت شاوەچە و یەکگرتنەوەی فرەواتاکانی [خانە]:

لەگەڵ ئەوەی واژەی خانە واتا و چەمکی جۆراوجۆری وەرگرتووە،بەڵام هەر چەمکێک بەپێی بوار و مەبەستێک واتایەکی جیاواز دەگەیەنێت و دەبێت بەشاوەچە و لێکدانەوەی هەیە، کە لەچەمکەکانی تر هەڵە دەبێت، وەک لە نەخشەی ژمارە(٤) خراوەتەڕوو:




**نەخشە ژمارە(٤) فرەیی و یەکگرتنەوەی چەمکی [خانە]**

بۆمان دەردەکەوێت یەکەی (خانە) لە بنەڕەتدا، یەکەیەکی پڕواتایە، بەڵام بە کاریگەریی دەوروبەر و ئاستی کۆزانینی ئاخێوەران، پەیپێبردن و درکپێکردن بۆ چەمکەکەی دینامیکییانەیە و هەروەک لە فەرهەنگی ئێستای زمانی کوردیدا، بەکارهێنانی تری هەیە، دەشێ لەداهاتووشدا چ سەربەخۆ بە واتای تر بەکاربێت و چ لەگەڵ واژەی تر وشەی تری نوێ بێنێتەئارا.

## ج چالاکی و ڕاهێنان

(١)لەم دەقەی خوارەوەدا، واژە هێڵ بەژێرداهاتووەکان بەپێی واتا جیابکەوە:

مێشک ئەندامێکی هەرە گرنگی جەستەی مرۆڤە، لە سەدان هەزار خانە پێک دێت. پێویستە هەرکەسێک خۆی لە بەرهەمەکانی ئەم سەرمایەیە بێ دەستهات نەکات و مێشکی خۆی بەکاربێنێت، پاراستنیشی لە هەر زەبرێک پێویستە، چونکە لەدەستدانی هەر بەشێکی ئەستەمە بەدەست بهێنرێتەوە.

| واژە | جۆرەکەی |
|---|---|
| مێشک | پڕواتا |
| لە | هەڵگری واتا |
| خانە | پڕواتا |
| ەوە | واتادار |

(٢)واژەیەک بهێنەوە کە لە دوو ڕستەدا، چەمکی جیاواز بگەیەنن:

وەڵام:

وشەی (نان):

١. دەچمە لای نانەوا، چوار [نان] دەکڕم.

٢.دەچمە چێشتخانەیەک، [نان] دەخۆم.

٣-[نان] هەوە ئەمڕۆ لەخوانە.

(٣)هەریەک لەم زاراوانە بە کورتی ڕوون بکەوە:

فرەواتا: خاوەن واتای جیاواز.

شاوەچە: ئەو یەکەیەی مرۆڤ لەناو پۆلەکەیدا، پەیپێ دەبات.

لاگر: یەکەی خاوەن واتا، کە بەتەنیا لە ڕستەدا نایەت، بەڵکو بەلایەکی یەکەیەکی تری پڕواتاوە دەنووسێت.

## ب)فۆرمی پرسیارنامە و درکپێکردنی قوتابیان:

فۆرمی پرسیارنامەی ژمارە (٣/ب) بە قوتابییان درا، کە هەمان ئەو پرسیارانەی لەخۆدەگرت، کە لە فۆرمی (٣/أ)دا، هاتببون، تەنها شاپرسیاری(ئایا لە میانەی خوێندنی وانەکانت، پەیوەست بە پرۆگرامی خوێندن...) کرا بە (ئایا لەم وانەیەدا فێربوویت...).

سێ هەڵبژاردە لەبەردەم قوتابییاندا بوو: (بەڵێ ، نەخێر، نازانم) و وەڵامی قوتابییان لە خشتەی ژمارە(٥) خراونەتەڕوو:


| ژمارەی پرسیار | وەڵامەکان | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | نازانم |
| ١ | ٤ | ٢٨ | ٠ |
| ٢ | ٢٩ | ٢ | ١ |
| ٣ | ٢٧ | ٥ | ٠ |
| ٤ | ٢٧ | ٣ | ٢ |
| ٥ | ٢٨ | ٣ | ١ |
| ٦ | ٢٩ | ٢ | ١ |
| ٧ | ٢ | ٢٩ | ١ |
| ٨ | ٢٧ | ٥ | ٠ |
| ٩ | ٢٧ | ٤ | ١ |
| ١٠ | ٢٥ | ٦ | ١ |

**خشتە ژمارە(٥) وەڵامی قوتابییان بۆ پرسیارەکانی فۆرمی (٣/ب)**

### ٣/٣-٣-٣) بەراوردکردنی درکپێکردنی قوتابیان لە نێوان هەردوو فۆرمدا:


١.ئایا واژەکان خاوەن واتایەکی فەرهەنگیی جێگیر و نەگۆڕن؟

فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٢١)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١) لە فۆرمی(٣/ا)


فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٢٢)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١) لە فۆرمی(٣/ب)


٢.ئایا دەشێ پەیپێبردن و گۆشەنیگای جیاواز واتای جیاواز بە هەمان واژە بدات؟

فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٢٣)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١) لە فۆرمی(٣/ا)

فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٢٤)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١) لە فۆرمی(٣/ب)

٣.ئایا بوونی وێنە کاریگەریی دەبێت لە ئاستی درکپێکردنت بۆ واتای واژەکان؟


فۆرمی ژمارە٣/أ




چارتی ژمارە(٢٥)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٣) لە فۆرمی(٣/أ)

فۆرمی ژمارە٣/ب





چارتی ژمارە(٢٦)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٣) لە فۆرمی(٣/ب)

٤.ئایا لە میانەی دەقی جیاوازدا، دەشێت واتای واژەیەک جیاواز بێت؟


فۆرمی ژمارە٣/أ




چارتی ژمارە(٢٧)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٤) لە فۆرمی(٣/أ)

فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٢٨)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٤) لە فۆرمی(٣/ب)


٥.ئایا بوونی دەق کاریگەریی دەبێت لەئاستی درکپێکردنت بۆ واتا و چەمکی واژەکان؟

فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٢٩)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٥) لە فۆرمی(٣/ا)


فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٣٠)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٥) لە فۆرمی(٣/ب)


٦.ئایا پیشە و بواری ئاخاوتن واتای جیاواز لە واژەکاندا دەهێنێتەئارا؟

فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٣١)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٦) لە فۆرمی(٣/ا)


فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٣٢)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٦) لە فۆرمی(٣/ب)

٧.ئایا هەر واژەیەک تەنها لە یەک پۆلی چەمکی ئەندام دەبێت؟

فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٣٣)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٧) لە فۆرمی(٣/ا)


فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٣٤)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٧) لە فۆرمی(٣/ب)


٨.ئایا واژەیەک دەشێت لە پۆلێکی چەمکی پتر ئەندام بێت؟

فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٣٥)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٨) لە فۆرمی(٣/ا)

فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٣٦)
ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٨) لە فۆرمی(٣/ب)

٩.ئایا بەگۆڕانی دروستە(واژەی پێش و دوای خۆی)واتای واژە دەگۆڕێت؟


فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٣٧)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٩) لە فۆرمی(٣/ا)

فۆرمی ژمارە٣/ب





چارتی ژمارە(٣٨)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(٩) لە فۆرمی(٣/ب)

١٠.ئایا واتا جیاوازەکانی واژەیەک لە چەمکێکدا کۆدەبنەوە؟


فۆرمی ژمارە٣/ا




چارتی ژمارە(٣٩)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١٠) لە فۆرمی(٣/ا)

فۆرمی ژمارە٣/ب




چارتی ژمارە(٤٠)

ڕێژەی وەڵامەکان بۆ پرسیاری(١٠) لە فۆرمی(٣/ب)

**سەرنج:**

بەراوردی وەڵامەکانی(ا) و (ب) ی فۆرمەکان (٢) و (٣)ئەوەمان پیشان دەدات:

١- داڕشتنەوەی وانەکانی پرۆگرامەکانی فێرکردنی زمانی کوردی بەپێی قوتابخانەی درکپێکردن، درکپێکردنی قوتابیان بە ڕێژەیەکی بەرز دەگۆڕێت، وەک جیاوازیی

نمرەی کاتیگۆرییەکان، لە نێوان هەر وەچەفۆرمێک، چ(١/٢) و (٢/ب)، چ(١/٣) و (٣/ب)دا، بەشێوەیەکی بەرز، سەرنج دەدرێت.

٢- درکپێکردنی قوتابیان لە هەردوو قۆناغدا، لە ئەنجامی پرۆگرامی بەردەست، جەختکردنەوەیە لەسەر جێگیری و دەرکەوتنی کاتیگۆریی شانوێن و لە پەراوێزدابوونی وەچەکاتیگۆرییەکانی تر.

